هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان

سکوڵی زمان/ بەشی کوردی

# واتاسازیی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە

# لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

**بەشدار محەمەد ئیبراهیم**

پێشکەشی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو

بەشێکە لەپێویستییەکانی پلەی ماستەر لەزمانی کوردیدا

**بە سەرپەرشتیی:**

**پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد**

**٢٧١٤ کوردیی** **٢٠١٤ی زایینی**

ئــەم نامەیــە بەسەرپەرشــتیی مــن لــەزانکۆی ســلێمانی ئامــادەکراوەو بەشــێکە لەپێویستییەکانی پلەی ماستەر لەزمانی کوردیدا.

**ناو: پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد**

**ڕۆژ: / /٢٠١٤**

**بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو: د. کاروان عمر قادر**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**ڕۆژ: / /٢٠١٤**

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی وتووێژو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك‌و لایەنەکانی تری کرد، بڕیارماندا: کەشایانی ئەوەیە بەپلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لەزمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ. د. فاروق عمر صدیق
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ١٧ / ١١ / ٢٠١٤

ناو: پ. د. فەرەیدون عەبدول محەمەد
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ١٧ / ١١ / ٢٠١٤

ناو: د. عبد الجبار مصطفی معروف
ئەندام
ڕۆژ: ١٧ / ١١ / ٢٠١٤

ناو: د. ئاڤێستا کەمال محمود
ئەندام
ڕۆژ: ١٧ / ١١ / ٢٠١٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: د. کاوان عوسمان عارف
سەروکی سکوڵی زمان
ڕۆژ: / / ٢٠١٤

# ئەم نامەیە پێشکەشەبە:

- دایوبـــاب و خوشـــك و بـــرا و خزمـــوخێش و دەروجـــیران.... دۆست وئـاشنا.
- هاوسەر و جگەرگۆشە شیرینەکەم.
- هــەموو ئــەو مامۆســتایانەی کــە لــە ( ئــەلفبێ )یەکــەی ( ئیــبراهیم ئــەمین باڵــدار ) ەوە هــەتا ئێســتا فێریــانکردووم و فێرمدەکــەن لە داهاتوودا.

# سوپاس و پێزانین

- سوپاسێکی بێ پایان بۆ مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم (**د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی**) کە ماندونەناسانە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی منی لە ئەستۆ گرت لێبڕاوانە ڕێنوێنی کردم تا نامەکە هاتە بەرهەم.
- پێزانین و ئەمەك دەنوێنم بۆ مامۆستای دڵسۆز و بەڕێزم (**د. بەکر عومەر عەلی**) کە دڵسۆزانە لەکاتی پێویستییدا بە هانامەوە هاتووە وهاوکاری کردووم.
- سوپاسی نەبڕاوەم بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لە هەردوو قۆناغی(بەکالۆریۆس و ماستەر)دا فێریانکردم، و هاوکارو یارمەتیدەرم بوون، بە تایبەت (**د. محەمەدی مەحویی و د. فاروق عومەر صدیق و د. ابوبکر عومەر قادر و د. هۆگر مەحمود کریم**) لە ڕێنمایەکانیان سوونـد مەند بووم.
- سوپاس بۆ ڕێنمایەکانی مامۆستای بەڕێزو خۆشەویست (**د. صەباح ڕەشید قادر**)، کە کە هەرگیز دەستی نەنا بە ڕوومەوە تەنانەت لە کاتی سەرقاڵیشدا.
- سوپاسی زۆرم بۆ ئەو مامۆستایانەی کە بەردەوام هانیان داوم بەردەوام بم لە خوێندن، ئامۆژگاریەکانیان بەردەوام لە گوێمدایە، بە تایبەت مامۆستای بەڕێزم (**د. عەلی تاهر بەرزنجی**) ، سوپاس بۆ (**د. شێرکۆ محەمەد ئەمین**) کە یارمەتیدام لە پەیداکردنی سەرچاوەکاندا.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستا و هاوڕێ و دۆست و ئاشنایانەی کە لە پەیداکرن و بەدەستخستن و وەرگێڕانی سەرچاوەکاندا هاوکار و یارمەتیدەرم بوون، بە هاوکاریەکانیان توێژینەوەکە بە ئەنجام گەیشت، بەتایبەت تەواوی ئەو هاوڕێ خوێنکارانەی ئەم قۆناغەی خوێندنم.
- سوپاس بۆ هاوکاریەکانی ڕاگرایەتی سکوڵی زمان و سەرۆکایەتی بەشی کوردیی و یەکەی خوێندنی باڵای سکوڵی زمان.
- سوپاس بۆ هەرکەسێك کە یارمەتی داوم ئەگەر بەتەنها وشەیەکیش بێت.

# لیستی هێماو کورتکراوەکان

| هێما | لێکدانەوە |
|---|---|
| [+/ −] | نرخی ( سیمای واتای) |
| X , Y , Z، س،ص،ع | گۆڕاو (چەمکیی / فۆرمی)ەکان |
| ⟵ | دەبێتە |
| < > | نیشانەکاری سیمانتیکی |
| [ ] | نیشانە جیاکەرەوەکان |
| ڕ | ڕستە |
| ف.ن | فرێزی ناوی |
| ف.ك | فرێزی کاری |
| ن. | ناو |
| ك. | کار |
| ج. | جێناو |
| Pro | بابەتی سڕاوە |
| * | نیشانەی ناڕێزمانیی |
| ? | نیشانەی ڕستەی ناوێزەی سیمانتیکیی |
| با | بابەت |
| با/ جێ | بابەتی جێگیر |
| تاق | تاقیکەرەوە |
| سو/ وەر | سوود وەرگر |
| شو | شوێن |
| بك | بکەر |
| ca | هۆ–دەربڕ |

# ناوەرۆك

**بابەت** **لاپەڕە**

پێشەكیی ............................................ ٢

**بەشی یەكەم :**

**پاری یەكەم: تێڕامانێكی گشتیی لە ( زانستی واتا )**

**لە ڕوانگەی لێكۆڵینەوە سیمانتیكی یە نوێ یەكانەوە.................. ٥**

١ / ١ . ١ . واتا و ڕەهەندە ئاڵۆزەكانی.................................. ٦

١ / ١ . ٢ . فرەواتایی واتا لە واتاسازییدا .................................. ٧

١ / ١ . ٣ . واتای وشەو واتای ڕستە ................................. ١٣

١ / ١ . ٤ . پەیوەندی سیمانتیك بە سینتاكسەوە ........................... ١٧

١ / ١ . ٥ . ئەو تەوەرانەی كە سیمانتیك پشتیان پێدەبەستێت

لە لێكدانەوەی واتای ڕستەدا ................................. ١٨

١ / ١ . ٦. ئەركەكانی سیمانتیك/ زانستی واتا لێكدانەوە.......................... ٢٠

**پاری دووەم : پاشخانە فەلسەفیی و لۆجیكییەكانی پشت**

**تیۆرە سیمانتیكییە شێوازبەندەكان ................................. ٢١**

١ / ٢ . ١ . واتاسازیی لە فەلسەفە كۆنەكاندا .................................٢٢

١ / ٢ . ١ . ١ . واتاسازیی لای گریكییە كۆنەكان ................................ ٢٢

١ / ٢ . ١ . ٢ . واتاسازیی لای زمانەوانانی هیندیی كۆن ............................ ٢٣

١ / ٢ . ١ . ٣ . واتاسازیی لە سەدەكانی ناوەڕستدا ............................ ٢٤

١ / ٢ . ٢. لۆژیكی سەدەی نۆزدەهەم ........................................ ٢٦

١ / ٢ . ٢ . ١ . لۆژیكی بیركاری لای (جۆرج بوولّ) و (دی مۆرگان) ...................... ٢٦

١ / ٢ . ٢ . ٢ . لۆژیكی فریگەیی(Fregean logic) ................................ ٢٧

١ / ٢ . ٣ . گەشە و سەرهەڵدانی واتاسازیی وەك زانست ............................ ٢٩

١ / ٢ . ٣ . ١ . قۆناغی گەشەكردن(مێژوویی) ................................. ٢٩

١ / ٢ . ٣ . ٢ . قۆناغی ڕێزمانی دروستەكاری ................................. ٣٠

١ / ٢ . ٣ . ٣ . قۆناغی کلاسیکی چۆمسکیی.......................... ٣١

**بەشی دووهەم :**

**پاری یەکەم : سیمانتیکیی لێکدانەوە** .................................. ٣٥
٢ / ١ . ١ . کورتەیەك لەبارەی سەرهەڵدانی تیۆرەکە ........................... ٣٦
٢ / ١ . ٢ . بیرۆکە و ئامانجە بنەڕەتیە کانی تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوە ............... ٣٧
٢ / ١ . ٣ . پرنسیپە تیۆریەکانی سیمانتیکی لێکدانەوە.......................... ٤٠
٢ / ١ . ٤ . بنەمای لۆجیکیی پێکهێنانەوەیی(Compositionality) لەم تیۆرەدا ........ ٤٦
٢ / ١ . ٤ . ١ . بنەماکانی دیاریکردنی لێکدانەوەی سیمانتیکیی بۆ ڕستە ................٤٧
٢ / ١ . ٤ . ١ . ١ . زانیاریە لێکسیکیەکانی ناو فەرهەنگ.......................... ٤٧
٢ / ١ . ٤ . ١ . ٢ . زانیاریی سینتاکسیی پێویست ............................ ٤٨
٢ / ١ . ٤ . ١ . ٣ . پەیوەندییە ڕێزمانییەکان................................ ٤٩
٢ / ١ . ٥ . قۆناغەکانی سیمانتیکی لێکدانەوە ................................ ٥١
٢ / ١ . ٥ . ١ . سیمانتیکی لێکدانەوە لە تیۆری ستاندارد دا.......................... ٥١
٢ / ١ . ٥ . ٢ . سیمانتیکی لێکدانەوە لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا دا................ ٥٧
٢ / ١ . ٥ . ٣ . سیمانتیکی لێکدانەوە لە تیۆری ستانداردی فراوانکراوی هەموارکراودا ..... ٦١
**پاری دووم : بە گشتیی ئەو ڕەخنانەی ئەم تیۆرە ڕووبەڕوویان بووەتەوە**................. ٦٥

**بەشی سێیەم :**

**پاری یەکەم : سیمانتیکیی بەرهەمهێنان :** .............................٧٦
٣ / ١ . ١ . چەمکی "بەرهەمهێنانی واتا".................................٧٧
٣ / ١ . ٢ . کورتەیەك لەبارەی تیۆرەکە.................................... ٧٨
٣ / ١ . ٣ . بیرۆکەو ئامانجە بنەڕەتییەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان ................. ٧٨
٣ / ١ . ٤ . پێکهاتەو میکانیزمی کارکردنی تیۆرەکە .......................... ٨٠
٣ / ١ . ٥ . بنەما تیۆریەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان............................ ٨١
٣ / ١ . ٥ . ١ . دروستەی لۆژیکیی و جۆرەکانی ............................ ٨١
٣ / ١ . ٥ . ٢ . دروستەی ڕووکەش.......................................٨٦
٣ / ١ . ٥ . ٣ . ناوەرۆك ............................................ ٨٦
٣ / ١ . ٥ . ٤ . واتای دەربڕاو ....................................... ٨٧

٣ / ١ . ٦ . پۆلێنی کردار ........................................ ٨٨
٣ / ١ . ٦ . ١ . وردترین جۆری پۆلێنی کردار لە تیۆرەکەدا........................ ٩١
٣ / ١ . ٧ . هەندێك لە مۆدێلەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان........................ ٩٧
٣ / ١ . ٨ . تێڕوانینێکی گشتیی لە ناوێزەیی سیمانتیکی لە هەردوو تیۆرەکەدا.......... ١٠٧
**پاری دووم : بەشێك لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ئەم تیۆرە کراونەتەوە**.................. ١١٣
کورتەو ئەنجام ............................................................... ١١٩
لیستی سەرچاوەکان............................................................. ١٢١
الملخص الرساله ............................................................ ١٢٨
Abstract ................................................................... ١٢٩

# پێشەکی

# پێشەکی

## ناونیشانی نامەکە :

نامەکە بە ناونیشانی (**واتاسازیی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردییدا**) یە، لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە دوو ڕێبازی واتاسازیی نوێباو( واتاسازیی لە زمانەوانی نوێ)دا، کە بەرامبەر یەك دەوستنەوە لە تێڕوانین و بیرو بۆچوونەکانیاندا، یەکێکیان لە ناو ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدایە، ئەوی تریان لەدەرەوەی ڕێزمانەکەیە(بە تێڕوانینی خۆیان). نامەکە هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەم دوو تیۆرەو بیرو بۆچوونەکانیان و گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ کەرەسەکانی زمانی کوردیدا، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردی.

## بوارو سنووری نامەکە :

بە شێوەیەکی گشتی بواری نامەکە مامەڵە کردن و لێکۆڵینەوەیە لە نواندن داڕشتە واتاییەکانی ڕستە، بەڵام زۆرجار پێویستی بە لێکۆڵینەوەی فەرهەنگیی کردووە. لەبەرئەوەی ئەم دوو تیۆرە تا ڕادەیەکی زۆر سەر بە واتاسازی شیوازبەندانە (formal semantics) ن، زۆرتر لێکۆڵینەوەن لە واتای ڕستە، بۆیە هەندێجار پێویستی بە شیکردنەوەی سینتاکسیی و تەنانەت مۆرفۆلۆجیش کردووە.

## گرنگی بابەتی نامەکە :

لەبەر ئەوەی زمان دەنگ و واتایە، بۆیە پێویستی کردووە تیۆرە زمانیەکان تیشك بخەنە سەر ئەو بنەماو یاسایانەی کە دەبنە هۆی بەستنەوەی دەنگ و واتا. لە زمانەوانی نوێباو دا "واتا" بووە بە یەکێك لەو بوارانەی کە زۆرترین گرنگیی پێدەدرێت. واتاسازی نوێباو کەم و زۆر لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، بەڵام ئەوەی هەیە لێکۆڵینەوەی کورت و پوخت و لە چوارچیوەی بوارەکانی تری زماندا باسیان لیوە کراوە. گرنگی نامەکە، زیادکردنی سەرچاوەیەکی ترە بۆ سەر سەرچاوەکانی زمانی کوردی، بەتایبەت لە بواری واتاسازییدا.

## کەرەسەی بەکارهێنراو لە نامەکەدا :

کەرەسەی بەکارهێنراو بریتییە لە زمانی ئاخاوتنی ئێستای قسەپێکەرانی دیالێتی کرمانجی ناوەڕست بە گشتیی، وەچەزاری سلێمانی بەتایبەتیی.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

بەگشتی ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە، چونکە کەرەسەی بەکارهێنراو زمانی ئیستای قسەکەرانە، هەروەها لەبەر ئەوەی باس لە قۆناغێکی مێژووی دیاریکراوی زمانەوانی دەکەین، بۆیە هەندێجار چووینەتە ناو مێژووەوە و ئاوڕێکمان لە گەشەسەندنی مێژوویی واتاسازیی داوەتەوە، لە پێناو ئاشنا کردنی خوێنەر بەو تیۆرو ڕێبازانە.

## گرفتی بەردەم نامەکە:

تاکە گرفتێك لەبەردەم نەسینی نامەکەماندا ئەوەبوو، کە لەکاتی وەرگێڕانی سەرچاوەکاندا ڕووبەڕووی گرفتی ئاڵۆزی زاراوە بەکارهاتووەکان و وەرگێڕانیان بۆ زمانی کوردی، بووین. بۆ ئەوەش پەنامان بردە بەر زاراوە بەکارهاتووەکانی ناو لێکۆڵینەوکانی زمانەوانی نوێباوی لێکۆڵەرانی پێش خۆمان، لەوێشدا تووشی کێشەی هەڵبژاردنی زاراوەکان بووینەوە، چونکە هەر لێکۆڵەرو زمانەوانێك زاراوەی تایبەت بە خۆیان بەکارهێناوە، بۆیە هەندێجار زیاتر لە زاراوەیەکمان بۆ یەك مەبەست بەکارهێناوە.

## ناوەرۆك و بەشەکانی نامەکە:

نامەکە لە پێشکەکیەك و سێ بەش، لەگەڵ ئەنجام، و کورتەی باسەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی پێك هاتووە. هەربەشێك لە بەشەکان لە دوو پار پێکدێت.

لە بەشی یەکەم، پاری یەکەمدا باسمان لە تێڕوانینێکی گشتی بۆ زانستی واتا کردووە لە ڕوانگەی تیۆریە واتاسازییە نوێیەکانەوە، کە ئەویش چەند تەوەرێك دەگرێتەوە، کە بە ڕەهەندە ئاڵۆزەکانی واتا دەستمان پێکردووە، دواتر باسمان لە فرەواتایی واتا کردووە لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە ئەو فرەواتاییەیان دروستکردووە، چەند چەمکێکمان بۆ واتا خستۆتە ڕوو، کە لە زمانەوانی کۆن و نوێدا بەکارهاتوون، لە تەوەرێکی تردا باسمان لە واتای وشەو واتای ڕستە کردووە، دوای ئەوە بە پێویستمان زانی باس لەو لایەنانە بکەین کە واتاسازیی پشتیان پێدەبەستی لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی واتادا، لە کۆتا تەوەری ئەم پارەدا ئەرکەکانی سیمانتیکمان باسکردووە. هەرچی تەوەری دووەمە تایبەتمان کردووە بەو پاشخانە زانستییەی کە لە پشتی تیۆرە واتاییە فۆڕماڵەکانەوەن، کە ئەم دوو تیۆرەی ئێمەش بەشێکن لەوانە، لە ڕۆڵ و کاریگەری فەلسەفە کۆنەکانەوە دەستمان پێکردووە، وەك فەلسەفەی یۆنانی و هیندی و تا دەگاتە سەدەکانی ناوەڕست، لە تەوەری دواتردا کاریگەری لۆجیك و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕستمان لەسەر تیۆرەکان پیشانداوە، دوو نموونەی لۆجیکییمان باسکردووە بە کورتی، کە بریتین لە لۆجیکی (جۆن پۆڵ و دی مۆرگان)، دواتر ڕۆڵ و کاریگەری لۆجیکی (فریگە)مان باسکردووە، لە تەوەری کۆتایی پارەکەدا باسمان لە ڕۆڵی زانستە نوێیەکانی واتاسازیی کردووە، وەکو قۆناغەکانی پێش دروستەکاریی و دروستەکاریی و قۆناغی کلاسیکی چۆمسکی.

بەشی دووەم تایبەتە بە سیمانتیکی لێکدانەوە، لە پاری یەکەمدا باسمان لە سیمانتیکی لێکدانەوە بەگشتیی کردووە، سەرەتا کورتەیەکمان لەبارەی سەرهەڵدانی تیۆرەکە باسکردووە، ئینجا بیرۆکەو ئامانجی تیۆرەکەمان خستۆتەڕوو، دواتر بنەما تیۆریەکانی سیمانتیکی لێکدانەوەمان پیشانداوە، تیشکمان خستۆتە سەر بنەمای "لۆجیکی پێکهێنانەوەیی"، دوای ئەوە بنەماکانی لێکدانەوەی واتای ڕستەمان یەك بەیەك باسکردووە، لە دوا تەوەری ئەم پارەدا ئەو قۆناغانەمان باسکردووە کە سیمانتیکی لێکدانەوەی پێدا تێپەڕیوە. لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا ئەو ڕەخنانەمان باسکردووە کە قۆناغە یەك لەدوای یەکەکانی سیمانتیکی لێکدانەوە ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

بەشی سێیەم تایبەتە بە سیمانتیکی بەرهەمهێنان، لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا سیمانتیکی بەرهەمهێنانمان بە گشتیی باس کردووە، لە تەوەری یەکەمی ئەم پارەدا چەمکی "بەرهەمهێنانی واتا"مان ڕوونکردۆتەوە، دواتر بە کورتی باسمان لە سەرهەڵدانی تیۆرەکە کردووە، بیرۆکەو ئامانجە بنەڕەتیەکانی ئەم ڕێبازە واتاییەمان باسکردووە، ئینجا میکانزمی کارکردنی تیۆرەکەمان خستۆتە ڕوو، پاشان بنەما تیۆریەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنانمان یەکیەك باسکردووە و تیشکمان خستۆتە سەر دروستەی لۆجیکیی و جۆرەکانی، پاش ئەوە یەکێك لە سیما دیارەکانی ئەو تیۆرەمان ڕوونکردۆتەوە کە پۆلێنکردنی کردارە، بۆ ئەو مەبەستە وردترین و تەکنیکی ترین جۆری پۆلێنی کردارمان باسکردووە، بە نموونەی ڕستەی کوردی پاساوماندوەتەوە، لە تەوەرێکی تری ئەو پارەدا چەند مۆدێلکی سەر بەو جۆرە سیمانتیکەمان باسکردووە، لە تەوەری کۆتاییدا باسمان لە "ناوێزەی سیمانتیکیی" لە هەردوو تیۆرەکەدا کردووە، چونکە بابەتێکی گرنگی پێدراوی بەهەند وەرگیراوە، لە هەردوو تیۆرەکەدا. لە پاری کۆتایی بەشی سێیەمدا هەندێ لەو ڕەخنانەمان باسکردووە کە ڕووبەڕووی ئەو تیۆرە کراونەتەوە.

دواتر ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو کە لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا پێی گەیشتووین.

# بەشی یەکەم:

# پاری یەکەم/

## تیڕامانێکی گشتیی لە ( زانستی واتا )

## لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوە سیمانتیکییە نوێیەکانەوە

## ١ / ١ . تێڕامانێکی گشتیی لە ( زانستی واتا )

## لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوە سیمانتیکی یە نوێ یەکانەوە:

### ١ / ١ . ١. واتـاو ڕەهەندە ئـاڵۆزەکانی :

واتا پەیوەست بە زمانەوە زیاتر لە دوو هەزار ساڵە لە لایەن فەیلەسوفەکانەوە گفتووگۆی لەسەر دەکرێت، کۆی ئەو گفتووگۆو لێکۆڵینەوانە لە دەوری پرسیارێکدا خولاونەتەوە، کە ئەویش (پرسیاری واتا چیە؟) یە، ئەگەرچی هەتا ئێستا وەڵامێکی ڕازیکەر بۆ ئەو پرسیارە لەئارادا نیە، زانایان و زمانەوانان هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ فرەلایەنی و گشتگیریی دارشتەی پرسیارەکە، بە بۆچوونی هەندێکیان دارشتنی پرسیارێکی لەم شێوەیە یەکێکە لە هۆکارەکان، چونکە کراوەو ڕەهایەو ناتوانرێت بە ئاسانی وەڵام بدرێتەوە[١]، لە لایەکی دیکەوە هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی وەڵامە جیاوازەکان و دواجار سەرهەڵدانی تیۆرو گریمانە جۆراوجۆرەکان. ئەم تیۆرانەش بریتین لە لیکۆڵینەوە و پشکنینی (واتا) کە لە چوارچێوەی زانستێك دا ڕێکخراون کە پێی دەوترێت زانستی واتالێکدانەوە/واتاسازیی/(سیمانتیك). هەریەك لەو تیۆرانە ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی ئەو پرسیارەن، لەبەرئەوەی هەر تیۆرە لە تێڕوانینی جیاوازی خۆیەوە دەڕوانێت پرسیارەکە و وەڵامی خۆی دەبێت بۆ ئەم پرسیارە، سەرئەنجام دەبنە هۆی بەرهەمهاتنی سیمانتیکە جیاوازەکان کە بەگشتی دابەش دەبن بەسەر دوو جۆر سیمانتیکدا، یەکێکیان چەمکە کلاسیکیەکانی تیۆری واتایە کە بە گشتی لە ناوەرۆکدا گریمانەی ئەوە دەکات « زمان پردێکە لە نێوان دەنگ و واتادا»[٢]، ئەوەی تریان چەمکە نوێباوەکانی تیۆری واتان، کە لە کۆتاییدا هەموویان یەکتریی تەواو دەکەن.

ئەو پێناسانەی کە بۆ واتا کراون فرەچەشن وجیاوازن، جیاوازیی پێناسەکان دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی مەودای لێکۆڵینەوەی سیمانتیکیی لە لایەك، لە لایەکی ترەوە بۆ پەیوەندی واتا بە زانستەکانی تری وەك لۆجیك و فەلسەفە کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی و ڕەوشتناسیی ماتماتیك و زانستی هێما....هتد. جگە لەوانە پەیوەندی واتا بە ئاستە جیاوازەکانی تر لە زانستیی زماندا یەکێکی ترە لەو هۆکارانە. «.... واتا لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر لە بیرێکەوە بۆ بیرێکی تر دەگۆڕێت و لە تەسەورکردنیدا ڕەنگاو ڕەنگە، ئەمە وای کردووە وەك چەمکێکی سرك دەربکەوێت کە بە ئاسانی نەتوانرێت دیاریبکرێت، ئاشکرایە کە سروشت و ئاکاری خۆرسکی مرۆیی بەرجەستە دەکات بە هەردوو ١) لایەنی مادیی و کۆنکرێتیەی کە ملکەچی لۆجیکی عەقڵ و شیکردنەوەکانیەتی ، ٢) لایەنە نادیارو شاراوە ڕۆحییەکەی کە بۆ مرۆڤ ئاسان نیە لێکدانەوەیەکی وردو زانستیی و ڕازیکەری پێ بدات.»[٣] بەم جۆرە ئامانج و مەبەست لە سەرهەڵدانی تیۆرە جۆربەجۆرەکانی واتا دۆزینەوەی وەڵامە بۆ ئەو پرسیارەی کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆکراوە. هەموو ئەمانەش سەردەکێشن بۆ فرەواتابوونی واتا.

---

(١) محەمەدی مەحویی: ( ٢٠٠١: ١٨١)

(٢) سەرچاوەی پێشوو : ١٨٢

(٣) محمود حسن جاسم: ٢٠٠٩: ٦٨

## ١ / ١ . ٢ . فرەواتـایی (واتـا)[1] لە واتـاسازییدا :

لە زانستی زماندا (واتا) بە جەوهەر و ناوەندی سیمانتیك دانراوە، بریتی یە لە نرخ و سەنگی هێماكان، كرۆكی هێزی مەبەست–دەربڕینە (illocutionary force)، هاوكات (واتا) بە هێزی وشەكانیش پێناسەكراوە، دەوترێت ئەگەر هێمایەك واتای نەبوو هێما نیە هیچ نیە جگە لە فۆرمیكی بەتاڵ، ئەمانەو پێناسە جۆراوجۆرە كۆن و تازەكانی ئەم زاراوەیە بووەتە هۆی ئەوەی كە لە زمانەوانیی و لۆجیكدا كۆمەڵێك زاراوەی جیاوازی وەهای بۆ بەكاربهێنرێت –دواتر لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو– كە زۆجار وەك هاوواتا یان نزیكە واتا سەیربكرێن، و بەشێوەیەكی گشتیی تر فرەواتایی واتا دەربخەن، هەموویان لەیەك ڕووەوە هاوواتان ئەوەیە كە ناوەرۆك(content) و واتا(meaning) بەیەكەوە دەبەستنەوە بەجۆرێك كە لە هەریەكەیاندا (ناوەرۆك) ناوەرۆكی (واتا) یە، (واتا) واتای (ناوەرۆك) دەبەخشێت ،.[2] ئەو هۆكارانەی كە لە چواچێوەی پەیوەندی گفتووگۆگردن و لە یەكگەیشتندا دێنە ئاراوە، بوونەتە هۆی دروستبوونی پێناسە جۆربەجۆرەكان بۆ واتا، لە ئەنجامی ئەوەدا واتایان بەرەو فرەواتایی(Polysemy) بردووە. لە گرنگترین ئەو فرەواتاییانەش ئەمانەن:

**١/ ١. ٢. ١. واتا (meaning):** ئەم زاراوەیە بە تەواوی ئەو چەمكەی كە هەڵیگرتووە تایبەتە بە زانستیی زمان، لە زانستی زماندا وەها پێناسە كراوە كە ئەو شتە/ هێمایەیە كە لە سەرچاوە یان نێرەر(قسەكەر)ەوە دەردەچێت دەگاتە وێستگە یان وەگر لە دەوروبەرە زمانییە ئێستاییەكەیدا، وەرگر لێی تێدەگات لە پرۆسەی گفتووگۆكردن و لێك تێگەیشتندا.[3]

واتا بریتی لە پەیوەندی نێوان دوو چەشنە شت، كە یەكێكیان هێمایە و ئەوتریان بریتی یە لە جۆری ئەو شتانەی كە لە دەوروبەردا هەن و واتای (مەبەست(intend) و دەربڕین (express) یان پیشاندان (signify)) دەبەخشن.

واتا بابەتێكی كۆنتێكستیانەیە پەیوەندی زمان بە جیهانی دەورووبەرەوە ڕووندەكاتەوە، هەروەها ڕۆڵێكی چالاك دەبینێ لە نزیككردنەوەی واتای تر لەپاڵ واتای جیهانی دەورووبەرەكە.[3] بەم پێ یە دوو چەشنە واتا بو دەربڕاوێكی زمانی هەیە: كرۆكە واتا(connotation) و توێكڵە واتا(denotation)ن.

جۆری واتاش بە پێی جۆری ئەو شتانەی كە دەینوێنن دەكرێت بە سێ جۆر:

أ. هەندێ شت هەن كە دەكرێ/ ڕەنگە واتایان هەبێت.

---

(١) لێرەدا مەبەست لە فرە واتایی واتا، وشەی (واتا) یە نەك زانستەكە.

(٢) محەمەدی مەحویی : (٢٠٠٩ : ٢٢–٢٦)

(٢) Akmajian, Adrian, Richard Demers, Ann Farmer, and Robert Harnish (1995 : 231)

(٣) Allan, Keith : (1986: 18)

ب. هەندێ شت هەن کە هێمان بۆ شتی تر لەم جیهانەدا، ئەم جۆرە واتایە هەمیشە واتادار/ پڕ واتا (meaningful)ە. بە واتایەکی تر(هێمای سروشتین بۆ شتە بەرجەستە و فیزیکییەکان، یان بۆ بیرۆکەکان کە لە ناو مێشکدا هەن).

پ. هەندێ شت هەن کە پێویستە هەمیشە واتایان هەبێت، وەك وشەکان، سیمبوڵە نازمانییەکان.[١]

**١/ ١. ٢. ٢. ناوەرۆك (content):** ئەم ناولێنانە زیاتر تایبەتە بە لۆجیك وەك ئەوەی تایبەت بێت بە زانستی زمان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تا ئەم دواییانەش زمانەوانان خۆیان بە پانتایی زمانەوە خەریك کردبوو، کەمتر گرنگیان بە پرسیارو کێشە فەلسەفییەکان دەدا، لۆجیکزانەکانیش تەنها گرنگیان بەو لایەنەی زمان دەدا کە پەیوەست بوو بە لۆجیکەوە، لای ئەوان (ناوەرۆك) وابەستەی واتای بنەڕەتیی/ کرۆکە واتایە. بۆچوونی گرنگتربوونی (ناوەرۆك) لە(کرۆکە–واتا)، یان بە پێچەوانەوە لە ڕووی لۆجیکیی و دەروونییەوە لە توێژینەوە فەلسەفیەکاندا گفتوگۆی زۆری لە بارەوە کراوە. لێکۆڵەران ناوەرۆك لەگەڵ واتا–گەل(Sense)دا وەك هاوواتا لەجیاتی یەکتر بەکاردەهێنن.[٢]

بە گشتی بیرۆکەی ناوەرۆکی سیمانتیکیی لە ئەنجامی گفتووگۆکانی نێوان هەردوو فەلسەفەی ڕێبازی کۆنتیکستیانە(contextualism)[٣] و ڕێبازی مینیمالیزم(minimalism)[٤] هاتە ئاراوە.ناوەرۆکی سیمانتیکی پەیوەستە بە گوتن (utterance)ی ڕستە کە ئامرازێك یان چەند ئامرازێك لەخۆدەگرێت، ناوەرۆکی سیمانتیکی ئەرکێکە، تەنها بە دوای (بابەت/شت و کات)ی نرخێندراودا ناگەڕێت بەڵکو زۆرتر بە دوای (کەس) دا دەگەڕێت بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ ڕاستی پێکان (Truth value). لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان بۆ چەمکی (ناوەرۆك) وای کردووە کە پێناسەو دنیابینیی جیاواز بۆ ئەم چەمکە دەربکەون، لەسەرەتادا بۆچوونەکان زۆر کلاسیکیی سادەبوون، دواتر بەرەو ئاڵۆزیی چوو سنوری پێناسەکەی مەودایەکی فراوانتری وەرگرت، ئەوەی پەیوەندی بە زانستی سیمانتیکی نوێباوەوە هەیە ئەوەیە کە بابەتێکی شێوازبەندانەیەو هەوڵ دەدات بۆ دیاریکردنی سنووری واتا و سیمانتیك.[٥]

---

(١) (http://en.wikipedia.org/wiki/Meaning_(linguistics)

(٢) بڕوانە محمدی مەحویی: (٢٠٠١ : ٢٠٦–٢١٣)

(٣) ئەم تیۆرە ڕێبازێکی فەلسەفیی زانیاریانە و ڕەوشتیانەیە (Epistemological and moral) لەسەر زانیاری لەبارەی واتاسازیی دەوروبەری زمانیی کاردەکات بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای کۆنتێکست، ئەم ڕێبازە وەسفی کۆمەڵێك بیروبۆچوونی فەلسەفیی دەکات کە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەو دەوروبەرەی کە کردەیەك یان گووتنێك یان دەربڕینێکی تێدا ڕوودەدات، لێکۆڵینەوە لەسەر هەندێ لایەنی گرنگی کردە و گوتە و دەربڕین دەکات کە ناتوانرێت بە ئاسانی لێی تێبگەین مەگەر پەیوەست بە کۆنتێکستەکەی نەبێت. بیروبۆچوونی لایەنگرانی ئەم ڕێبازە وای دادەنێن کە چەمکەکە گفتووگۆی فەلسەفی زۆر هەڵدەگرێت بۆ نموونە : (واتای"P" و زانیاری لەسەر"P" و هۆکارێك بۆ بوونی "A" ڕێی تێدەچێت، بە مەرجێك "ڕاستگۆ بێت" یان "ڕاستیی پێکابێت"، ئەو کاتە تەنها یەك واتای پەیوەست بەو کۆنتێکستە دیاریکراوەی هەیە.) .

(٤) ڕێبازێکی تایبەت بە هونەری بینراو و بیستراوە کە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم سەری هەڵدا لە هونەری مۆسیقاو وێنەکێشانی ڕۆژاوابیدا، بەگشتی لە نێوان ساڵانی (١٩٦٠– ١٩٧٠) دا لە ئەمریکا گرنگیی پێدرا. ڕێبازەکە بۆ بچووککردنەوەو شاردنەوەی ئیلیمێنتەکانی داڕشتن (design) لە سەرەوە بەرەو خوارەوە بەکاردەهێنرێت، دواتر بیرۆکەکانی ئەم ڕێبازە لە واتاسازییدا بەکارهات.

(٥) Isidora Stojanovic: (2009 : 3)

ناوەرۆکی سیمانتیکیی: ناوەرۆکێکی جفرەکراو/کۆدکراوی فەرهەنگیانەیە. بە بۆچوونی کونتێکستییەکان شتی ناولێنراو/ئاماژەبۆکراو لەگەڵ ئامرازەکانی نیشاندەریی/دیاریکردن و ڕوونکردنەوە( demonstrative and indexical) هەرگیز نابنە بەشێك لە ناوەڕۆك، بەڵکو تەنها بەشداری لە دیاریکردنی ناوەرۆکی سیمانتیکییدا دەکەن، واتە ئاماژبەندی (reference)ی ئەو ئامرازانە ناگرێتەخۆ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ڕۆڵیان نەبێت لە دیاریکردنی نرخی ڕاستی پێکاندا، بەو پێیە ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر پارامێتەرەکان، لە بارێکی وەهادا (ناوەرۆك) ئەرکی زنجیرەیەك لەو پارامێتەرانەی کە هاوشانی جیهانی گریمانەکراو (possible world) وپارامێتەرەکانی کات، پارامێتەری کەس دەگرێتەخۆ، دەنێرێت بۆ ناو نرخی ڕاستیی پێکان[1]، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە نموونەی ڕستەی ژمارەی(١) دەهێنینەوە، خاڵی ئاماژەبۆکراو کەسێکە بە ناوی (**هەژیر**): **١. ئەو زیرەکە.**

گریمانەی سەرەتا ئەوەیە ناوەرۆکی سیمانتیکیی ڕستەی ژمارە (١) ئەرکێکە لە هەرسێ (جیهان و کات و کەس)ەوە بۆ نرخی ڕاستیی پێکان، ئەرکێك کە نرخی ڕاستیی پێکان دەگەڕێنێتەوە، ئەگەر یان تەنها ئەگەر (ك) زیرەك بێت لە (ج) دا و لە (ت) دا. لەبەر ئەوە لە ڕستەیەکی وەك (١) دا، ناوەرۆکی سیمانتیکیی تەنها یەك جار نرخی ڕاستی پێکان بەرهەمدەهێنێت و دەیبەخشێت بە (جیهان و کات و کەس) بۆ ئەوەی تیایدا بنرخێنرێت، بەشێوەیەکی ئاسایی بڕیاردان لە ڕاستیی پەیوەست بە ڕستەی (١) پشت بە نرخاندن/ هەڵسەنگاندنی گونجاو لەگەڵ ڕستەی (١) دەبەستێ لەسەر (**هەژیر**)، چونکە ئەو کەسەیە ئێمە لە ڕستەی (١) دا لەبارەیەوە قسەدەکەین، هەروەها ئەو کاتەی کە ڕستەی (١)ی تێدا دەبڕاوە، لەگەڵ ئەو دەوروبەرو جیهانەی کە ئێمە تێیداین. لێرەدا خاڵی سەرنجڕکێش ئەوەیە کە (**هەژیر**) بریتی نیە لە بەشی هەرە گەورەی ناوەرۆکە واتاییەکە لە (١) دا بە بەراورد لەگەڵ (جیهان و کات)ە نرخێنراوەکە.

چەمکی (ناوەرۆکی سیمانتیکیی) هەناوی ڕێبازی کۆنێکستیانە/ واتاسازیی حەرفیی(Literalism)ە، چونکە بەردەوام جەخت دەکاتەوە و هەوڵ بۆ سنووردارکردنی (سیمانتیك) دەدات.[2]

تیۆری ناوەرۆکی سیمانتیکیی کراوە و بەرفراوانە بۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونبەندی/ تاقیکردنەوەی زانیارییەکان _کە بنچینەی پرس و بابەتەکەیە_ بەهۆی لێوردبوونەوە لە (پەیڕەوە لەخۆوەییەکەی قسەکەری ئاسایی) بەدەستدەهێنرێت بۆ نرخی ڕاستیی پێکان (لە ڕستەیەکی دیاریکراوی دەوروبەرێکی دیاریکراودا)، بۆنموونە ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی سیستماتیك گریمانەی ئەوە دەکات کە جۆرێکی دیاریکراو لە ڕستە لە جۆرێکی دیاریکراوی دەوروبەر دا، نرخی ڕاستی پێکانی جیاواز بەدەست دێت کە قسەکەری ئاسایی بۆی دەستنیشان دەکات/دەیخاتە پاڵی. لە ڕاستیدا قسەکەر بێ ئاگایە لەو تیۆریانەی کە ڕاستی گریمانەکردنی گونجاوی لەخۆوەیی قسەکەر دەبەستنەوە بە نرخی ڕاستیی پێکانەوە.[3]

---

(١) Isidora Stojanovic: (2009 : 3)

(٢) سەرچاوەی پێشووتر : ٥

(٣) Cappelen, H. and E. Lepore. (2005:14)

**١/ ١. ٢. ٣. ناوەرۆکە–واتا**[١] **(intension)** : جیاکردنەوەی کلاسیکیانەی نێوان ناولێنراو (significance) و چەمکەکەی/(Concept) لە لۆجیکزانی نوێدا و لە سیمانتیکی شێوازبەندانەدا بە شێوەی جۆراوجۆر کەڵکی لێوەرگیراوە، بۆ ئەو مەبەستە زاراوەی ناوەرۆکە–واتایی (intensional)[٢] لە بوارێکی زۆر بەرفراواندا بەکارهێنراوە.[٣] درك بەوە دەکرێت لە دیاریکردنی زاراوەکاندا سروشتی دووپەلکی (dual nature) هەیە کە لە ڕیشەی کارەکانی کارناپ لەسەر هەردوو زاراوەی "ناوەرۆکە– واتا" و "گرتنەوەیی"(**extension**) ەوە سەریان هەڵداوە. لە بەرامبەریدا زاراوە وەرگێڕراوەکانی "تێگەیشتن" و "کرۆکە واتا" لە لۆجیکی (پۆرت– ڕۆیاڵ)[٤] بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنراوە، جگە لەوە بەکارهێنانی زاراوەکانی "کرۆکە– واتا/" و "توێکڵە– واتا" لای (جۆن ستیوارت)، هەروەها زاراوە بەناوبانگەکانی "واتاگەل/sinn" "ئاماژەبەند/ Bedeutung " لای فریگە، لە پەیڕەوی دیسۆسێریانەدا ناوەرۆکە–واتا بەرامبەر "هیمابۆکراو/signified" دەوەستێ و گرتنەوەش هاوشێوەی "ئاماژەدەر/referent". لەگەڵ ئەوەشدا هەر لێکۆڵەرە زاراوەکەی بە چەمکی جیاواز لەوەی تر بەکارهێناوە و پێناسەی جیاوازیان بۆ چەمکی ئەو زاراوانە هەیە.[٥]

لە قۆناغی یەکەمی لۆجیکی کلاسیکیانەدا "ناوەرۆکە–واتا" ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە. لەوکاتەوە بەرەوپێش چوو کە بووە بە بناغە بۆ مۆدێلێکی لۆجیکی لە ماتماتیکدا، لەکاتی زیادکردنی تایبەتمەندیی شێوازبەندانە(Formalization) بۆ ڕووکارو لایەنەکانی زمانی سروشتی و دەربڕینی ڕۆژانە، دەرکەوت کە پێویستی بە چەمکێکی دەوڵەمەندتر هەیە بۆ ئەو مەبەستە پەرە بە ناوەرۆکە–واتا درا.

ناوەرۆکە–واتا و گرتنەوە دوو زاراوەی پێکەوەبەستراون کە ئاماژبەندی زاراوە یان چەمك دەردەخەن، ناوەرۆکە–واتا : ناواخنی ناوەرۆك (internal content) ی ئەو چەمك و زاراوانە پیشاندەدات کە زانیاریە شێوازبەندییەکەی پێکدەهێنن، بەڵام گرتنەوە: زنجیرەیەك کردەی جێبەجێ کردنی شیاو پیشاندەدات بەهۆی ناونانی شتە دیاریکراوەکان کە هێمای بۆدەکەن[٦]. بۆ نموونە ناوەرۆکە– واتای "کەشتی" بەشێوەیەکی سەرەکی بریتیە لە (هۆکارێکی گواستنەوەی دەریایی/ئاویی)، لە هەمانکاتدا "گرتنەوە"کانی بریتین لە (کەشتی بازرگانیی ، کەشتی گواستنەوەی سەرنشین ، کەشتی جەنگیی ، کەشتی چارۆکەدار ، ...)

---

(١) وەرگێرانی زاراوەکە لە فەرهەنگۆکی زاراوەو وشەکانی کتێبی(زانستی هێما.....)ی د. محەمەدی مەحویەوە وەرگێراوە.

(٢) پێویستە لەگەڵ زاراوە هاودەنگەکەی لە ئینگلیزیدا (intentional) کە واتای (قسە_مەبەست) دەگەیەنێت تێکەڵ نەکرێت.

(٣) جون لاینز : ١٩٨٧ : ١٧٩ – ١٨٠.

(٤) ناوێکە لە کتێبی (La logique, ou l'art de penser) فەڕەنسییدا هاتووە، کە کتێبێکی تایبەت بە لۆجیکە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٦٦٠) دا لەلایەن (ئەنتۆنی ئارنۆڵد و پییر نیکۆڵ) ەوە بلاّوکرایەوە، دوو ئەندامی چالاکی بزووتنەوەی (جانسێنیست) بوون، کە تیایدا فەلسەفەی (پۆرت– ڕۆیاڵ) چەقی بزوتنەوەکە بوو. لەم دوایانەدا ئەم لۆجیکە ڕۆڵی خۆی هەبوو لە جیاکردنەوەی (تێگەیشتن/ comprehension) و (وەگرتنەوە/extension) دا لەلایەك، هەروەها لە نێوان (ناوەرۆکە– واتا) و (وەگرتنەوە) دا لە لایەکی ترەوە.

(٥) (جون لاینز : ١٩٨٧: ١٦١ – ١٨٧) هەروەها (محمدی مەحویی : ٢٠٠٩ : ٢١ – ٤٠) ، Uri Nodelman 2011

(٦) Uri Nodelman ( 2011: 5 )

بەم پێیە جیاکردنەوەی نێوان (ناوەرۆکە–واتا و گرتنەوە) هەمان ئەو جیاکردنەوەیە نییە کە لە نێوان (کرۆکە–واتا و توێکڵە–واتا) هەیە. لە ڕوونکردنەوەی نموونەیەکی زۆر بەکارهێنراوی بەناوبانگدا، دەتوانین زۆر جوانتر ناوەرۆکە–واتا و گرتنەوە بناسێنین، گریمان ئێوە شارەزای زانیاریە باوەکانی ناو خەڵکی ئاسایی نین لەبارەی ئەستێرەو ئاسمان، منیش پێت بڵێم: "ئەستێرەی بەرەبەیان" هەمان" ئەستێرەی ئیواران" ە، زانیاریەکم دا بە ئێوە کە گۆڕان بەسەر کۆزانیاریەکانی ئێوەدا دەهێنێت، خۆ ئەگەر پێت بڵێم: "ئەستێرەی بەرەبەیان" هەمان"ئەستێرەی بەرەبەیان"ە، وا هەستدەکەیت کە کاتت لەگەڵ مندا بەفیڕۆچووە، بەلاًم لەهەردوو بارەکەدا پێم گوتویت کە ئەو ئەستێرەیە خودی هەسارەی "ڤینۆس" خۆیەتی. کە ئاسایی پێویستە لەوە زیاتر بێت. ئێمە دەڵێین "ئەستێرەی بەرەبەیان" و" ئەستێرەی ئیواران" لە لایەکەوە یەك شتن، لەلایەکی ترەوە هەمان شت نین، بەو واتایەی کە هەردوو فرێزی"ئەستێرەی بەرەبەیان" و" ئەستێرەی ئیواران" ناویان پێ لە یەك شت دەنرێت، بەلاًم هەمان واتا نابەخشن، واتاکانی ئەم "واتا–گەلە(sense)" بە گشتی پێیان دەوترێت "ناوەرۆکە– واتا"کان، شتە دیاریکراوەکانیش پێیان دەوترێت "گرتنەوە"کان.

**١/ ١. ٢. ٤. واتا–گەل و ئاماژبەند (Sense and reference)**[(١)]: دوو (ئەسپێکتی/لایەنی) جیاوازی زاراوە واتاییەکانن، زاراوەی "ئاماژبەند": ئەو شت و بابەتانەن کە دەربڕاوەکان (وشە و ڕستە) ئاماژەی بۆ دەکەن، بەلاًم زاراوەی "واتا–گەل " ئەو ڕێگایەیە کە بەهۆیەوە وشەو ڕستە ئاماژە بۆ شت و بابەتەکان دەکەن.[(٢)] "واتا–گەل" هەڵگری "واتای درکپێکردنیی" (cognitive significance) یان "مۆدی خستنەڕوو" (mode of presentation)ی ئاماژبەندەکانە. دەربڕاوی زمانی بە بەکارهێنانی هەمان ئاماژبەند، واتاگەلی جیاوازی دەبێت، فریگە بۆ ڕوونکردنەوەی تێڕوانینەکەی ئەم نموونە ماتماتیکی یەی خوارەوە دەهێنێتەوە:


ئەگەر (أ ، ب ، پ) سێ ڕاستەهێڵ بن، هەریەکەیان بە یەکێك لە لوتکەکانی سێگۆشەیەکدا تێبپەڕن وەك لە وێنەی ژمارە(١) دا دیارە، هەروەها هەرسێکیان لە خاڵێکدا یەکتر ببڕن، کە خاڵ (م)ە، تێبینی دەکەین کە خاڵی یەکتربڕینی (أ و ب) هەمان خاڵی یەکتربڕینی (ب وپ)یە... لەبەرئەوە ناونانی جیاوازمان هەیە بۆ ئەو خاڵ هاوبەشە، هەردوو ناونانی (خاڵی یەکتربڕینی (أ و ب) و خاڵی یەکتربڕینی (ب وپ)) هەمان شێوازی خستنەڕوو پیشاندەدەن، بۆیە زانیاری دەربڕاو کۆزانیاری دروست دەگرێتە خۆ.[(٣)]

---

(١) ئەم دوو زاراوەیە فەیلەسوفی بیرکاریی و لۆجیکزانی ئەڵمانی (Gottlob Frege) لە کتێبی (Über Sinn und Bedeutung) دا هێنایە ئاراوە، کە تیایدا بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاماژبەندی (ناوی تایبەتی) دواوە و کەمتر گرنگی بە ئاماژبەندی ڕستە داوە. دواتر فراوانکرا لە سیمانتیکی شێوازبەندانەدا، هەرچەندە ئەم جیاکردنەوەیە لە زمانەوانیدا جێگای بایەخ و مشتومڕبووە، لەگەڵ ئەوەشدا چۆتە ناو بوارەکانی تری فەلسەفەی وەك لۆجیکی ئاوەز/عقل و مێتافیزیك و مێتائیسیك...

(٢) جون لاینز : ١٩٨٧ : ١٨٠.

(٣) Gottlob Frege : 2009 : 49




**وێنەی ژمارە (١)**

پاڵنەری بەرەوپێشبردنی جیاکردنەوەی نێوان (واتا–گەل و ئاماژبەند) دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە پێی وابوو: (ناوی تایبەتی) هیچ واتایەکی تری نیە لە سەرووی واتای ئەو شتەی کە ئاماژەی بۆ دەکات (ئاماژبەندەکەی)[1]، واتا ناوی تایبەتیی "ئەرستۆ" تەنها واتا :"ئەرستۆ" ئەوکەسە و واتای هیچی تر لەوە زیاتر ناگەیێنێت، بۆ نموونە واتای: نوسەری کتێبی "لەبارەی ڕۆح"( De anema)، نابەخشێت! یان ڕستەکانی ژمارە(٢) واتای جیاواز دەبەخشن، بەوپێیە ڕستەکە تەنها دەڵێت: (ئەو کەسە یۆنانی بوو.)، ناڵێت: (نوسەری کتێبی "لەبارەی ڕۆح" یونانی بوو.). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دەکرێ "ئەرستۆ" ئەو کتێبەی نەنوسیبێت، کە ئەوەش زانیاریەکی نادروستە:

**٢. أ. ئەرستۆ یۆنانی بوو.**

**ب. نوسەری کتێبی "لەبارەی ڕۆح" یونانی بوو.**

مەبەست لە جیاکردنەوەو وەسفکردنی هەریەك لە (واتا–گەل و ئاماژبەند)، بۆ ئەوەبوو کە (واتا–گەل) وەك دیاردەیەك (phenomenon) بناسێنرێت، گریمانەی ئەوە کرا کە (ناوی تایبەتی) جگە لە ئاماژبەند خاوەنی دیاردەیەکە کە پێی دەوترێت واتا–گەل، هەندێك لایەنی شێوازی ئاماژبەندەکەی دەکرێت جیاوازبن، تەنانەت لە نێوان دوو ناو کە ئاماژە بۆ یەك شت بکەن[2]. ئەگەر (أ) و (ب) دوو ناو بن بۆ یەك شت (object)، خستنەڕووی زانیاریەکانی ( أ = ب ) دەبێت هەمان واتای ( أ = أ )ی هەبێت، بە ڕوونی دەتوانرێت زانیاریەکان لە یەکەمیاندا بگوازرێتەوە بەو ڕێگایەی کە لە دووەمیاندا ناتوانرێت، بۆ نموونە لە جووتە ڕستەکانی ژمارە (٣) دا، کاتێك بڵێین: "محەمەد نەصرەت محەمەد نەصرەتە"، دەربڕاوێکی سادەی کەم بایەخە، بەڵام کاتێك بڵێن: " محەمەد نەصرەت عەزیز نەسینە." ئەوکاتە جێگای بایەخ پێدانە، چونکە

(١) بڕوانە: مازن الوعر: ( ٢٠٠١ : ٣٥ ) ، جون لاينز : ( ١٩٨٧: ١٧٩ ) ، Wolfgang carl : (1994: 163)

(٢) Gottlob Frege : (2009 : 52)

پێویستە کە جووتە ڕستەکەی خوارەوە هەمان واتا بگەیەنن، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ئەم دوو ڕستەیە زانیاری جیاواز دەگوازنەوە، گرنگترین جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ناوە تایبەتییەدا، بریتییە لە جیاوازی مۆدی خستنەڕووی ئەو شتەی کە دیاریی دەکەن، بە هەریەك لەو واتایەی کە دەیگوازنەوە دەوترێت واتا–گەل، چونکە واتا–گەلی دەربڕاوێك ((بریتییە لەوەی کە مۆدی خستنەڕوویەك دەیگرێتەخۆ.))[1] بەم جۆرە مرۆڤ دەتوانێت ئەم دوو ناوە (عەزیز نەسین) و(محەمەد نەصرەت) بناسێت، بەبێ ئەوەی کە هەست بکات هەردووکیان بۆ یەك کەسن. نموونەی ڕستەکانی ژمارە(٤) بابەتەکە ڕوونتر دەکاتەوە، کاتێ کە زانیمان (سەرۆك کۆماری عێراق) و (سکرتێری گشتی ی. ن. ك.) یەك ئاماژبەندیان هەیە ئەویش "مام جەلال"ە.

**٣. أ. "عەزیز نەسین" ڕۆمانی "گێلەپیاوی" نووسیوە.**

**ب." محەمەد نصرت" ڕۆمانی "گێلەپیاوی" نووسیوە.**

**٤. أ. سەرۆك کۆماری عێراق لە دیسەمبەری ٢٠١٢ نەخۆشکەوت.**

**ب. سکرتێری گشتی ی. ن. ك. لە دیسەمبەری ٢٠١٢ نەخۆشکەوت.**

## ١ / ١ . ٣ . واتـای وشە و واتـای ڕستە :

لای زۆربەی زمانەوانان وشە بە بابەتی یەکەمی سیمانتیك دادەنرێت، واتاسازیی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دیاریکردنی یاساکانی ڕێککەوتنی واتایی لە نێوان وشەکان خۆیاندا، بەڵام ناکرێت لەڕێگای شیکردنەوەوەی فەرهەنگیەوە بگەینە مۆدێلێکی تەواوی بێ کەموکوڕی لە پەیڕەوێکی واتایی کە هەموو دەربڕاوەکانی زمان بگرێتەوە.[2] واتاسازیی لەکۆندا لە واتای دانە فەرهەنگیەکانی دەکۆڵیەوە بەشێوەیەکی ناپەیڕەوبەند و لەخۆوە، پشتیان بە خستنەڕووی بیرو ئایدیا دەبەست لە وەسفکردنی تاکە تاکەی وشەکان، بەڵام لە ئێستادا واتاسازیی نوێیاو گرنگی بە شیکردنەوەی واتای ڕستە و دەربڕینە ئاڵۆزەکان دەدات، بەزۆری کار لەسەر تیۆرییەکانی سیمانتیکی پێکهێنانەوەیی (Compositionality semantics) دەکەن، هەوڵی بنیاتنانی پەیڕەوێکی ڕێکوپێك دەدەن بۆ واتای دەربڕینە ئاڵۆزەکان. بەلایەنی کەمەوە لەو لایەنانە دەکۆڵنەوە کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی دانە فەرهەنگیەکانەوە بەدەست نایەن.[3] سیمانتیك لە زانستی زماندا خۆی بە لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی دەربڕاوە زمانیەکانەوە خەریك دەکات. ئەو کەرەسەی لەبەردەستی سیمانتیکدایە دەبڕینەکان و ناولێنراوەکانن کە واتایەکیان بۆ دادەنرێت.[4]

---

(١)Gottlob Frege : (2009 : 52)

(٢) کلۆد جێرمان، ڕیمۆن لۆبلان : ٢٠٠٦ : ٩

(٣) مازن الوعر: ٢٠٠١ : ٥٣

(٤) محەمەدی مەحویی : ٢٠٠٩ : ١١٤

بەشێوەیەکی گشتی هەموو دانە زمانیەکان لەسنووری کارکردنی واتاسازییدان، لە مۆرفێمەکانەوە کە بچووکترین یەکەی واتا–هەڵگرن دروستبوون، تەنها دەربڕینەکانی ئاستی دەنگسازیی ناگرێتەوە کە نزمترین ئاستی زمانە. واتای وشە کە بریتییە لە واتای فەرهەنگی(lexical meaning)، لەناو فەرهەنگدا لێکسیمەکان کە پێیان دوترێت دانەی فەرهەنگی(lexical item) لە چەشنی فۆڕمی بنەڕەتییاندا هەریەکەیان بە واتاکەی خۆیەوە بە پەیڕەوێك ڕیزکراون و تۆمارکراون.

لەبەرئەوەی لەناو فەرهەنگدا واتای هەندێك لە فرێز و ڕستەکان تۆمار ناکرێت، بۆیە سیمانتیکی وشە و ڕستە لەیەك جیاکراونەتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دەربڕاوە ئالۆزەکانی وەك وشەی ئالۆز و فرێز و ڕستە پەیوەندیان بە توانستی زمانییەوە( linguistic competence) هەیە، دەتوانرێت هەمیشە دابڕێژرێن و بەرهەمبهێنرێن، هاوکات لەتوانای مرۆڤدا هەیە کە واتاکانی ئەو دەربڕاوە ئالۆزانە سەرلەنوێ پێکبهێنێتەوە و لێی تێبگات. لەبری ئەوەی ئەو دەربڕاوە ئالۆزانە بە چەسپاوی تۆماربکرێن وەك لێکسیمەکان، کە ئەوە شتێکی مەحاڵە، پێویستە ئەو یاسایانەی کە بەهۆیانەوە واتای دەربڕاوە ئالۆزەکان بەرهەمدەهێنرێن بە ناوەکانیانەوە لەبەر دەستمان بێت. ئەوەش کە بەو ئەرکە هەڵدەستێت سیمانتیکی ڕستەیە.[1]

**زانستی واتاسازیی نوێباو لەم لایەنانەی خوارەوەدا خۆی بە شیکردنەوەی واتای ڕستەوە خەریکدەکات:**

**١. واتای دەنگیی ( acoustic meaning ):** ئەو جۆرە واتایەیە کە لەئەنجامی شێوازی دەربڕینی زنجیرەی دەنگییەوە بەرهەمدێت، بە بەکارهێنانی ئەسپێکتێکی دەنگیی زمانیی کە ڕۆڵی دەبێت لە گۆڕانی واتادا، بۆ نموونە ئاوازی ڕستەی پرسیاری و هەواڵدان و سەرسوڕمان، هەروەها هێز/سترێس خستنە سەر وشەیەك یان فرێزێك یان ڕستەیەك بە مەبەستی دڵنیایی و جەختکردنەوە[2]، وەك لە ڕستەکانی (٥)دا، شوێنی وەستان/ بێدەنگبوونی ساتێکی زۆرکەم لە نێوان دوو ڕستە یان دوو فرێزدا وەك لە جووتە ڕستەی (٦)دا .....

**٥.** أ. **بڕیار** کراسێکی سپی کڕی. ( بڕیار نەك ڕێبوار یان کەسێکی تر )

ب. بڕیار **کراسێکی** سپی کڕی. ( کراس نەك پانتۆڵ )

پ. بڕیار کراسێکی **سپی** کڕی. ( سپی نە شین )

ت. بڕیار کراسێکی سپی **کڕی**. (کڕی نەك فرۆشت)

واتا کاتێك هێز دەخرێتەسەر ناوی **"بڕیار"** واتای ئەوە دەبەخشێت کە بڕیار ئەوکارەی کردووە نەك کەسێکی تر، کاتێکیش سترێس دەخرێتە سەر **"کراس"** جەختکردنەوەیە لە واتای کراس نەك شتی تر، هەروەها کە سترێس خرایەسەر ڕەنگی**"سپی"** واتای دڵنیاکردنەوەی ئەو ڕەنگەیە نەك ڕەنگی تر، بە هەمان شێوە هێز خستنە سەر **" کڕی "** واتا مەبەست لێی فرۆشتن نیە.

---

(١) محەمەدی مەحویی :(٢٠٠٩: ١١٥–١٢٠ )

(٢) مازن الوعر: ( ٢٠٠١ : ٥٤)

٦. أ. بۆ لێخۆشبوون ، **ناشێت له سێداره بدرێت.**

ب. **بۆ لێخۆشبوون ناشێت** ، له سێداره بدرێت.

ئەمه ئەگەر بڕیاری دادوەرێك یان فەرمانڕەوایەك بێت، بۆكەسێك كه تۆمەتباره، ئەگەر بڕیاری بێتاوانی ئەو كەسه بدات دەبێت ڕستەی (٦.أ.) بڵێت، وەستانەكەی له دوای وشەی " **لێخۆشبوون** " بێت، دواتر دەست به وتنی بڕگەی دووەمی ڕستەكه بكات، بەڵام ئەگەر به پێچەوانەوه بڕیاربدات ، بڕیاری سزادانی تاوانبارەكه بدات ، ئەوكاته ڕستەی(٦.ب.) دەڵێت، دەبێ وەستانەكەی له نێوان وشەی "**ناشێت**" و " **له سێداره بدرێت**" دابێ، ئێمه دووبەشی ڕستەكەمان به كۆمایەك لەكتر جیاكردوّتەوه.

**٢. واتای سینتاكسی/ ڕێزمانی ( grammatical meaning):** واتای ڕستەیەك بەرئەنجام و بەرهەمی دوو جۆره واتایه، ئەوانیش (واتای فەرهەنگی و واتای ڕێزمانی)ن، كه بریتین له واتای دانه فەرهەنگییەكان و واتای دروستەی سینتاكسیەكان، بەپێی پێكهاتەی تەكنشینی(syntagmatic) لێكسیمەكان پێكیانەوه دەبەستنەوه و له هەردووكیان ڕسته بەرهەمدێت.[(١)] به پێیه ئەو دەربڕینه زمانیانەی كه لەسەر بنەمای ڕێزمانیی شیدەكرێنەوه، دەتوانرێت له تێڕوانینی سیمانتیكانەشەوه شیبكرێنەوه/لێكبدرێنەوه[(٢)]:

٧. __دوێنێ__ __ئاسیه__ __كتێبێكی__ __خوێندەوه.__

**ئاوەڵكار + بكەر + بەركار + كردار**

له واتاسازیه كلاسیكدا لەڕووی واتاییەوه ڕستەیەكی وەك (٧) بەم جۆره شیدەكرایەوه بەوەی كه: **كەس**ێك كه "بكەره" و **كار**ێك بەجێدەگەینێت لەسەر **شتێك** له **كات**ێكی دیاریكراودا.

ئەم بابەته له نێوان سیمانتیك و سینتاكس دایه. له تیۆره نوێیەكانی سیمانتیكدا لێكۆڵینەوەی زۆر كراوه له بارەی ئەو ڕۆڵه واتاییانەی ( semantic role ) كه دروسته ڕێزمانیەكان پێی هەڵدەستن.[(٣)]

"واتای ڕێزمانی" كاتێك ڕووندەبێتەوه كه له نموونەی بڵاوی وەك جووته ڕستەی (٨) بكۆڵینەوه:

**٨. أ. سەگەكه گازی له مناڵەكه گرت.**

**ب. منالّەكه گازی له سەگەكه گرت.**

جیاوازی واتایی له نێوان جووته ڕستەی (٨) له ڕێزمانی كلاسیكیدا. تەنها بریتییه له ئاڵوگۆڕكردنی نێوان ئەركه ڕێزمانیەكان. بەڵام له واتاسازیی شێوازبەندانەدا جیاوازییه واتاییەكه لەسەر ئاستی "واتای وەسفی"دا و له ڕێگەی مەرجەكانی " ڕستی پێكان"ی ڕستەكان لێكدەدرێتەوه.[(٤)]

---

(١) محەمەدی مەحویی : ٢٠٠١ : ٢١٤

(٢) مازن الوعر: ٢٠٠١ : ٥٤

(٣)سەرچاوەی پێشوو : هەمان لاپەڕه

(٤) سەرچاوەی پێشووتر : هەمان لاپەڕه

**٣. واتای ئەركی/ پراگماتیكیی ( functional meaning ):** ئەو ئەركەی ڕستە كە لە پەیوەندی گفتوگۆكردن و لەیەكگەیشتندا دەردەبڕێت، پێویستە بەهەند وەربگیرێت، بۆیە لە لێكۆڵینەوە نوێیەكاندا واتای ئەركی ڕستە بەجۆرێك فراوانكراوە كە لەگەڵ واتاسازیدا پێكدادەچن. بۆ نموونە ڕستەی پرسیاری بە تەنها واتای پرسیاری ناگەیەنێت، بەڵكو دەتوانێت "واتای فرە ئەرك ( multi-functional meaning)" بگەیەنێت، كە ئەوەندەی پشت بە هۆكارەكانی دەرەوەی دروستەی ڕستەی وەك هۆكاری دەرونی و كۆمەلآیەتی كلتووری و... دەبەستێ ئەوەندە پشت بە دروستەی ڕستەكە نابەستێت[1]، لەم نمونەی ڕستانەدا ڕوون دەبێتەوە:

| | |
|---|---|
| **٩. ئەوە تۆ كەی واز دەهێنی؟** | ( فەرماندان ) |
| **١٠. ئەوە برادەرەكەت بوو كە باست دەكرد؟** | (بەسوك سەیركردن) |
| **١١. سەرێكمان لێنادەن، گەورەمان كەن؟** | ( نمایش و خۆ دەرخستن) |
| **١٢. ئەوە لێرە دادەنیشی؟** | (پەسەند نەكردن و ڕازیی نەبوون) |

**٤. واتای كۆمەلآیەتیی (social meaning):** هەڵبژاردنی ڕستە دەشێ بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر پەیوەندیە كۆمەلآیەتیەكانی نێوان دوو ئاخێوەر دروست بكات لە پەیوەندی گفتووگۆكردن و لە یەكگەیشتندا، بەتایبەت ئەو ڕستانەی كە دەربڕینیان پەیوەندی هەبێت بە چەمكەكانی ڕەوشتبەرزیی و توندو تیژیی و نێوانە مەودا و پلەی كۆمەلآیەتی .....هتد، كە ڕۆڵ و كاریگەری دروست دەكات لەسەر بارودۆخمان لەناو ئەو دەوروبەرە كۆمەلآیەتیەی كە تیایداین[2]، كاتێ گوێگرێك پرسیاری (ڕستەی ١٣) لە قسەكەر دەكات، بابەتی زۆر گەورەتر دەردەبڕێت لەوەی كە دانە واتاییەكان و واتای ڕستەكە دەیخەنەڕوو.... شێوازێكی كۆمەلآیەتی دیاریكراو دەردەبڕێت، كە سەر بە چینێكی كۆمەلآیەتی دیاریكراوی خاوەن جفرەی واتایی دیاریكراوە. **١٣. مەبەستت چییە؟ بەم شێوەیە قسەدەكەی!**

**٥. واتای لەهەناودابوو/ فەلسەفیی ( potential meaning ):** گرنگترین ئاراستە وتیۆری واتالێكدانەوە بریتییە لە لێكۆڵینەوەی "واتای ڕستە" بە پشت بەستن بە بیرو ئایدیا فرەڕەهەندەكانی فەلسەفە و لۆجیك.

لەم جۆرە ئاراستەی كاركرنەدا، پێویستە زۆر بە وریایی هەوڵ بدرێت ڕستەكان و ڕستە ناوەرۆكەكان (propositions) لە یەكتری جیا بكرێنەوە. ڕستە ناوەرۆك : یەكەیەكی واتاییە(semantic unit) دەناسێنرێ و پیشاندەدرێت لە چوارچێوەی بابەتی ئەو كەیسەی كە قسەی لەبارەوە دەكەین. ئەم یەكەیە وەسفی/پەسنی باروحاڵەتێك لەو باروحاڵەتەكان دەكات... شێوەی ڕستەی ڕاگەیاندن (هەواڵدان/ declarative) وەردەگرێت.

---

(١) مازن الوعر: (٢٠٠١ : ٥٥)

(٢) سرچاوەی پێشوو : ٥٦

لەم جۆرە ئاراستەیەدا _ کە یەکێك لە بنەماکانی بریتییە لە مەرجی ڕاستەقینە (truth conditional)_ ڕستە شیدەکرێتەوە لە ڕێگای ئەو "ڕستە ناوەرۆك"ە قولاَنەی کە ئەو ڕستانە دەریدەبڕن، ئەم ڕستە ناوەرۆکانە دەتوانرێت بپشکنرێن بە مەبەستی زانینی ئەوە کە دروستە/ڕاستی پێکاوە، یان نادروستە/درۆیە، بەگەڕانەوە بۆ جیهانی لە ئارادابوو(بە واتایەکی تر پەیوەندی بە دنیای دەرەوەی خۆی).[1]

ئەم جۆرە تیۆریانە مشتومڕ و گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرن، پێویستی شارەزابوون هەیە لە بواری لۆجیکی شێوازبەندانەدا(formal logic)، ئەو دوو تیۆرە سیمانتیکەی کە ئێمە لە سنووری ئەم باسەماندا دەیخەینەڕوو بە گشتی لەسەر ئەم جۆرە لۆجیکە بنیاتنراون کە لە بەشەکانی داهاتوودا باسی دەکەین.

## ١ / ١ . ٤ . پەیوەندی سیمانتیك بە سینتاکسەوە:

سنوری نێوان واتاسازیی و ڕستەسازیی ڕوون و ئاشکرا نییە، ئەم بابەتە کێشەیەکی زۆر کۆنە لە تیۆری زانستی زماندا. لەبەرئەوەی زمان پەیڕەوێکی بەناویەکداچووی تێکچڕژاوە، ئاسان نیە هێلێك لە نێوان ئاستەکانی زمان بە گشتیی و ئەم دوو ئاستە بە تایبەتیی، بکێشرێت. لە لێکۆڵینەوە کلاسیکیەکاندا کەم تا زۆر هەوڵی ئەوە دراوە بە جیا لەم دوو ئاستە بکۆڵرێتەوە، بەلاَم هیچ کامیان سەرکەوتوو نەبوون. تا زیاتر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان وردترو چڕووپڕتر بن پەیوەندیەکانی نێوانیان ئالۆزترو بەناویەکداچووتر خۆیان نیشان دەدەن، لەبەر ئەوەیە لە لێکۆڵینەوە نوێ یەکاندا ئەم دوو ئاستە پەیوەست بەیەکتر لێیان دەکۆڵرێتەوە.

یەکەمین هەوڵ کە درابێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سیمانتیك لە چوارچێوەی مۆدێلکی ڕێزمانی بە مەبەستی وەسفکردنی ڕێزمان، کە تیایدا سینتاکس ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لە ڕێزمانی گواستنەوەدا بوو، لێکۆڵینەوە سیمانتیکیەکان پەیوەستبوون بە ڕستەسازیی و واتاسازیی و پراگماتیکەوە، گرنگییدان بە واتاسازیی لە ڕێزمانی گواستنەوەدا بۆ ئەوەبوو کە سیمانتیك ببەستنەوە بەو لایەنە ڕێزمانییەی کە بەرپرسە لە دیاریکردنی سنووری واتا و بەستنەوەی بە توانستی زمانییەوە( language competence ) ، لێکۆڵینەوە لە واتا سنووری واتای حەرفی تێپەڕاند و لەو لایەنە واتاییانەش کۆڵرایەوە کە پەیوەندییان بە توانای زمانییەوە هەیە وەك (مەبەستی قسەکەر و زانیاریە کۆنتێکستیەکانی قسەکەر و ......)ەوە هەیە.[2] ڕستە سازیی پەیوەندیەکی پتەوی بە واتاسازییەوە هەیە ئەستەمە سنورێك لە نێوانیاندا دابنرێت، چونکە ڕستە لەسەر دوو بنەما بنیاد دەنرێت: (ڕێزمان_دروستی و واتاداری).[3]

---

(١) مازن الوعر: (٢٠٠١ : ٥٦)

(٢) محەمەدی مەحویی : (٢٠٠٩ : ٢٠٩–٢١٠)

(٣) عبدولواحد مشیر دزەیی : ( ٢٠٠٩ : ٤٢ – ٤٣ )

ڕستە بە گەورەترین یەکە دا دەنرێت لە شیکردنەوەی ڕێزماندا، لەناو ڕستەدا واتای دانە پێکهێنەرەکانی کەم تا زۆر سنووردار دەبێت. لەبەر ئەوەی هەر وشەیەك نرخی لەو جێگایەدایە کە تیایدا دێت، ڕیزکردنی دانە پێکهێنەرەکانی ڕستە گرنگترین شتە لە دیاریکردنی واتای ڕستەدا.[1]

لە ڕێگەی نموونەی ئەو ڕستە ئاشنایانەی کە ڕۆژانە دەریاندەبڕین، کە وەك ناوەندێك هەژماردەکرێن لە نێوان سینتاکس و سیمانتیکدا، ئالۆزیی پەیوەندیەکانی نێوان ئەو دوو ئاستەی زمانەوانییەمان بۆ دەردەکەوێت. بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك (١٤) _کە ئیدیۆمێکە خوازراوە بۆ توندی و گەورەیی دڵۆپەکانی بارانەکە_، دەکەوێتە نێوان دەربڕینی واتای ئێدیۆمی و ئەو دەربڕینە واتاییە سینتاکسیەی کە یاسا ڕێزمانییەکان بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی وەك (١٥) _کە لە واتا لێکسیکی یە ئاساییەکەی وەرگیراوە:

١٤. بارانی سەربەکڵاوە دەبارێت.

١٥. مناڵەکە گریا.

## ١ / ١ . ٥ . ئەو تەوەرانەی کە سیمانتیك پشتیان پێدەبەستێ لە لێکدانەوەی واتای ڕستەدا :

دەتوانرێت ئەو تەوەرانەی کە (واتا) پشتیان پێدەبەست بەم خاڵانەی لای خوارەوە دیاریی بکرێت:—

١. **ئەرکە ڕێزمانییەکان** (grammatical functions) : کە پەیوەندیە بنەڕەتیەکانی نێوان دەربڕاوەکان و واتا بنجیەکان دیاریی دەکەن، ئەوەی کە ناو دەبرێ بە ( درووستەی قوڵ/ ڕۆنانی ژێرەوە) ی ڕستە، کە " بریتیی یە لە چەمکێکی ئەبستراکتی پێکهاتەی ڕستە." [2] بۆ وێنە ( بکەر ، بەرکار، کار ، ......).

٢. **دانە زمانیانییەکان** : کە دەستنیشان دەکرێن بۆ خستنە ڕووی ئەرکە ڕێزمانییەکان: پێك دێ لە واتای فەرهەنگیی (lexical meaning) کە بریتییە لە واتای پۆلە ڕەگەزە کراوەکانی وەك(ناو و ئاوەڵناو و کردارو...هتد) و واتای دروستەیی ( structural meaning) کە واتای پۆلە ڕەگەزە داخراوەکانی وەك (دۆخی ڕێزمانی و ڕێژە و پلەی باڵا و بەراورد و ...هتد) دەگرێتەوە، لەو چوارچێوەیەدا دوو جۆر واتای فەرهەنگی تریش جیادەکرێتەوە کە بریتین لە واتای تایبەتیانە/ئاسایی(habitual) و واتای ئێستایی/ کردەیی (actual).[3]

(١) سەرچاوەی پێشوو : هەمان لاپەڕە

(٢) بڕوانە: محمد حماسة عبداللطيف: ٢٠٠٠: ٤٦

(٣) بڕوانە: محەمەدی مەحویی : ٢٠٠٩ : ٣٠

٣. **پەیوەندیە واتایی یەکان ( semantic relation)**: کە کاردەکەن لە نێوان ئەرکە ڕێزمانییەکان و یەکە پێکهێنەرەکان/ دانە زمانیی یەکان، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان دروستەی واتایی( semantic structure) پێکدەهێنن، ئەم پێکهاتە واتاییانە بریتین لە جۆری پێکەوە هاتنی کەرەسە واتاییەکان، بۆ نموونە پێکەوە هاتنی کۆمەڵە نیشانەیەکی واتایی تاکە لێکسیمێك، بریتیە لە ناوەرۆکە واتایی لێکسیمەکە. دوو جۆر پەیوەندی واتایی هەیە،-یەکەمیان/ (پەیوەندیە واتاییە جێنشینیەکان) کە لە ناو کێڵگەی واتایی هەر وشەیەکدا هەن و بریتین لە کۆمەڵێك فیچەر بۆ هەر هێمایەك لە هێماکانی ناو فەرهەنگ، دەتوانرێ پەیوەندیە ناوەکییەکانی ئەو پێکهاتە واتاییانە لە شێوەی درەختی هەرەمییدا ڕێکبخرێن. دووەمیان/(پەیوەندیە واتاییە تەکنشینیەکان)، بریتین لە واتای دانە پێکهێنەرەکانی ڕستەو پەیوەندییە سیمانتیکیەکانیان لە تەواوی ڕستەکەدا، کە لە لۆجیکی شێوازبەندانەدا بە پەیوەندیە واتا-گەلیەکان( sense relation) ناونراوە، ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە کە لە نێوان ناوەرۆکەکانی(وشە و ڕستەکان)ی زمانە سروشتیەکاندا هەن، بریتین لە پەیوەندی ڕێککەتنی تەکنشینیانەی نێوان کەرەسەکانی ڕستە.(١)

٤. **ئەو دەوروبەرەی کە ڕستەی تێدا دەردەبڕێ**: چەمکی دەوروبەر زۆر فراوانە، دەتوانرێت پێناسە بکرێت بە هەرشتێك کە کاریگەری لەسەر زمان دروست بکات لە ئێستای لە ئارادابوو دا یان لە ڕابردوودا، دەوروبەر گرنگی خۆی هەیە لە دیاریکردن و لێکدانەوەی واتادا، تاکە ڕێگایەك کە واتای فەرهەنگی دانەکانی زمان و واتای مەبەست دەربڕمان بۆ ڕووندەکاتەوە، دەوروبەرە، لەبەرئەوەی واتای سیمانتیکی ئەگەر دەوروبەری لێ دابماڵرێت تەمومژ و لێڵی لە واتادا دروست دەکات، بۆیە ئەستەمە بەبێ دەوروبەر لە واتا بکۆڵرێتەوە، هەرچەندە هەندێك لە زمانەوانان لە هەوڵی ئەوە دابوون ڕستە لە دەوروبەر دا بماڵن ، چونکە پێیان وابوو لەبەر ئەوەی وشە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا واتای جیاوازیان هەیە بۆیە ناتوانرێت لێکۆڵینەوە لە ڕستەدا بکرێت کارەکە ئاڵۆز و گران دەکات، لە سەرەتادا چۆمسکی یەکێك بوو لەوانە، بە گشتی ئەو دیاردانەی کە دەوروبەر هەڵوەستەی لە سەر دەکات لە لێکدانەوەی واتاییدا بریتین لە کەلتوورو دابونەریت و پلەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر، ئەو بارودۆخەی کە قسەکەی تێدا دەکرێت وەك کات و شوێن و چۆنیەتی و چەندێتی قسەکردنەکە، ئەو دیاردە پارازمانیانەی کە ئاخێوەر بەکاریدەهێنێت.(٢)

---

(١) سەرچاوەی پێشوو : ٣٣ -٣٦ ، بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی (پەیوەندییە واتاییەکان) بڕوانە: (جون لايينز : ١٩٨٧ ، محەمەدی مەحویی : ٢٠٠٩ ، عبدولواحد مشیر دزەیی : ٢٠٠٩ ، کلۆد جێرمان، ڕیمۆن لۆبلان :و. یوسف شریف سعید : ٢٠٠٦، فەرهاد توفیق حسن : ٢٠١٠ ، هـ. د. ویدۆوسن : و. هۆشەنگ فاروق : ٢٠٠٨ ، ...)

(٢) بڕوانە: عبدولواحد مشیر دزەیی : ٢٠٠٩ :٢٤ - ٢٨

## ١ / ١ . ٦. ئەرکەکانی سیمانتیك/ زانستی واتا لێکدانەوە:

بۆ پێناسەکردنی (واتا) لە واتاسازییدا پێویستمان بەوە هەیە کە بزانین ئەرکەکانی سێمانتیك چین، بە گشتی ئەرکەکانی هەر تیۆرێك لە تیۆرەکانی (واتا) بریتییە لە دوو ئەرك

١. **وەسفکردن و پێناسەی واتا:** پێویستە لەسەر هەر تیۆریەکی واتایی لە زانستی زماندا هەوڵ بدات واتای دەربڕینەکانی زمانە سروشتییەکان دیاریی بکات و ناویان لێبنێت، بەشێك لە کۆزانیاریە زمانییەکانمان بریتییە لەوەی کە دەربڕینە زمانیەکان شتێکمان پێ ڕادەگەیەنن ، لەبەر ئەوە سیمانتیك دەبێ ئەو بەشە کۆزانیاریە زمانییەمان بۆ وەسف بکات کە بریتییە لە پەیوەندی (ناوە دانراوەکە و ناوبۆدانراوەکە)، جگە لەوە پێویستە چۆنیەتی ناولێنان و ناوبۆدانانەکە ڕوون بکاتەوە.

٢. **وەسفکردنی پەیوەندییە واتاییەکان:** دەتوانین لە نێوان واتای دانە زمانیەکاندا پەیوەندی جۆر بەجۆر بەدیبکەین، وەك پەیوەندی هاوواتایی و دژواتایی و هەڵنەکردن و نەگونجاویی.........هتد، کە بەشێکی دیکە لە کۆزانیارییە زمانییەکانی ئێمە پێك دەهێنن، بە جۆرێك تەنها پەیوەندییە جێنشینییەکان/ستوونیەکان دەگرێتەوە، بە واتایەکی تر پەیوەندی (واتا بە واتا)وە دەگرێتەوە، لەم ڕووەوە تیۆریەکە هەڵدەستێ بە وەسفکردنی ئەو بەشەی کۆزانیاریە زمانییەکانمان.[١]

ئەم دوو بابەتە وەك سەرەکیترینی ئەرکەکانی واتاسازیی سەیر دەکرێن، ئەگەرچی هەر تیۆریەك بە سەربەخۆیی کۆمەڵێك ڕۆڵ و ئەرکی جیاجیا دەخاتە ئەستۆی خۆی، هەریەکە لەو دوو تیۆرییەی کە باس و بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانە لەبەر ئەوەی کە ڕستە وەك یەکەیەکی سەرەکی واتا سەیردەکەن، کۆمەڵێك ئەرکی پەیوەست بە واتای ڕستە دەخەنە ڕوو کە لەم خاڵانەدا کورتیان دەکەینەوە:

أ. لێکدانەوەی لێڵی و تەمومژیی واتایی لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا

ب. دیاریکردنی لێکدانەوەکان بۆ ڕستە.

پ. دەرخستنی ناوێزەی واتایی

ت. بەرهەمهێنان و پێکهێنانی ڕستە، شیاو بن بۆ لێکدانەوە یان نا.[٢]

---

(١) محەمەدی مەحویی : ( ٢٠٠٩ : ١١١ – ١١٤)

(٢) بڕوانە: عبدولواحد مشیر دزەیی : ٢٠٠٩

# بەشی یەکەم:

# پاری دووەم/

## پاشخانە فەلسەفیی و لۆجیکییەکانی پشت تیۆرە سیمانتیکییە شێوازبەندەکان لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دەرەوەی ئەو ڕێزمانەدا

## ١ / ٢ . پاشخانە فەلسەفیی و لۆجیکییەکان

## لە پشت تیۆرە سیمانتیکییە شێوازبەندەکان:

### ١ / ٢ . ١ . واتاسازیی لە فەلسەفە کۆنەکاندا:

### ١ / ٢ . ١ . ١ . واتاسازیی لای گریکییە کۆنەکان:

ئەگەرچی زانستی واتاسازیی زانستێکی نوێ یە ، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵداوە، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نیە کە بیری مرۆڤایەتی لەبواری زماندا خاڵی بووبێت لە هەوڵی لێکۆڵینەوەی واتایی. بەڵکو بە پێچەوانەوە ، دەبینین لەسەردەمە کۆنەکاندا کۆمەڵێك کارو لێکۆڵینەوە بە جێماون کە بەتەواوی لە ئەنجامی بیری واتاسازییەوە سەریان هەڵداوە. گرنگیدراوە بە زمان بەگشتیی و واتاسازیی بەتایبەتی، لە گرنگترین ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کە لەبەردەستدان ئەوانەن کە فەیلەسوفە گریکیەکان و زمانەوانە هیندیەکانەوە بەجێماون.

ژیربێژانی یۆنانی لەلێکۆڵینەوەو گفتووگۆکانیاندا دووچاری کۆمەڵێك بابەتی پەیوەندار بە واتاوە بوون، وایان دانا کە ئەم بابەتە کێشەیەکی گرنگی تایبەت بە زمانە لە بیری مرۆڤایەتیدا. لای ژیربێژەکان بابەت و کێشەی پەیوەندی نێوان (دەربڕین/قسە) و واتاکەی لە گرنگترین ئەو بابەتە واتایی یانە بوو کە چەندین گفتوگۆی بەدوای خۆی دا هێنا، لەو نێوەندە دا بوون بە دوو گروپ و دوو بیروڕای جیاواز سەریهەڵدا: گروپی یەکەم-کە بەناوبانگترینیان ئەفلاتوون بوو- بڕوایان وابوو کە پەیوەندی نێوان دەربڕین و واتاکەی پەیوەندیەکی سروشتیی و لەخۆوەیە ، لەبەرئەوەی کە (( دەربڕین واتایایەکی پێویستی پەیوەست بە سروشەکەیەوە هەیە ، کەڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە تیایدا دەردەبڕێ جا چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ))[(١)]. هەرچی گرووپی دووەم -کە بە سەرکردایەتی ئەرستۆڤێری بوو- پێیان وابوو کە پەیوەندی نێوان دەربڕاو و واتا پەیوەندیەکی زاراوەیی ناسروشتی یە، لەبەرئەوەی ((دەربڕاوەکان خاوەنی زاراوەن کە لە سەربنەمای ڕێککەوتن و ڕەزامەندبوونی مرۆڤەکان لەسەری، دروستبوون))[(٢)]، هەروەك ئەرستۆ جیاوازی نێوان (قسە/دەبڕینی دەرەکی) و (دەربڕینی ناوەکی_ ئەوەی کە لە مێشك و ئاوەزی مرۆڤدایە_)کردووە. ئەم جیاکاریەی (ئەرستۆ) بە بەرەوپێشچوونێکی واتایی ئەژمار دەکرێت،((بە بنچینەیەکی گەورەی تیۆرەکانی واتا دادەنرێت لەسەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا))[(٣)] .

(( (پرۆکلیس) لەسەدەی پێنجەمی زایینیدا گرنگی داوە بە واتا و تێبینی ئەوەی کردووە کە گۆڕانی واتایی زۆر شێوە دەگرێتەوە لەوانە (ئیدیۆم ، فراوانبوونی واتایی ، تەسکبوونەوەی واتایی).))[(٤)]

---

(١)جورج مۆنان : (١٩٧٢ : ٩١)

(٢) سەرچاوەی پێشوو :

(٣) احمدمختارعمر: (١٩٩٨ : ١١)

(٤) محمـود فەهمی حجازی : (١٩٩٩: ٤٢)

**١ / ٢ . ١ . ٢ . واتاسازیی لای زمانەوانانی هندیی کۆن:**

بابەتی واتاسازی گرنگی یەکی زۆری پێدرا لای هینـدیەکان ، ئەوان هەر زوو لەلێکۆڵینـەوە زمانەوانیەکانیـاندا کە تایبەت بوو بەزمانی هیندی (سەنسکریتی) ــ چونکە ئەو زمانە تاکە ڕێگە بوو بـۆ تیگەیشتن لە کتێبە ئایینیەکەیان (ڤیدا) ــ باسیان لە واتا کردووە[١] .لە ڕاستیدا هیندیەکان ((گفتووگـۆیەکی چڕیان لەسەر زۆرێك لەو بابەتانەکـردووە کە زمانەوانی نوێباو خـۆی پێوە خەریککردووە لە لێکۆڵینـەوە واتاسازیەکاندا))[٢]، لەگـرنگترین ئەو بابەت و لێکۆڵینەوە واتاسازیانەی کە هیندیەکان گفتووگۆیان لەسەرکردووە بریتین لە:

- **گەشەی زمان** :– هەیانبوو دەیگوت کە زمان بەخشـشێکی خوایی یە، هەشـیانبوو دەیگوت کە زمان لە بەرهەم و داهێنانی مرۆڤ خۆیەتی.
- **پەیـوەندی وشـە بە ئاماژبەنـدەکەی/ناولێنراوەکەی**:– ئەم بابەتە لەو بابەتانەیەکە زمانەوانە هیندیەکان زۆر خۆیان پێوە خەریککردووە ، لەم نێوەندەدا دوو بیرو ڕای جیاوازیان پیشانداوە، بەشێکیان وایان دەبینی کە پەیوەندیەکی سروشتی هەیە لە نێوان وشە و ئاماژبەندەکەی ، بەشەکەی تریان پێیان وابوو پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی ناسروشتییە، لەسەر بنچینەی ڕێککەوتنە.[٣]
- **بەشەکانی واتـا** :– زمانەوانە هیندیەکان پاش ئەوەی کە پۆلێنی جیاوازیان بۆ ئەو شتان کرد کە دەبـنە هۆی پێکهێنانی واتای وشە ، بەرەو ئەوە چوون کە چوار جۆر واتا دیاری بکەن، بەشوێنپێ هەڵگرتنی ئەو پۆلێنەی کە بۆ شتەکانیان کردبوو لە گەردووندا:

ــ بەشێکی ئاماژەدەربوو لەسەر ئاماژبەندی تەواو و گشتی وەك (مرۆڤ ، ئاژەڵ ، پیاو ، ژن ، ....... )

ــ بەشێکی تر ئاماژەدەربوو لەسەر چۆنیەتی وەك ( درێژ ، کورت، سارد ، گەرم ، ............)

ــ بەشێکی تر ئاماژەدەربوو لەسەر ڕووداو وەك ( هات، ڕۆیشت، مرد ، کەوت، ..............)

ــ بەشێکی تر ئاماژەدەربوو لەسەر کەس یان (تایبەتیەتی) وەك ناوی مرۆڤ ، شار ، ڕوبار، ....[٤] وەك ( هێمــن ، هیوا ، سلێمانی ، هەولێر ، شیوەسوور ، تانجەرۆ،..................)

- **پەیوەندی دەربڕاو / دەربڕین و واتـاکەی**:– هیندیەکان پێش یۆنانیەکان گرنگیان بەم بابەتە داوە، چەندین بیروڕایان لەم بارەیەوە دەربڕیوە ، هەیانە ئەو بیروڕایە ڕەتدەکەنەوە کەپێی وابووە دەربڕین و واتا لە یەك جیان . دەیانگوت هەموو شتێك وێنا دەکرێت بەو دەربڕاوەی کە واتاکەی دەگەیەنێت ، ناتوانرێت لەیەك جیابکرێنەوە لەبەرئەوە بوو کە پێیان وابوو وشە یەکێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی پێکهاتەی خودی شتەکە / ناولێنراوەکەی، وەك چۆن قوڕ هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خاك دەگرێتە خۆی.

---

(١) د. فاروق عمر صدیق : موحازەراتی خوێندنی باڵا / ماستەر: (٢٠١١ – ٢٠١٢)

(٢) احمد مختار : (١٩٩٨ : ١٨)

(٣) محمود فهمی حجازی: ( ٤٢:١٩٩٩)

(٤) احمدمختار: (١٩:١٩٩٨)

هەیانبوو باوەڕی وابوو پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی سروشتی و زکماکی یە، خاوەنی ئەم بیروڕایە ئەوانە بوون کە پێیان وابوو گەشەی زمان لەسەر بنچینەی لێکچوونی دەنگە سروشتیەکان دروست بووە. هەندێکی تریان وایان دەبینی کە پەیوەندی وابەستەی نێوان دەربڕین و واتاکەی وەك پەیوەندی نێوان ئاگر و دووکەڵ وایە . بەشێکی تریان پەیوەندیەکە وەك پەیوەندیەکی بە ڕێکەوت و ناسروشتی سەیردەکەن.[١]

- **گرنگی دەوروبەری زمانی/سیاق**( context)، **لەڕوونکردنەوەی واتای وشەدا**:–هیندیەکان لەگرنگیدانیان بە زمان دا باسیان لەدەوروبەری زمانی کردووە و بڕوایان وابووە کە :(وشە بە تەنها واتای نیە ،لە ڕستەدا نەبێت.).
- **هەبوونی هاوواتا/سینۆنیم و هاودەنگ/ هاپیۆنیم وەك دیاردەیەکی گشتی لەزماندا**.
- **ڕۆڵی پێوانە وئیدیۆم لەگۆڕانی واتادا**.[٢]

### ١ / ٢ . ١ . ٣ . واتاسازیی لە سەدەکانی ناوەڕستدا:

ئەگەرچی فەلسەفەی شیکەرەوەیی(analytical philosophy)، چەمکێکە لە سەدەی نۆزدەدا پەیدا بووە، بنەڕەتەکەی ناگەڕێنرێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی بەستراوەتەوە بە بیروبۆچوونەکانی هەردوو فەیلەسوف (گۆتلۆب فریگە و ئەلۆنسۆ چۆرچ)، کەچی لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی پەیوەست بەو فەلسەفەیە، هەست بە لاسابیەکی دوورودرێژی ئەولایەنەی فەلسەفە دەکرێت کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبووە، بەتایبەت کیشەکانی وەك ئاخاوتن ونیشانەکان و واتا (signification) و تایبەتمەندیەکانی وشەو کەرەسەکانی زمان ، نواندن وداڕشتن، هەروەها ڕۆڵی ڕەمز/سیمبوڵ لە ژیانی ئەوکاتەی سەدەکانی ناوەڕستدا.[٣]

هەرچەندە سیمانتیك لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پێناسەی وردو دیاریکراوی بۆ نەکراوە، بەڵام دیارە، کە بریتی بووە لە تێڕامان و سەرنجدان لە چەمکی هێما زمانییەکان، ئەرك (functions) و پۆلێنکردن (classifications)، لای ئەوان بیرۆکەی تێڕامان لە واتا لە بنەڕتدا دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکە کۆنەکان سەبارەت بە گرفتی زمان و ڕێزمان.

ئەگەر تیۆری زاراوەسازی بۆ زاراوە تایبەتمەندەکان، بناغەکەی بریتی بێت لە واتاسازی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەوە لەناو تایبەتمەندییە شێوە جیاوازەکانیشدا (واتا) یەکێکە لە زاراوە تایبەتمەندە هەرە گرنگەکان کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیارییکراون و بەکارهێنراون. گرفتی سیمانتیك بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە تێڕوانینی نوسەرانی سەدەکانی ناوەڕاستدا و بە تایبەت چەمکی (signification) زۆر جەختی لێکراوەتەوە.

---

(٤) احمدمختار عمر : (١٩:١٩٩٨)

(٢)سەرچاوەی پێشوو: ٢٠

(٣). Meier-Oeser, (2003)

چەرەسەری زمانەوانانی ئەو سەردەمە بۆ گرفتی سیمانتیك ئەوەبووە کە نەریت/تەقلید(tradition)ی واتاسازیی سەدەکانی ناوەڕاستیان دابەش کردووە بۆ دوو نەریت:–یەکەم: ڕێگای کۆن( *via antique*)، دووەم: ڕێگای ئێستایی (*via moderna*) کە بریتی بوون لە دوو ئاراستەی سەرەکی لە گەشەکردنی واتاسازی ئەو سەردەمەدا. گرنگیدان بە واتاسازیی لەو سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لەم هۆکارانە:

١. فێربوون و خوێندن لە قوتابخانەکاندا بریتیی بوو لە بنەڕەتی نەریتی شیکردنەوە و سەرنج نووسین لەسەر دەقە کۆنەکان، گرنگیەکی مەزنی هەبوو، زاناکانی ئەو سەردەمە لەکاتی گفتووگۆکردنیان لەسەر تێکستەکان سەرنجی خۆیان دەردەبڕیی. کێشەی ڕاڤەکردنی دەقیان وەك تێگەیشتن و لێکدانەوە لەقەڵەم–دەدا.[١] ، نەریتی سەرنج نوسین لەسەر تێکستەکان سوودی هەبووە لە ڕوونکردنەوەی واتای زاراوەکان (signification of terms)، و ئەو دەربڕینانەی کە ئەو زاراوانە پێکدەهێنن.[٢]

٢. ئەو شێوازی خوێندنە سادەیەی کە لەو سەردەمەدا هەبوو هۆکارێك بوو گەشەسەندنی واتاسازیی، بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست هەوڵێکی زۆریاندا بوو لە بواری شیکردنەوەی چەمکیی( conceptual analyses) بۆ زاراوە سەرەکیەکانی ناو دەقەکان، کە لەشێوەی سەرنجدا دەنووسران، لە نێوانیاندا ئەو زاراوانە بەرچاو دەکەون کە سەربە زانستی واتاسازین : وەك : هێما (*signum*)، واتا (*significare*)، نواندن ودارشتن(*reparesenatio*)، هەرکات بیرمەندان ڕووبەڕووی ئەو جۆرە زاراوانە دەبوونەوە ناچاردەبوون کە زانیاری و سەرنجی پێویست بدەن لەسەر ئەو چەمکانە.[٣]

لە سەدەی سێزدەیەمدا کاتێك یەکەمین زانکۆ لە ئەوروپا دامەزرێنرا، واتاسازیی بەو شێوە تایبەتمەندیەی کە هەبوو لەناو پرۆگرامی خوێندندا دانرا. لە فاکەڵتی ئەدەبیاتی ئەو زانکۆیەدا پرسی واتالێکدانەوە لە چوارچێوەی سێ هونەرەکەدا دانرا کە بریتی بوون لە(ڕێزمان و ڕەوانبێژیی و لۆجیك)، بە تایبەت (لۆجیك) کەوتە گفتوگۆی لۆجیکی لە سنووری پرسیارە واتاییەکاندا و لە مەودایەکی بەرفراواندا.[٤]، کە دواجار بووە هۆی ئەوەی تێڕامان و ڕاڤەکردنی واتایی پەرەبسێنێت.

دەتوانرێت سێ سەرچاوەی گرنگ بەدی بکرێت کە ئاماژە دەکەن بۆ بناغەی گەشەسەندنی واتاسازیی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوانیش:

**یەکەم**: تیۆری ئۆگستین (Auguestine) لەبارەی هێماوە

**دووەم**: کارە ڕێزمانیەکانی پریشیانۆس(Pricianus)

**سێیەم**: ئایدیا سیمانتیکیەکانی ئەرستۆتالیس (Aristotelian) لە کتێبی(*Peri hermeneias*).

---

(١) . Meier-Oeser, (2003)

(٢). Egbort.p. Bos, (1997, p. 71)

(٣). Meier-Oeser, (2003)

(٤). Bochenski, (1993, p. 26.)

هەوڵ دەدەین تەنها باری سەرنجی (ئۆگستین) وەرگرین لەبارەی هێماوە، کە زۆر سەرەکی بووە لە بواری واتادا لە سەدەکانی ناوەڕستدا، پەیوەندی توندوتۆڵی هەیە بە واتاسازیی نوێباوەوە، ئۆگستین دەنووسێت : (( هێما ئەو شتەیە وەك خۆی کە هەیە هەستی پێدەکەین ،هەروەها شتی تر بە میشك ئاوەزدا دێنێت .)) ، یان دەڵێت : (( لەبەر ئەوەی هێما لە جۆری ئەو شتانەن کە لە هەستەکاندا هەڵدەگیرێن/هەستیان پێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارن بۆ هاتنی شتی تر لە بیرو ئاوەزدا )) [1]، خاڵی هاوبەش لەم دوو پێناسەیەدا ئەوەیە کە هەردووکیان ئاماژە بە ناوەندێك دەکەن لە نێوان (شت و نیشانە/هێما)دا ئەویش (بیر ، ئاوەز، مێشك)ە، جگە لەوە هێما نیشانەیە بۆ شت لەلایەك، لەلایەکی ترەوە نیشانەیە لە بیرو عەقڵدا.

## ١ / ٢ . ٢. لۆژیکی سەدەی نۆزدەهەم:

### ١ / ٢ . ٢ . ١ . لۆژیکی بیرکاری لای (جۆرج بووڵ) و (دی مۆرگان):

لێکۆڵینەوە لۆجیکی و ماتماتیکیکیەکانی سەدەی نۆزدە کەم تا زۆر کاریگەریان لەسەر ڕێزمانی گواستنەوە بەگشتی و لێکۆڵینەوە واتاسازیەکان لە سنوری ڕێزمانی ناوبراودا هەبووە، دیارترینیان بیرۆکە و ئایدیاکانی لۆجیکناس و بیرکاریزانان جۆرج بووڵ[2] (١٨١٥ – ١٨٦٤) و دی مۆرگان[3](١٨٠٦ – ١٨٧١)ن.

هەردوو کتێبی (یاساکانی بیرکردنەوە(The Laws of Thought) و شیکاری بیرکاریانەی لۆجیك)ی جۆن پۆڵ کە سەرەتاو دەستپێك و ناوەرۆکی هەردوو کتێبەکە بریتی بوو لە گەڕان بە دوای ڕاستی ئەو یاسا بنەڕەتیانەی کە لە پرۆسەی ئاوەزیی و عەقلیی/ ژیریی مرۆڤدا (دەربڕاوی دەنگییان/ *reasoning* ) پێ جێبەجێ دەکرێت، بۆ پێدانی دەربڕینێك لە شێوەی زمانی هێما، بەپێی لۆجیکی ژمێریایانەی بیرکاریانە.... کە لەسەر ئەو بنەمایەیە میتۆدی لۆجیکەکەی بنیاتناوە و بەرهەمهێناوە. بەهۆی گرانی دەستپێڕاگەیشتن بەو یاسا بنەڕەتیانە، (بووڵ) ناچار بووە کە بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێت بۆ ئەو گرفتە، پێی وایە کە دەتوانرێت لە ڕێگەی پشکنین و لێکۆڵینەوەی (زمانی ئاوەزی)یەوە دەست بەو یاسایانە ڕابگات، لە چوارچێوەی ئەو تیۆرەوە چەندین نموونەو پاساوی ڕازیکەری بۆ ئەو کاتە هێناوەتەوە.[4]

---

(١). Meier-Oeser, (2003)

(٢) جۆرج بووڵ بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر چووە ناو بواری لۆجیکی و ژیریێژییەوە، پاڵنەرەکان بۆ لێکۆڵینەوەی لە بواری لۆجیکدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکییە کەمبایەخەی کە کەوتبووە نێوان (دی مۆرگان و هاملتوون)، ئەوەبوو: کە ئایا بیرۆکەو ئایدیای (پێوانەکردنی پریدیکەیت) (بۆ نموونە وەك : سەرجەمی (أ) بریتی یە لە سەرجەمی (ب) ، سەرجەمی (أ) بریتی یە لە بەشێکی (ب) ، ....) بدرێتە پاڵ کامیان. جورج بووڵ لە ماوەیەکی کورتدا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی (٨٢) لاپەڕەیی پێشکەش کرد بەناوی (شیکاری بیرکاریانە بۆ لۆجیك/ Mathematical Analysis of Logic) کە ڕێبازێکی جەبریی/ ئەندازەیی بیرکاریانە بوو بۆ شیکردنەوەی لۆجیکی ئەرستۆ.

(٣) ئۆگیستس دی مۆرگان: لۆجیکناس و ماتماتیکستێکی بریتانییە، ژیانی لە نێوان هیندستان و ئینگلتەرادا بردۆتە سەر، زیاتر لە دە کتێب و بڵاوکراوەی لە بواری بیرکاری لۆجیکدا هەیە، لە گرنگترین ئەو کتێبانەی کە پەیوەندی بە لۆجیکی زمانەوە هەیە کتێبی لۆجیکی شێوازبەندانەیە( formal logic) کە کاریگەری لەسەر ڕێزمانی نوێباو و بە تایبەت سیمانتیکی لێکدانەوە هەبووە.

(٤) R.E. Jennings: (2005: 6)

و دەڵێت: (( پێویست ناکات بچینە ناو ئەو گفتوگۆو مشتومڕانەی کە تیایدا دەربڕاوی دەنگی ئامرازێکی بنەڕەتی (زمان) بێت. کە یەکێکە لە کارە زانستییەکان بۆ دۆزینەوەو گەیشتن بە ڕاستیی ئەو یاسایانە، ئەگەر بێتو وادابنێین کە هێما بریتییە لە نوێنەری شت/بابەت و پەیوەندییەکانیان یان نوێنەری چەمك و ئۆپەراسیونی ئاوەز و عەقڵی مرۆڤ بێت، لە لێکۆڵینەوەی یاساکانی هێمادا، لە ڕاستیدا کاری ئێمە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە یاسا ئاشکراکانی دیاردەی دەربڕینی دەنگی، هەرچەندە لە پاشکۆی ئەوەدا لە دۆزینەوەی یاساکانی هێمادا، باس و بابەتی ڕاستەوخۆی پشکنینەکان بریتیە لە (زمان)، هاوکات دەگەڕێن بە دوای ئەو یاسایانەی کە حوکم دەکەن لە بەرهەمهێنانیدا، بە دوای ئەوەدا پرۆسە ناوەکییەکانی بیرکردنەوە دەکرێن بە بابەتی ڕاستەوخۆی بە دواداگەڕان و پشکنین، جگە لەوە لە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆتردا پەنا دەبەینە بەر هۆشیاریی و درککرنە تاکەکەسییەکانمان. لە هەردوو بارەکەدا دەبینین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بە شێوەیەکی شێوازبەندانە هاوشێوەو یەکسانن، ناتوانین بە ئاسانی پێشبینی ئەوە بکەین ، کە ئایا دەکرێ هەموو زمان و دیالێکتەکانی ئەم جیهانە بە پێی ئەو زنجیرە بەدوای یەکداهاتنە سادانەی کە هاوبەش و جیهانین، پیشانبدرێن. ئێمە دڵنیا نین لە هەبوونی هەندێ بنچینەی قووڵ لە نێوان ئەو زمانانەدا لە خودی یاسا ئاوەزییەکاندا، بە واتایەکی تر دڵنیانین کە هەمان یاسای ئاوەزیان هەیە. ))[١]

دی مۆرگان هەمان تێگەیشتنی بۆ ئەو بابەتانە هەیە، تێڕوانینی هاوشێوەی فەیلەسوفەکانی سەردەمی خۆی بوو، لای ئەو بابەتەکە بریتی بوو لە متمانەو باوەڕبەخۆبوون لە دەستڕاگەیشتن بە (بیر) بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە زمان بەکارهێناندا، بڕوای وابوو کە بە شێوەیەکی کرداریانە دەتوانین بگەینە ڕاستی هەندێك لە تواناکانی مرۆڤ بەهۆی ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوە زانستیانەی کە پێویستیان بە لێکدانەوەو یەکلاکردنەوەی سیستماتیکی نیە.[٢]

## ١ / ٢ . ٢ . ١ . لۆژیکی فریگەیی (Fregean logic)[٣][٤]:

کاریگەریەکانی ئەم لۆجیکە لە سەر ڕێزمانی نوێباو واتاسازیەکانی سەر بە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە دیارو ئاشکران، لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە کاریان کردوّتە سەر لۆجیکست و واتاسازانی ئەو ڕێزمانە، بریتی یە لە بنەمای تیۆری (واتا–گەل و ئاماژبەند) و (بنەمای پێکهێنانەوەیی/ Compositionality). پێشتر ئاماژەمان بە واتا–گەل و ئاماژبەند کرد، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر بنەمای پێکهێنانەوەیی کە زۆر جار بە بنەمای فریگەیی دەناسێنرێت، ئەم بنەمایە لە ئاخاوتندا واتای وشەو واتای دەربڕاوەکان دەگرێتەوە، زۆرتر ئاماژەکردنە بە واتای ڕستە.

---

(١)R.E. Jennings: (2005: 7)

(٢) سەرچاوەی پێشوو : هەمان لاپەڕە.

(٣) ئەوەی کە پێی دەوترێت لۆجیکی فریگەیی لە کتێبی( Logic in Mathematics/ لۆجیك لە بیرکارییدا)ی فریگەوە هاتووە کە لە کاتی خۆیدا بلاّو نەکراوەتەوە تا ساڵی ١٩١٤. بە بنەمای فەلسەفەو داهێنانەکانی فریگە دادەنرێت.

(٤) Reinhard Muskens : ( 2009: 5-7 )

ئەم بنەمایە ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە لە واتاسازیی شێوازبەندانەدا (Formal semantics) و بە درێژایی گەشەکردن و بە رەو پێش چوونی ئەم جۆرە سیمانتیکە، ئاسایی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێ و دادەڕێژرێت: ( واتای هەر دەبڕاوێکی پێکهاتوو بریتی یە لە کۆی واتاکانی دانە پێکهێنەرەکانی ئەو دەربڕاوە و ڕێگاکانی پێکەوەهاتنیان بە شێوەیەکی سینتاکسیانە.) بۆ ئەو مەبەستە بە زۆر شێوە هەوڵ دراوە پێناسە و جیاوازی بکرێت لە نێوان (واتا–گەل و ئاماژبەند)، لە نموونەیەکی بیرکاریانەی لەو شێوەی خوارەوەدا ئەو بنەمایە دەخەینە ڕوو:

زاراوەی ئاماژبەند لە بیرکاریدا مەبەست لیی ئاماژەکردنە بە یاسایەك یان داڕشتەیەك یان کردەیەك کە بە گوێرەی ئەو (یاسا/داڕشتە/کردە)یە نرخی دانەیی هەریەك لە توخمە پێکهێنەرەکانی کە دەکەونە سنوورەکەیەوە، دیاریی دەکرێت، بەم جۆرە ڕێککەوتنێك دروست دەبێت جا گونجاوبێت یان نا لە نێوان توخمەکانی هاوکێشەی(هـ) و لە نێوان نرخی دانەکان(ن) دا جێبەجێ دەبێت یان لە سنوری (ن) دا بۆی زیاد دەکرێت، بۆ نموونە هاوکیشەیەکی بیرکاری بەو جۆرە دەنوسرێت($س^{2}$=ص) بە گوێرەی ئەوە نرخێکی ژمارەیی دیاریکراو دەردەچێت بۆ ($س^{2}$) دوو نرخی جیاواز بۆ هەریەك لە نرخە ژمارەییەکانی (س) دەردەچێت، بەم جۆرە بۆ هەموو دەربڕاوێکی ڕاست و دروست داڕێژراوی زمانی نرخێکی دوو پەلکی (ڕاست/دروست، درۆ/نادروست)دەردەچێت.[١]

پەیوەندی ئەم بنەمایە بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتایی دەربڕاوەکانی زمانە سروشتییەکانەوە ئەوەیە، کە پێمان دەڵێت بەکارهێنەرانی زمانێکی دیاریکراو دەتوانن واتای ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دەربڕاوە بەرهەمهاتووەکانی زمانەکەیان لێك بدەنەوە، نەك هەموو دەربڕاوە بەرهەمهاتووەکان، چونکە ئەوە شتێکە لە توانای مرۆڤ دا نییە،.... هەروەها پێمان دەڵێت کە دروستەی ئەرکیی ئارگۆمێنت بریتیە لە کلیلی پێکهێنانەوەی واتایی، هەرچەندە ڕوون نیە چۆن پرۆسەی پێکهێنانەوەیی کار دەکات، جۆری ئەو شتانە چین کە وادەکەن واتای فرێزو دەربڕاوەکان پێکەوە بێن و لێکبدرێن؟ بە چ پێوەرێك ؟ بۆ پێدانی واتا بە دەربڕاوو فرێزە ئاڵۆزو گەورەترەکان[٢]. بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی فریگە نموونەیەکی سادە دەخەینە ڕوو لە (١٦) دا :

**(١٦) ئاشنا دڵخۆشە.**

دەتوانین بڵێین پریدیکەیتی **(دڵخۆشە)** واتای ئەرکێکی دیاریکراوە لە ناو سێتێك پێکهاتەو بابەتی (دڵخۆش بوون) ئەم ئەرکە گۆکردنە جێبەجێدەکرێت بۆ واتای تاکە کەسێك لە چوارچێوەی ناوی (ئاشنا)دا بە مەبەستی پێدانی (ڕاستی یان نا ڕاستی) ناوەرۆکە– واتای ڕستەکە.

---

(١) بڕوانە: جون لاینز : (١٩٨٧ : ١٦٣ – ١٦٦ )

(٢) Barbara H. Partee : ( 2011: 16 -17)

## ١ / ٢. ٣ . سەرتا و گەشەو سەرهەڵدانی زانستی واتاسازی:-

بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە بابەتی واتا کۆنە ، کە پێشتر باسکرا، لەو کاتەوە کە مرۆڤ درکی بە (هۆشیاریی زمانیی) کردوە بە دووی واتادا گەڕاوە، ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك توێژینەوەی جێگیرەوە بووە کە بابەتی واتای لەخۆ گرتووە. بەڵام ئەم لێکۆڵینەوانە وامان لێناکەن کە بڵێین واتالێکدانەوە وەکو زانستێکی چەسپاو کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژینەوە کۆنانەی کە باسکران. بەڵکو بەزانستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکان وبە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم ، بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە:

### ١/ ٢. ٣ .١. قۆناغی پەرەسەندنی مێژوویی:

ئەمەش لە چوارچێوەی کارەکانی هەندێك لێکۆڵەرکە بەناوبانگترینیان ئەو کەسەیە کە لە هەردوو کتێبەکەیدا[١] دەڵێت:((قسە/گوتن و بیر بەتەواوی بەرامبەر یەکن.)) ئەویش ماکس موڵەرە.[٢]

ڕایزگ کە کتێبەکەی لە ساڵی ١٨٣٩ بە ناونیشانی (سێمۆسیۆلۆجی/semasiologie ) بلاوکردەوە، لای ئەو واتالێکدانەوە زانستێکی چەسپاوو سەربەخۆ نەبوو بەڵکو لە پاڵ مۆرفۆلۆجی دا وەك بەشێك لە پێکهێنەری ڕستەسازی لە قەڵەمی دابوو. ئەگەر بێت و ئەو کارانە تەنها سەرەتاکانی واتا لێکدانەوە بن، ئەوا دەرکەوتنی لێکۆڵینەوەی زانستی یە بۆ واتا وەك زانستێکی سەربەخۆ لە هەمانکاتدا. کە بە بیروڕای زۆرێك لە زمانەوانان دەگەڕێتەوە (میشێل برێل)ی زمانەوانی فەڕەنسی، لە وتارە بەناوبانگەکەیدا لە ساڵی ١٨٨٣ بلاوی کردەوە، یەکەم کەس بوو کە زاراوەی (سێمانتیکی) بەکار هێناوە بۆ واتاسازی وەك زانستێکی تایبەت بە لێکدانەوەی واتای زمانی، وا پێناسەی کرد کە بریتییە لە(ئەو یاسایانەی کە دەبنە هۆی گۆڕان لە واتادا)، واتاسازی لای ئەو لێکۆڵینەوەیە لەو گۆڕان و گەشەیەی کە بەسەر واتای وشەدا دێت، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی کە حوکم دەکەن لەو گۆڕانانەدا.[٣]

لە ساڵی ١٨٨٧دا (برێل) لە کتێبەکەیدا کە درێژەدان بوو بە وتارەکەی پێشووی لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت:"ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە ئێمە سەرنجی خوێنەری بۆ ڕادەکێشین هێندە نوێیە کە تا ئێستا ناو نەنراوە، ڕاستە زۆربەی زمانەوانان گرنگیان داوە بە شێوەو تەن و پێکهاتەی وشەکان ، بەڵام هەرگیز ئاگاداری ئەوە نین کە کۆمەڵە یاسایەك هەیە کە گۆڕانەکانی واتا ڕێکدەخەن ،دەربڕینی ڕستەی نوێ و وەستان لەسەر مێژووی لەدایکبوون و مردنی گەشەو گۆڕان لە وتاداو ......، وادەکەن کە ئەم لێکۆڵینەوە شایستەی ئەوە بێت ناوێکی تایبەت بە خۆی بۆ دابهێنرێت. بۆیە ئێمە ناوی دەنێین(سێمانتیك) بۆ ئاماژەدان بە زانستی واتا"[٤]

---

(١) دوو کتێبەکە بریتین لە کتێبی (the science of language : 1886) و (the science of thought : 1887)

(٢) احمد مختار: ( ١٩٩٨: ٢٢– ٢٣ )

(٣) منقور عبالجليل : ( ٢٠٠١ :١٨)

(٤) سەرچاوەی پێشوو : ١٩

بەم شیوەیە زانستی واتا گەشەی کردووەو بوّتە  لقێك لە لقەکانی زانستی زمان، لەم قوّناغەدا ناونرا بە واتاسازی گەشەکردوو پێشکەوتوو یان مێژوویی، کە قوّناغی یەکەمی ڕێڕەوی زانستی واتابوو لای زمانەوانان، بە جوّرێك لەم قوّناغەدا زمانەوانانی خەریککردبوو بە بنچینەکانی بابەتی گوّڕانی واتا وێنەکانی ئەو گوّڕانە، بەگشتی گەیشتنە ئەو ڕایەی کە کوّمەڵێك هوّکار هەیە بوّ گوّڕانی واتا کە دەتوانرێت لە چوارچێوەی هوّکاری زمانی و مێژوویی وکوّمەڵایەتی و کلتووری ودەروونی ئاوەزیدا کورت بکرێتەوە. پاش لێکوّڵینەوەکانیان گەیشتنە کوّمەڵێك ڕێگاو شێوەی گوّڕانی واتایی کە گرنگترینیان :– تەسك بوونەوەو تایبەتکردنی واتایی، گشتاندنی یان فراوانبوونی واتایی، مردن و پوکانەوەی واتایی و..........هتد.

## ١ / ٢ . ٣ . ٢ قوّناغی ڕێزمانی دروستەکاریی:

لەبەر ئەوەی لە بەرەوپێشچوونی هەر زانستێکدا  پێویستە  زانیاریەکانی قوّناغی پێش خوّی لەبەرچاوبگرێت، ناکرێت فەراموّشی بکات بەتەواوی، ئەمە بوّ ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەش دەخوات. لە قوّناغی دروستەکارییدا  لێکوّڵینەوە لە بواری واتادا بە ئامانجی گەشەسەندن و پێشکەوتنی واتا خرانەڕوو ، زمانەوانی سویدی (ئەدوّڵف نوّرین ١٨٥٤–١٩٢٥) بەشێکی بەرچاوی لە کتێبەکەی بەناوی (زمانەکەمان) تەرخانکرد بوّ لێکوّڵینەوەی واتا، یەکێك لە بەرگەکانی کتێبەکەی (کریستوّڤ نیروّب) بە ناوی (لێکوّڵینەوەی مێژوویی لە ڕستەسازی زمانی فەڕەنسی) تارخانبوو بوّ واتاسازی، هاوکات (گوّستاف ستێرن)یش لێکوّڵینەوەیەکی بلاّوکردەوە لەسەر واتاو گەشەسەندنی.  هەروەها زمانەوانی سویسری(فێردینان دی سوّسوّر)ی خاوەنی محازەرەکان کوّمەڵێك کورتە لێکوّڵینەوەی خستەڕوو لە چوارچێوەی لێکوّڵینەوەی واتاییدا، لەبەشێکی کتێبەکەیدا باس لە واتای زمانیی و کوّمەڵێك بابەتی پەیوەندار بە واتاوە دەکات وەك بابەتی لەخوّوەیی و هەرەمەکی واتایی و ئامازەدان/ هێمابوّکراو  وهێماکاری و هێما و گوّڕان و جێگیری واتا .......(١)

لە ساڵی ١٩٢٣دا کتێبی (واتای واتا)ی (ڕیچاردز و ئوّگدن) دەرکەوت، زوّر زوو بلاّو بوّوە لە ناوەندە مەعریفی ئەکادیمیەکاندا بە گشتیی و زمانەوانییەکان بەتایبەتی، هەردوو نوسەری کتێبەکە هەوڵی ئەوەیاندابوو تیوّری  نیشانە و هێما بخەنەڕوو، هەروەك چوّن نزیکەی ١٦ پێناسەیان بوّ واتا کردبوو کە لە بەناوبانگترینی پێناسەکانی واتان، جگە لەوە هەوڵی ئەوەشیاندابوو پێناسە ڕێچکەیی و لاوەکیەکان جیابکەنەوە.(٢)  هەموو ئەمانە بەرێژەیی کاریگەریان لەسەر قوّناغی دوای خوّیان دروستکردووە.

---

(١) جورج مونان : (١٩٧٢ : ٣١)

(٢) احمد مختار عمر : (١٩٩٨: ٢٣ )

له ئەمریكا واتا له دەرەوەی زمان لێیكۆڵرایەوە ، لەو كاتەدا هەموو ئاماژەكان ئەوەیان نیشاندەدا كه وەك ئەنجامێكی سروشتی بۆ ئەو مەبەستە واتاسازی لە زمانەوانی دەرهێنراو كەوتە دەست دەروونناسەكان (behaviourism) و ئەنترۆپۆلۆجیا (قوتابخانەی ئەمریكی) و لۆجیكی (ڕاسل ، كارناپ ،......)، هەرچەندە زمانەوانان هەستیان بەوە كردبوو كە واتاسازی دەبێتە بابەتێكی گیرخواردوو كێشەلەسەر[1]. ئەم هەڵوێستەی زمانەوانانی بونیاتگەر هاوهەڵوێستە لەگەڵ هەڵوێستی (بلۆمفیلْد) لە ئەمریكا كە لە بەشێكی كتێبەكەیدا باس لە واتا دەكات و ئەوە دەردەخات كە شیكردنەوەی واتا لێكۆڵینەوەی زانستیی پەكدەخات بۆیە ناتوانرێت واتاسازی چارەسەربكرێت له چوارچێوەی زمانەوانییدا وەك چۆن دەنگسازی چارەكراوە. بەلای ئەوەوە ئەو واتایەی كە لە بۆچوونی نیشانەیی و هۆشەكییدا هەیە بەلایەوە پەسەند و درووست نیه [2]، هەرچی تیۆری نیشانەیی یە واتا دەبەستێتەوە بە شتە دەرەكیەكانەوە كە هەن(موجودات الخارجیه) ئەمەیە بەلای ئەوەوە ڕەتدەكرێتەوە. چونكە پێی وایە بۆ ئەوەی پێناسەیەكی پڕاوپڕ بۆ واتا دابنرێت بە پێی ئەو بۆچوونە پێویستە بە شێوەیەكی وردو پڕاوپڕو تەواو سەبارەت بە هەموو شتێك لە جیهانی قسەكەرو گوێگردا زانیاریمان هەبێت، كە ئەوەش بێگومان لە دەسەلاتی مرۆڤدا نیه. بۆچوونی هۆشەكیش چونكە واتا دەبەستێتەوە بەو بیروو فكرەی كە لە زهنو ئاوەزی قسەكەرو گوێگردا هەیە، بە پێی ئەم بۆچوونە پێویستە بۆ هەشتێك كە لە مێشكی مرۆڤدایە وێنایەك هەبێ، ئەوەیە كە ئەو تێبینی لەسەر چڕكردوەتەوە، وای كردووە كە گومانی لە هەبوونی وێنا بۆ زاراوە زهنیە ئەبستراكتیەكانی وەك (بیر، وشیاری، پێشبنی،.....) هەبێت. [3]

### ١ / ٢. ٣. ٣. قۆناغی كلاسیكی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە:

بێگومان مەبەست و ئامانج لە پشت هەموو شییكردنەوەی پێكهاتەیەك، پێدانی لێكدانەوەیەكی گونجاوە بەو پێكهاتەیە. (واتا (meaning)) لوتكەی شییكردنەوەی زمانە، ئامانجی هەرەگەورەی بەكارهێنانی زمانە. لە گرنگترین مەبەستەكانی شییكردنەوەی ڕستەسازیشە، بەستنەوەی ڕستەسازی بە واتاسازیەوە (ڕستە بە واتاوە) پەیوەندیەكی توندوتۆڵی لەیەك دانەبڕاوەو پەیوەندیەكی ئاڵوگۆڕی یە لە نێوانیاندا.

---

(١) جورج مونان : (١٩٧٢ :٣٢)

(٢) احمد مختار عمر : (١٩٩٨ :٢٦)

(٣) سەرچاوەی پێشوو : ٢٧

زانایانی زمانەوانی نوێباو وای دەبینن کە لەسەر زمانەوان پێویستە کە بەدوای واتادا بگەڕێت لە دروستە سینتاکسیەکاندا، هەرچەندە سینتاکسیش بەتەنها واتای ڕستە نادات، بەڵکو هەموو خوێندنەوە جیاوازەکانی دەربڕینە ئیستاییەکان پشکیان هەیە لە گەیاندنی واتادا.[١] ئەوەی کە تا ئێستا زانراوە ئەوەیە کە ئاڵۆزترین کێشە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا کە بە پلەی یەکەم دێت لەناو تەواوی کێشە زمانەوانییەکاندا، کێشەی پەیوەندی نێوان سینتاکس و سیمانتیکە، قۆناغی (ڕێزمانیی بەرهەمهێنان)، زۆر بە ڕوون و ئاشکرا گرنگی بە واتا دا و بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوەدی و تا ئێستاش مشتومڕەکان بەردەوامن.

لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا دەوترا واتا لەدوو بەش پێکدێت کە بریتی یە لە واتای بنەڕەتی یان ئەسڵیەکەی، کە دروستەی قوڵ دەیبەخشێت بە ڕستە و فرێزەکان[٢]، ئەو واتا بارکراو و زیادانەیە کە لەسەر واتا بنەڕەتیەکەن، دروستەی ڕووکەش دەیبەخشێت بە ڕستەو فرێزەکان بە هەموو ئەو واتایانەوە کە وشەکان و خوێندنەوە جیاوازەکان هەڵیانگرتووە."لەبەر ئەوەیە لێکدانەوەی واتایی سینتاکسی دەبێتە داڕشتەیەك لە (واتای بنچینەیی) کە واتای پەیوەندی نێوان ئەرکە ڕستەیی یەکانە بە مەرجەکانیەوە، لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو دانە زمانیانەی کە بەکاردێن لەو ئەرکانەدا."[٣]

لەسەرەتای ئەو قۆناغە دا کە بە (**تیۆری کلاسیکی**/ classical theory[٤])ی چۆمسکی ناسراوە، کە کتێبەکەی چۆمسکی نوێنەرایەتی دەکات کە لە ساڵی (١٩٥٧)دا دەریکرد لەژێر ناوی ( Syntactic Structures).

چۆمسکی لەم قۆناغەدا بناغەی تیۆرە نوێیەکەی پێشکەش کرد، لەو کاتەدا شۆڕشێکی گەورەبوو بەسەر ڕێبازی ڕەوشتکاری/ ڕەفتاریدا. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە سەبارەت بە لایەنی واتایی ئەوەیە کە چۆمسکی سێمانتیکی نەکردبوو بە توخمێك لە توخمەکانی شیکردنەوەی زمانی، هەموو گرنگییەکەی تیشکخستنە سەر ڕێزمان بوو، "ڕێبازەکەی بە دەستوورێکی ڕێزمانی دروستەیی پەتی/ ڕووت/ تەواو، داڕشت"[٥]

ڕێبازەکە، لەم قۆناغەدا پێکهاتبوو لە سێ پێکهاتە/کۆمپەنێنت :-

١. **پێکهاتەی بەرهەمهێنان/ دروستەیی**/ generative component : تێیدا بۆ یاساکانی بەرهەمهێنانی فرێز- پێکهێنان دەتوانرێت تاك بە تاکی نیشانە/ ڕەمزە زمانییەکان سەرلەنوێ بنوسرێتەوە، بۆ بەرجەستەکردنی زنجیرە زمانیە هاوشێوەکان لە چواچێوەی قەدەداری/ درەختی دروستەی قوڵدا.[٦]

---

(١) محمد حماسة عبداللطيف: ( ٢٠٠٠: ٤٧)

(٢) هەمان سەرچاوە : ٥٣

(٣) هەمان سەرچاوە : ٤٤

(٤) لە ساڵی (١٩٩٣) دا (P. H. Matthews) لە کتێبەکەیدا (مێژووی زمانەوانی/ history of linguistics ) ،ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧) تا ناوەڕاستی (١٩٦٠) بە (ماوەی کلاسیکی چۆمسکی/ Chomsky's classic period) ناودەبات.

(٥) مازن الوعر: ١٩٨٧ : ٥٤

(٦) سەرچاوەی پێشوو : هەمان لاپەڕە

ئەم پێکهاتەیە کار بە دوو یاسای بەرهەمهێنان دەکات[(١)]:-

أ. یاساکانی فرێزـ شیکردنەوە/ بەشبەشکردن/ branching rules : ئاستە زمانی یە باڵاکان پۆلێندەکات بۆ ئاستە زمانیە نزمەکان، بۆ نموونە: فرێزیی ناویی (پیاوەکە) بەم شێوەیە بەشبەشدەکات.

پیاوەکە ⟵ پیاو (ناو) + (-ەکە) (مۆرفیمی دیاریکردن/ناسراوی)

ب. یاسا فەرهەنگیەکان/ lexical rules : خوێندنەوەیەکی ڕاستودروست بە وشەو فرێزەکان دەبەخشێت.

٢. **پێکهاتەی گواستنەوە**/ transformational component : بە پێی ئەو ڕۆڵەی کە هەیەتی لە دوو یاسای گواستنەوە پێکدێت:-

أ. یاسا بەویستەکان/ ئیختیاری/ Optional rules: ئەو یاسایانەن کە دەگونجێ سەر بەو پێکهاتەیە بن یان نەبن.

ب. یاسا بەخورتییەکان/ Obligatory rules: ئەو یاسایانەن کە پێویستە سەربەو پێکهاتەیە بن.

٣. **پێکهاتەی مۆرفۆفۆنێمیکی** / morphophonemic component : ئەمەش لە هەردوو یاسا دەنگسازیەکان و وشەسازیەکان پێك دێت. ئەرکی ئەم یاسایانە بریتی یە لە داڕشتنەوەی دروستەی بنەڕەت لە کۆتا شێوەیدا/داڕشتەی کۆتایی[(٢)].

بەم جۆرە لە لە چوارچێوەی ڕێبازی دروستەی سینتاکسی ساڵی (١٩٥٧)ی چۆمسکیدا، بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بە پێکهاتەی واتایی( **semantic component**) نەکراوە[(٣)]، ئەمە وای لە هەندێك لێکۆڵەر کردووە کە بڵێن: چۆمسکی هیچ گرنگی یەکی بە واتا نەداوە و واتای بەتەواوی فەرامۆشکردووە. لە کاتی دانانی تیۆرەکەیدا خۆی بە دوورگرتووە لە هەرشتێك کە پەیوەندی بە واتاوە هەبێ لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا [(٤)].

بەڵام ئەم جۆرە حوکومدانە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە، ڕاستە چۆمسکی پێکهاتەی سیمانتیکی نەخستۆتە ناو پێکهاتەکانی شییکردنەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە واتای بە تەواویی پشتگوێ خستبێ ، هەر لە سەرەتاوە ئەوی نیشانداوە کە" پێکهاتەی سینتاکسیی سەربەخۆ و جیایە لە پێکهاتەی سیمانتیکی." [(٥)].

---

(١) مازن الوعر : ( ١٩٨٧ : ٥٥)

(٢) هەمان سەرچاوە :٥٥

(٣) سەرچاوەی پێشووتر : هەمان لاپەڕە

(٤) محمد منذر عیاش: ( ١٩٨٣ : ٤١٧)

(٥) میشال زکریا : ( ١٩٨٥ : ١١٢)

ئەمەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بیروڕای هەندێك کەسی وەك فەیلەسوف کوین(Quine)ە کە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێ بنەماکانی ڕێزمان لە چەمکە سێمانتیکیەکان وەربگیرێت. ئێمە کاتێك لە دەبڕاوێك تێدەگەین کە زانیاریمان هەبێ لەسەر شێوەکەی/ڕووکەشەکەی. لەبەرئەوە زمانەوانیی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە توخمە پێکهێنەرە سینتاکسی یەکان لەسەر بناغەی سیمانتیکی بنیات نەنراون[١]. ئەلێرەدایە کە چۆمسکی پێکهاتەی سیمانتیکی بە یەکێك لە پێکهاتەکانی شیکردنەوە ئەژمارنەکردووە، بەلاَم لای ئەو واتا گرنگی یەکی گەورەی هەبووە، ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە "ئەو ڕستانەی کە لە ڕووی ڕێزمانیەوە ڕاستودروستن، خاوەنی واتای سیمانتیکین."[٢]

هەروەك هەندێ جار نموونەی ڕەتکراوە هەیە لە سینتاکسدا، کە ناچارین بیگەڕێنینەوە بۆ واتاکەی نەك ڕێزمانەکەی[٣]. بۆنموونە لە ڕستەکانی ژمارە (١٧)دا تیۆرەکە ڕێگر نەبووە لە فرێدانی ئەم جۆرە ڕستانە ، کارەکە بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی لێگەڕاوە لە ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە ڕستانەدا.

**١٧. * أ. شیرەکە منداڵەکەی خوارد.**

*** ب. مشکەکە پشیلەکەی گرت.**

---

(١) میشال زکریا : ( ١٩٨٥ : ١١٢)

(٢) Noam Chomsky : (2002 : 94)

(٢) سەرچاوەی پێشوو : ١٦

# بەشی دووەم:

# پاری یەکەم/

## سیمانتیکیی لێکدانەوە

## ٢ / ١ سیمانتیکیی لێکدانەوە:

### ٢ / ١ . ١ . کورتەیەك لەبارەی سەرهەڵدانی تیۆرەکە :

ڕێزمانی بەرهەمهێنان یەکەمجار و یەکسەر نەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دروستەی ڕووکەش لەبەرچاوبگرێت لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەکانیاندا. بەڵکو لێکدانەوەی سیمانتیکی بە گەشەو گۆڕانێکی زۆردا تێپەڕی، تێبینی دەکرێت کە زۆرترینی ئەو گەشەکردنانەی بەسەر ئەم تیۆریەدا هاتووە — ئەوەی کە پەیوەندی بە لایەنی واتاوە هەبێ — یان لەسەر دەستی چۆمسکی یان هاوڕێ و خوێندکارەکانی بووە.[١]

پێشترو لە کۆتایی پاری دووەمی بەشە یەکەمدا گوتمان کە لە قۆناغی (١٩٥٧) ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا هیچ ئاماژەیەکی دیار بە پێکهاتەی سێمانتیك نەکراوە، بۆیە ئەو ڕەخنانەی کە لەو بوارەدا ڕووبەڕووی ڕێزمانەکە بۆوە، وایکرد کە هەردوو زمانەوانی ئەمریکی و خوێندکاری چۆمسکی ( katz & fodor) لە ساڵی (١٩٦٣)دا بە شێوەیەکی ئاشکرا پێشنیاری بابەتی سیمانتیکیی بکەن، هەوڵیاندا گریمانەی واتایی لە تیۆریی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بەرەوپێش ببەن، لەپاڵ ئەوەدا ویستیان بەشێوەیەکی گشتگیر لێکۆڵینەوە لە پرسی واتاسازی بکەن لە تەواوی زمانە سروشتییەکان ( natural languages) دا . دوو جۆر یاسای سیمانتیکییان(semantic rules) داڕشت:

١. **یاسا فەرهەنگییەکان**/ Lexical rules
٢. **یاسا لێکدەرەوەییەکان**/ Interpretative rules

ئەرکی (یاسا فەرهەنگیەکان) ڕوونکردنەوەی دانە فەرهەنگی یەکان/لێکسیمەکانە، پاشان دەستنیشانکردنی ئەرکە سیمانتیکی یەکانیان لە فرێزو ڕستەدا. هەرچی ئەرکی (یاسای لێکدانەوەیی یە) بریتی یە لە دیاریکردنی ئەو ڕێگایەی کە بە هۆیەوە لێکسێمەکانی پێ دەخرێنە پاڵ یەك بە مەبەستی لێکدانەوەی سیمانتیکیانە بۆ فرێزو ڕستەکان.

هەرچۆنێك بێ یاسا لێکدەرەوەیی یەکان، لێکدانەوەیێکی واتایی بە دروستە بەرهەمهاتووەکان دەبەخشن لە ئاستی پێکهاتووی دروستەی بەرهەمهێناندا، هەروەها ئەو ڕێگایەش پیشاندەدات کە بە هۆیەوە دروستە بەرهەمهاتووەکان لە ئاستی پێکهاتووی دروستەی بەرهەمهێناندا و پێکهاتە/درووستە گواستراوەکان لە ئاستی پێکهاتووی دروستەی گواستنەوەدا، دەتوانن پشکیان هەبێ لە لێکدانەوەی واتایی دروستەکان.[٢]

---

(١) محمد حماسة عبداللطيف: (٢٠٠٠: ١٧٤)

(٢) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٥٤)

ئەوەی کە توانی ئەو دوو پێکهاتەیە پێکەوە گرێ بدات بۆچوونەکەی (katz & postal) بوو لە ساڵی (١٩٦٤)دا، بەهۆی ئەوەی کە ١) چەمکێکی نوێیان بۆ یاساکانی لێکدانەوە و ٢)بۆ گواستنەوەی واتایی دەمەزراو لەسەر بناغەیەکی تۆکمە، پێشکەشکرد، ٣)بەشێوەیەکی وردو چڕ ئەو پەیوەندییانەیان دیاریکرد کە دەبنە هۆی وابەستەکردنی هەردوو پێکهاتەی واتایی و پێکهاتەی دروستەی سینتاکسی.[1] دوای ئەوە بابەتەکە بووە جێی مشتومڕو بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەرەوپێشبرا لە لایەن چۆمسکی و خوێندکارەکانیەوە.

## ٢ / ١ . ٢ . بیرۆکەو ئامانجە بنەڕەتیەکانی تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوە:

لەسەرەتادا ئامانجی سەرەکی لە دانانی تیۆرەکەی کاتز و فۆدۆر ئەوەبوو کە کێشەی واتا لە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا چارەسەر بکات، وەڵامێك بوو بۆ ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی چۆمسکی کرانەوە.

تیۆرەکە بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند ئەرکێك خرایە ڕوو: [2]

أ. دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی پەیوەندیە واتایی و لوجیکییەکانی ناو فەرهەنگ و نێوان ڕستەکان : وەك پەیوەندیەکانی هاوواتایی و دژواتایی و گرتنەوەو .......هتد، هاوشێوەی لێکۆڵینەوە واتاسازییەکانی پێشوو تیۆرەکە دانی نا بە ڕیزکردنی دانە فەرهەنگیەکان لە فەرهەنگ دا، بەڵام ئەوەی ڕەتکردەوە کە واتای فەرهەنگی وشە لە توانایدا هەبێ بە تەواویی و بە وردی واتای ڕستە دەستنیشان بکات.

ب. دیاریکردن و چارەسەرکردنی ڕستە ناوێزە و ناڕوون و لێڵەکان، تیۆرەکە وەهای دەبینێ کە ئەرکی سەرەکی واتاسازیی لابردن و نەهێشتنی تەموومژی ڕستەیە، هەوڵ دەدات تەمومژی ڕستە لە ڕێگەی زیادکردنی هەندێ کەرەسە بڕەوێنرێتەوە.

پ. لێکدانەوەی واتای ڕێزمانیی( grammatical meaning) بۆ ڕستە.

ت. لێکدانەوەی خوێندنەوە جیاوازەکانی ڕستە. هەمیشە ڕستە لێڵەکان خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە تیۆرەکە لە ڕێگەی خوێندنەوە جیاوازەکانەوە دەیەوێت بگات بە واتای ڕاستەقینەی ڕستە. بۆنموونە ڕستەیەکی وەك نموونەی (١٨) لێڵە چونکە دوو خوێندنەوەی جیاوازیی هەیە:

**(١٨) پەڕەیەکی سپی ترم بدەرێ.**

١. پەڕەیەکی سپی تر (پەڕەیەك جگە لە پەڕەکەی پێشوو)
٢. پەڕەیەکی سپی تر (پەڕەیەك سپی تر لە پەڕەکەی پێشوو) دەکرێ بەم جۆرە بینوسین (**سپیتر**)

---

(١) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٥٥)

(٢) بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی : ٢٠٠٩ : ٤٨ – ٦٦ ، هەروەها ( احمد مختار عمر : (١٩٩٨ : ١١٤ – ١١٥)، (منقور عبدالجليل :٢٠٠١ :٩٤–٩٧ ) ، (حسام البهنساوي : ٢٠٠٣ : ٢٣ – ٢٨) .....

تیۆرەکە لە سەر بنەمای شیکردنەوەی واتای وشە بۆ نیشانە واتاییەکانی، لە نیشانە واتاییە گشتییەکانەوە بۆ نیشانە واتاییە تایبەتیەکان بە شێوەی هێڵکاریەك دەخرایە ڕوو، کە تیایدا واتای هەر وشەیەك بە پێی شوێنکەوتنی هێڵەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە دیاریدەکرا کە لە (نیشانکاری ڕێزمانی/ grammatical marker) دەستی پێدەکرد بەرەو (نیشانکاری واتایی / semantic marker)، دواجار بۆ (ناسێنەر/جیاکەرەوە/ distinguisher)، بە گوێرەی هێڵەکانی ئەو هێڵکاریە دەڕۆین تا دەگەینە ئاستێکی دیاریکراو لە وەسف و ڕوونکردنەوە کە ئیتر لە دوای ئەوە هیچ لێکدانەوەیەکی تر نەبێ کە سوود بە واتا بگەیەنێت، وەك لە هێڵکاری ژمارە(١) بۆ وشەی (زەلام) و هێڵکاری ژمارە دوو بۆ وشەی (دان) کردوومانە، دیارە:


وشەی (زەلام) ئەم واتا فەرهەنگیانەی هەیە:

(١)ناو ← پیاو

(٢)ناو ← ئێستر (لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت)

(٣) ئاوەڵناو ← جەستەی بەهێز

(٤) ئاوەڵناو ← جەستەی زل/گەورە/ قەبە




هێڵکاری ژمارە (١)


هەروەها وشەی (دان) ئەم واتا فەرهەنگیانەی هەیە:

(١) ناو ← ئەندامیکی لەشە و بۆ هاڕین و ونجڕونجڕکردنی خواردن بە کاردێ.

(٢) ناو ← تۆوی گەنمو جۆ ونیسك ......

(٣) کردار ← واتای بەخشینی شتێك دەگەیەنێت.

(٤) پاشگر ← واتای شوێن دروست دەکات بۆ ئەوشتەی(وشە)ی کە دەچێتە سەری.




<u>هێڵکاری ژمارە (٢)</u>

لە ڕوانگەی ئەو هێڵکاریانەوە کە بۆنیشانە واتاییەکان خستیانە ڕوو سێ ئیلیمێنتی سەرەکی دیاریکرا کە بریتین لە[1]:

١. **نیشانکاری ڕێزمانی**: بریتین لەوانەی کە لەناو کەوانەدا دانەنراون ، کە بە ئیلیمێنتێکی ناسەرەکی لە قەڵەم دراون، واتا ئەو بەشە ئاخاوتنانەی کە بەشێکن لە دەربڕینە زمانیەکان لە هێڵکاریەکانی سەرەوەدا (ناو ، ئاوەڵناو ، کردار، ...) دەگرێتەوە، هەندێك جار بە نیشانکاری سینتاکسی ناو دەبرێن.

٢. **نیشانکاری سیمانتیکی**: ئەو بابەتانەن کە دەکەونە نێوان جووت کەوانە شێوە سەرەتیرەکان، ئیلیمێنتێکن کە دەکرێ لە جێگا جیاوازەکانی فەرهەنگدا بەدیبکرێن، لەبەر ئەوەی هاوبەشن لە نێوان کۆمەڵێك لە لێکسیمەکاندا کە لەناو کێڵگە واتاییە جیاوازەکاندا هەن.

٣. **نیشانە جیاکەرەوەکان/ دیاریکارەکان**: ئەو بابەتانەن کە دەکەونە نێوان جووتە کەوانە گەورەکان(وەك لە هێڵکاری(٢)دا دیارە) کە ئیلیمێنتی تایبەت بە واتا دیاریکراوەکانن، هەمیشە دەکەونە کۆتایی زنجیرەی هێڵکاریەکان، لە شوێنەکانی تری فەرهەنگدا بەدیناکرێن مەگەر لە باری "هاوواتایی"دا نەبێت.

تێبینی ئەوە دەکرێت کە ناکرێت یەکێك لە واتاکانی وشە هەمان ئیلیمێنت و نیشانەو پێکهاتەی هەبێت کە واتاکانی تری ئەو وشەیە هەیەتی.

تیۆرەکە هەوڵی دەدا کە تەمومژیی هەندێ ڕستە لە ڕێگای خستنە ڕووی ئەو سیما واتاییانە ڕوون بکاتەوە کە وشە هەیەتی[2].

---

(١) احمد مختار عمر : ( ١٩٩٨ : ١١٦)

(٢) عەبدولواحید موشیر دزەیی : ( ٢٠٠٩ : ٤٩)

بیرۆکەی بنەڕەتی تیۆرەکە ئەوەیە کە ئاستی سینتاکس بە خاوەنی ئەو هێز و توانایە دادەنێت کە ڕێزمان بەرهەمدەهێنێت، تیایدا یاسا سیمانتیکییەکان نواندنی واتایی و یاسا دەنگسازییەکان نواندنی دەنگیی بە دەرکردە(output)ی پێکهاتە سینتاکسییەکان دەبەخشن، دواتر لەمانەوە دەربڕین و واتا هەڵدەهێنجرێت[1] .

## ٢ / ١ . ٣ . پرنسیپە تیۆریەکانی سیمانتیکی لێدانەوە: [2]

پرنسیپ و گریمانەی کاری تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوە بە پێی مۆدێلە جیاوازەکانی ئەو تیۆرە دەگۆڕێت، لە مۆدیلی یەکەمدا کە (کاتز و فۆدۆر) پێشنیاریان کرد، چوار بنەما بوو بەڵام لە مۆدێلەکانی تردا بنەمای تری بۆ زیادکرا (بڕوانە: (٢ / ١ . ٥))، بە گشتی دەتوانرێت لە چەند بنەمایەکدا بخرێتە پێش چاو کە ئەمانەن:

١. <u>(ئاستی/ دروستەی) قووڵ (deep structure)</u> : لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا هەر ڕستەیەك خاوەنی دوو ئاستە، کە یەکێکیان ئاستی ژێرەوەیە، یاساکانی ژێرەوە/بنجیی ئاستی قووڵ/ژێرەوە –وەك یەکەمین دروستەی بەرهەمهاتوو– بەرهەمدێنن[3] . ئاستی قووڵ بریتیە لە پەیوەندییە ناوەکیەکانی نێوان کەرەسە/دانە پێکهێنەرەکانی ڕستە[4]، ئەم ئاستە ئەبستراکتە و لە ئاوەزدا هەڵگیراوە کاتێك دەبێت بە کۆنکرێت کە ئاراستەی دروستەی ڕووکەش کراو لە شێوەی شریتی دەنگیدا دەربڕا، یەکەمجار توانای لێکدانەوەی واتایی بۆ ڕستە درا بەو ئاستە، دەوترا کە ئەم ئاستە لەگەڵ واتادا لە پەیوەندیدایە. دروستەی قووڵ لەڕێگەی پێکهاتەی سیمانتیکییەوە واتاییانە لێکدەدرێتەوە دواتر لە ڕێگەی یاساکانی گوێزانەوەو بەرەو دروستەی ڕووکەش/سەرەوە دەگوازرێتەوە.[5] بنەڕەتی دروستەی سینتاکسیی لە (یاساکانی بەشبەشکردن ، فەرهەنگ) پێك دێت، لە (٢ / ١ . ٥) بە وردی باسی دەکەین. بەڵگەی بوونی کاریگەریی ئاستی ژێرەوە لەسەر واتای ڕستە ئەوەیە، کە ئەگەر بێتوو دوو ڕستەی جیاواز هەمان دروستەی قووڵیان هەبێت، ئەوکاتە بە هاوواتا دادەنرێن ، وەك لە نموونەی ڕستەکانی ژمارە(١٩) دا دیارە، یان ئەگەر دروستەی قووڵیان جیاوازبێ بەڵام هەمان دروستەی ڕووکەشیان هەبێ نابنە هاوواتا بەڵکوو ڕستەیەکی فرەواتایە، کە لێڵی دروستدەکات، وەك نموونەکانی (٢٠):

---

(١) بڕوانە : محەمەدی مەحوی :(٢٠٠٦ : ٣ – ٤) ، هەروەها منقور عبدالجليل :(٢٠٠١ : ٩١ – ٩٢) ، احمد مختار عمر :( ١٩٩٨)

(٢) دەربارەی پرنسیپەکان بڕوانە : عەبدولواحید موشیر دزەیی : (٢٠٠٩ : ٥٠ – ٦٠) ، محەمەدی موحویی :(٢٠٠١ ، ٢٠٠٩ بەرگی یەکەم) ، منقور عبدالجليل :(٢٠٠١)، محمد حماسة عبداللطيف: ( ٢٠٠٠)، مازن الوعر :(١٩٨٧، ٢٠٠١)،.......

(٣) بڕوانە : محەمەدی مەحویی : (٢٠٠١ : ٢١ – ٢٥) ، سەباح رشید قادر:( ٢٠٠٩) ، بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی یاساکانی ژێرەوەی ڕستە تیۆری (ئێکس باڕ و ڕۆڵی بابەتانە).

(٤) عەبدولواحید موشیر دزەیی : (٢٠٠٩ : ٥٠ )

(٥) بڕوانە : دیار علی کمال کریم : (٢٠٠٢ : ٢٦)

١٩. أ. ئەو دەگایە    دابخە.

ب. ئەریٚ   ئەو دەرگایە  داناخەی؟

٢٠. أ. پێم    ناخورێت.                    ( خواردنەکە بە من ناخورێت **"خواردن"** )

. ب. پێم    ناخورێت                    ( قاچم/لاقم ناخورێت**"خوران"** )

٢. **دروستەی ڕووکەش (surface structure)**: ئەم ئاستە بریتییە لە بەرهەمە دەرچووەکان/دەرکردە(out put) یان کەرەسە و بەرهەمی یاسا گشتیەکەیە[1] ، واتا کەرەسەی تێدا دەردەکەوێت، لەدوای جێبەجێبوونی یاساکانی گواستنەوە بەسەریدا. پەیوەندی بە ڕیزبوونی کەرەسەکانەوە هەیە، پاشان بە فۆنەتیکەوە بۆ ئەوەی بە دواییەکداهاتنی دەنگەکانی تێدا دەستنیشان بکرێت[2]، لە مۆدێلەکانی سەرەتای سیمانتیکی لێکدانەوەدا، لێکدانەوەی واتا بە هیچ شێوەیەك لەسەر  ئەم ئاستە جێبەجێ نەدەکرا، بە بنەمای لێکدانەوە دانەدەنرا، بەلاَم لە مۆدێلەکانی تردا کە بە دوا ئەم دا هاتن،  وەك بنەمایەکی تیۆرەکە لەقەلەم درا ، دەوترا  لێکدانەوەی واتایی لە هەندێ ڕستەدا پەیوەندی بە هەردوو ئاستی قوولْ و ڕووکەشەوە هەیە، بۆ نموونە ڕستەکانی (٢١، ٢٢، ٢٣) بە تەنها بەهۆی یاسای گواستنەوەی (جێگۆرکێی کەرەسە) کە دەربڕاوی ئاوەلکرداری (**تەنها**) یە گۆڕان بەسەر واتای ڕستەکەدا دەهێنرێت[3]:

٢١. تەنها   تۆ   لێرە   دابنیشە.        (تەنها تۆ ئەوانی تر نا)

٢٢. تۆ   تەنها   لێرە   دابنیشە.        ( تەنها لێرە لە شوێنێکی تر نا )

٢٣. تۆ   لێرە   تەنها   دابنیشە.        (تەنها دابنیشە هیچی تر مەکە)

٣. **فەرهەنگ (lexicon)**[4] : بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر  لە وشە بە واتاکانیانەوە، وشەکانی ناو فەرهەنگ بە هۆی پەیوەندیەکی ئالۆزی واتایی پێکەوە بەستراونەتەوە، بە پێی پەیڕەوێك ڕیزکراون و تۆمارکراون، بە تەنها بریتی نین لە لە لێکسیمەکان بەلْکو مۆرفیمەکان و ژمارەیەك لە دەربڕاوە زمانیە بە لێکسیمبووەکانیش دەگرێتەوە، پێیان دەوترێت "لێما/ lemma" کە هەموویان بە واتاکانیانەوە تۆمارکراون، دەروازەی زانیاریەکی دەولەمەندیان هەیە، تەواوی زانیاریە لێکسیکی و ڕێزمانیەکانی لەگەلدا تۆمارکراوە، جگە لە جۆرو چۆنیەتی دەربڕینیان، هەموو نیشانە واتاییەکانیان تۆمارکراوە، لەپالْ ئەوانەدا بە گوێرەی هەر ئاخێوەرێك نواندنی سایکۆلوجیانەی زانیاریە لێکسیکیەکان لە مێشکدا هەلدەگیرێن. هەر قسەپێکەری زمانێك خاوەنی بەشێکی زۆر لەو زانیاریانەی فەرهەنگی زمانەکەیەتی.

---

(١)  محەمەدی مەحویی :( ٢٠٠١ : ٢٦)

(٢) دیار علی کمال کریم : ( ٢٠٠٢ : ٢٨)

(٣) محەمەدی مەحویی : ( ٢٠٠٩ : ٢٠٢)

(٤) بڕوانە : محەمەدی مەحویی : ( ٢٠٠٦ : ٩ – ١٢)، محەمەدی مەحویی: ( ٢٠٠٩ : ٣٣– ٤١ )، عەبدولواحید موشیر دزەیی: ( ٢٠٠٩: ٥٤)

واتای ڕسته له ئەنجامی پێکەوەهاتنی هەردوو واتای فەرهەنگی و واتای ڕێزمانی بەرهەمدێت ، لەبەر ئەوەیە کە ڕستەکانی ژمارە (٢٤، ٢٥) هەمان وشەن بە هەمان واتاوە بەڵام ڕیزکردنیان و جیاوازی لە زانیاریە سینتاکیەکانیاندا دروست دەکات بە گوێرەی شوێنەکانیان ئەرکی ڕێزمانی جیاواز دەبینن، بۆیە دوو ڕستەن لە واتادا جیاوازن، بەم پێیە لێماکان لە فەرهەنگدا خاوەنی سێ جۆر زانیاریی جیاوازن کە بریتین لە (نیشانکارە ڕێزمانیەکان ، نیشانکارە سیمانتیکیەکان ، نیشانە جیاکەرەوەکان).

**٢٤. سایە نەبەردی بینی.**

**٢٥. نەبەرد سایەی بینی.**

**٤. <u>یاساکانی پرۆژە سازدان (projection rules)</u>** : بریتییە لە چۆنیەتی پێکەوەهاتنی واتای کەرەسەکان کە بەهۆی کۆتوبەندی هەڵاوێردکردن/ هەڵبژاردنەوە جێبەجێ دەکرێت.[1] ئەم یاسایانە سەرنج بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی پەیوەست بە ڕستە رادەکێشن، یاساکانی پێکەوەهاتن/لێکدان( amalgamation rules) لێکدانەوەی تەواو و سەراپایی بۆ ڕستە دەستەبەردەکات. واتای ڕستە لە ئەنجامی پێکەوەهاتنی هەر ناولێنراو/هێمابۆکراوێك لە دانەیەك لە دانە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە لەگەڵ هێمابۆکراوەکانی دانەکانی تری ناو ڕستەکە، بەرهەمدێت. بە واتایەکی تر واتای ڕستە بریتییە لە کۆی واتای (یەکە پێکهێنەرەکان/دانە زمانیەکان) کە ڕستەکەیان پێك هێناوە[2]. یاساکانی پرۆژەسازدان(projection rules): دوای ئەوەی زانیاریی یە سێمانتیکیی یەکان دەئاخنرێنە ناو دروستەی قوڵی ڕستەوە، کاتێ کە دانەی فەرهەنگیی فرەواتا(polysemy) بەدیکرا، ڕستەکە زیاتر لە خوێندنەوەیەکی واتایی هەڵدەگرێت. واتا جیاوازەکانی ڕستەکە بەهۆ (یاساکانی پرۆژەسازدان)ەوە و بەگوێرەی مەرجەکانی هەڵکردنیی( compatibility conditions)ی نێوان دانە فەرهەنگیەکان لەگەڵ یەکترییدا – بەلەبەرچاوگرتنی پەیوەندیە سینتاکسیەکان– لێکسیمەکان دەخرێنەپاڵ یەك/دەمجدەکرێن بۆ پێکهێنانی ڕستە–ناوەرۆکەکەی/ واتاگەلەگەی (sense).[3]

پرۆسەی لێکدان دوو مەرجی پێویستە جگە لە کۆتوبەندی هەڵاوێردکردن کە بریتین لە:

**أ. کۆتو بەندی سینتاکسی/ ڕێزمانی( structural / synthetic restriction)**: پرۆسەی پێکەوەهاتن و لێکدان بە پێی ڕاست و دروستی پەیوەندیە ڕێزمانیەکان جێبەجێ دەکرێت، کاتێ هێمابۆدانراوەکەکان بە پێی دروستی سینتاکسیی پێکدێن، لێکدانەکە بەرزدەبێتەوە لەو نیشانە/ ڕەمزانەوە کە لە درەختی هێڵکاری سینتاکسیەکەدا هەن، بۆ گەیشتن بەو دەربڕاوانەی سەرەوە کە سەرپەرشتی ئەوەی خوارەوە دەکەن، بەم جۆرە تا دەگەینە تەواوی لێکدانەوەی ڕستەکە.

(١) عەبدولواحید موشیر دزەیی: (٢٠٠٩: ٥٥)

(٢) عبدالمجید جحفة : ( ٢٠٠٠ : ٦٢)

(٣) ، محەمەدی مەحویی : ( ٢٠٠٦ : ٣)

**ب. مەرجی سیمانتیکی (Semantic condition)** : بە پێی ئەو مەرجە پێویستە هێمابۆدانراوە پێکەوەهاتووەکان لە ڕستەدا پێکەوە گونجاوبن، بۆیە تەنها ئەو هێمابۆکراوانە هەڵدەبژێردرێن کە گونجاوبن لە ئاستی یاساکانی پرۆژەسازداندا، بەجۆرێك تەنها ئەو هێمابۆدانراوانە دەهێڵێتەوە کە دروست و شیاون، یاساکانی پرۆژەسازدان ئەو یاسایانە سازدەکەن کە لە ئاستی پێکهاتندا لە فەرهەنگدا هەن، لەبەرئەوەی فەرهەنگ هەڵگری واتای (دەربڕاوەکان/کەرەسەکان)ە، لەو ئاستەدا سازدەکرێن بۆ ئەوەی بگەینە باشترین و گونجاوترین خۆندنەوە/لێکدانەوە، لەناو خوێندنەوە جۆراوجۆرەکاندا. بۆ ئەو مەبەستە نموونەی (٢٦، ٢٧ ، ٢٨) دەخەینە ڕوو، ئەو خوێندنەوەیەی کە هەڵبژێراوە و گونجاوە نیشانەی ( ✓)مان لەبەردەم داناوە، ئەوانەی ناوێزەن، واتا نابەخشن بۆیە هیچ خوێندنەوەیەکیان بۆ ناکرێت :

**٢٦ . سەرچاوەکەم خوێندەوە.**

- **کتێب** ✓
- **کانیاو**
- **سەرەداوی کێشەیەك**
- یەکەم شوێنی زانیاری هەواڵ
- .
- .

**٢٧. لە سەرچاوەکەم خواردەوە.**

- **کتێب**
- **کانیاو** ✓
- **سەرەداوی کێشەیەك**
- یەکەم شوێنی زانیاری هەواڵ
- .
- .

**٢٨. سەرچاوەکە هەواڵەکەی پێی ڕاگەیاندین.**

- **کتێب**
- **کانیاو**
- **سەرەداوی کێشەیەك**
- یەکەم شوێنی زانیاری هەواڵ ✓
- .
- .

بەلاَم ڕستەی (٢٩) هەموو واتاكان گونجاون كە هەڵبژێردرێن، لە بارێكی وەهادا پەنا دەبرێتە بەر (كۆتو بەندی هەڵبژاردن):

٢٩. سەرچاوەیەكم دۆزییەوە.
- كتێب ✓
- كانیاو ✓
- سەرەداوی كێشەیەك ✓
- یەكەم شوێنی زانیاری هەواڵ ✓
- .
- .

ئامانج لە مەرجی ڕێككەوتن و یاسای لێكدان وكەوتن، نەهێشتنی نادیاریی و لێڵی و كەمكردنەوەو ڕێگەگرتن لە هەبوونی خوێندنەوە جیاوازەكان و پێدانی داڕشتەو نواندنی واتایی بە ڕستەكان[1]، ئەم مەرجەش بەوە دێت دی كە تاكە یەك خوێندنەوەی گونجاو هەڵبژێرێت كە دەخرێتە پاڵ ڕستەكە وەك لە نموونەكانی (٢٦، ٢٧ ، ٢٨)دا دیارە، خۆ ئەگەر نەیتوانی یەك خوێندنەوە هەڵبژێرێت وەك نموونەی (٢٩)، لێرەدا پێویستی بە بەڵگەو پاساوی ڕوونكردنەوەی (دەوروبەر/كۆنتێكست) دەبێت بۆ لێكدانەوەی واتای ڕستەو هەڵبژاردنی واتای گونجاو بۆ ڕستەكە.

**<u>٥. كۆتوبەندی هەڵاوێردكردن/ هەڵبژاردن (selection restrictions):</u>** گفتوگۆی زۆر لەبارەیەوە كراوە، بە زۆری و بەتایبەتی تیشكیان خستۆتە سەر سروشتی ئەو كۆت و بەندانە، لای واتاسازانی لێكدانەوە ئەم كۆتوبەندانە خاوەنی سروشتی سینتاكسین، بەلاَم واتاسازانی بەرهەمهێنان سروشتی سیمانتیكییان پێ دەدەن (لەبەشی سێیەمدا لێی دەدوێن). ئەم كۆتوبەندانە خراونەتە سەر پرۆسەی پێكەوەهاتن/ ئەلگەمەیشن، بەجۆرێك بەهۆی ئەوەوە خۆمان بەدوور دەگرین لە بەرهەمهێنانی ڕستەی ئاوازداری (tuneful)ی سیمانتیكیانە و ڕستەی بێ لێكدانەوە/ نا لێكدانەوەیی( zero- interpretation )[2]. لە ڕاستیدا ئەم بنەمایە بریتیە لە كۆكردنەوەی هەردوو مەرجی (پێكەوەهاتن و گونجان)، لەبەر ئەوەیە كە سروشتێكی سینتاكسیانەی هەیە. ئەم دوو مەرجە پرۆسەی ئاراستەكردنی كۆتوبەندی هەڵاوێردكردن لە جێبەجێ كردنیدا ڕووندەكەنەوە، لەگەڵیدا ناوەرۆكی ئەوكۆتوبەندانەی بۆ زیاد دەكەن، كە بریتیە لە جۆرێك لە مەرجی پێویست لە شێوەی سنووردارکردن، كە تێیدا لە ڕستەدا كەرەسەی بە دەسەڵات ئەو كەرەسانە هەڵدەبژێرێت كە لاواز یان بێ دەسەلاَتن، بەگوێرەی نیشانە واتایەكانیان گونجاون لەگەڵیدا.[3] بە نموونەی (٣٠) ڕوونی دەكەینەوە:

---


(١) عەبدولواحید موشیر دزەیی:( ٢٠٠٩: ٥٥)

(٢) عبدالمجید جحفة : ( ٢٠٠٠ : ٦٤)

(٣) عبدوالواحد موشیر دزەیی (٢٠٠٩ : ٦٠)

**٣٠. منالّەکە   ئاو  دەخواتەوە .**

**هێڵکاری درەختی ڕستەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**




**هێڵکاری ژمارە (٣)**

**زانیاری کەرەسەکانی ڕستەکە لە فەرهەنگدا بەم جۆرەیە:-**

| منالّ | ئاو | دەخواتەوە |
|---|---|---|
| ناو | ناو | کردار |
| ناسراو | نەناسراو | تێپەڕ |
| تاك | تاك | ڕانەبردوو |
| +مرۆڤ | +شلەمەنی | +وەرگرتن لەڕێگەی دەم |
| +- نێر | +خواردنەوە | < +بکەر[زیندوو] > |
| +ئەندم لە خێزاندا | -ڕەنگ | < +بەرکار[شلەمەنی] > |
| **-هەراش/پێگەیشتوو** | -خواردن | ....... |
| ....... | ....... | ....... |
| ....... | ....... | .......**هتد** |

**بەم هەنگاوانە لێکدانەوەی سیمانتیکی بۆ ڕستەکە دەکرێت:**

**هەنگاوی (١) ف.ن لە (ڕ) دا ←—— ناو + دیاریکەر ←——————— منالّەکە**

**< +ناو، +ناسراو ، +مرۆڤ ، +نێر ، + ئەندامی خێزان ، - هەراش ، .....هتد >**

**هەنگاوی (٢)  ف.ن لە (ف.ك) دا ←—— ناو + دیارینەکەر/ نەناسراویی ←—— ئاو**

**< +ناو ، تاك ، -ناسراو ، +شاەمەنی ، +خواردنەوە ، - ڕەنگ ، .....هتد >**

هەنگاوی (٣) ف.ك له (ڕ) دا ——————◄ ف.ن + ك ——————————————◄ ئاو دەخواتەوە

< +کردار ، +تێپەڕ ، + ڕانەبردوو ، +جووڵە ، + سوودگەیاندن ، .......هتد>

هەنگاوی (٤) لێکدانەوەی واتای (ڕ) ————◄ [لێکدانەوەی ف.ن له (ڕ) دا + لێکدانەوەی ف.ك له (ڕ) دا]

ئەم جۆرە ڕستەیە بە ڕستەی (تاك/ یەك خوێندنەوەیی) ناسراوە، ڕستەیەکی بێ تەموومژو ڕوونە، لەبەرئەوەی کۆتوبەندی هەڵوێردکردنی ڕازیکردووە، چونکە لەلایەك کەرەسەی فرە خوێندنەوەی/ لێکدانەوەی تێدا نیە ، لەلایەکی ترەوە ڕستەکە دوو کەرەسە یان زیاتری تێدا نییە کە هەمان خوێندنەوەیان هەبێ.

## ٢ / ١ . ٤ . بنەمای لۆجیکیی پێکهێنانەوەیی ( Compositionality ) لەم تیۆرەدا:

واتاسازی شێوازبەندانە بە گشتی و بە تایبەتی سیمانتیکی لێکدانەوە کەم تا زۆر لەسەر بنەمای پێکهێنانەوەیی بنیاد نراوە، مەرجێکی بنەڕەتیە لە زۆربەی لێکۆڵینەوە سیمانتیکیە نوێیەکاندا.[١] هەر شتێك کە شایستەی ئەوەبێ کە پێی بوترێت زمان، پێویستە دەربڕاوی واتاداری وەها بگرێتەوە کە لە دەربڕاوی واتاداری تر دروستکرابێت، چۆنیەتی پێکەوە پەیوەست کردنی دارشتن و واتاکەی بەپێی تێڕوانینی کلاسیکی بریتیە لە پەیوەندیەکی تا ڕادەیەك توندوتۆڵ: کە بە تەواوی واتای دەربڕاوی ئاڵۆز دیاریدەکات لە ڕێگەی دروستە/پێکهاتە و واتاکانی هەریەك لە پێکهێنەرەکانی، ئەمە لە کاتێکدا کە واتای بەشەکانی و چۆنیەتی پێکەوەهاتنییانمان زانی، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین سەرپشك بین سەبارەت بە واتا گشتیەکەی. لایەنگرانی ئەم بنەمایە کە –چۆمسکی یەکێك بوو لەوانە– بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە تێگەیشتنی زمانیانەی مرۆڤ مۆدێلێکی بەرهەمهێنەرانەی پەیڕەوبەندانەیە ( systematicity )، بە جۆرێك دەتوانین بەجارێك لە ژمارەیەکی بەرفراوانی– ڕەنگە بێ سنوور – دەربڕاوی زمانی بگەین کە ڕووبەڕوومان دەکرێتەوە. ئەگەر هاتوو لە هەندێك دەربڕاوی ئاڵۆز گەیشتین، بەرەو ئەوە دەچین کە لە دەبڕاوەکانی دیکەش بگەین لە ئەنجامی دووبارە لێکدان و پێکەوەهاتنی پێکهێنەرەکانی ئەو دەربڕاوە ئاڵۆزانە. پێکهێنانەوەیی بە یەکێك لە نیشانەکانی باشترین ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردەیە دادەنرێت[٢]. ئەم بنەمایە خاوەنی چەند ئارگۆمێنتێکی دیاریکراو بوو بەشێك لەو ئارگۆمێنتانە لە تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوەدا سوودیان لێ وەرگیرا لە گرنگترینیان ئارگۆمێنتی (بەرهەمهێنەرانە/ productivity ) بوو بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان[٣]. لەم جۆرە سیمانتیکەدا "واتاگەل" پێکدێت لە پروسەی :

(٢) پێکهێنانەوە(compositional): کە تیایدا نیشانە واتایی یەکان پێکەوە دێن بەپێی گونجانیان لەگەڵ دروستە سینتاکسی یەکەی و بنەماکانی پرۆژەسازاندا.

---

(١) جۆن لاینز : (١٩٨٧ : ١٦٦)

(٢) http://plato.stanford.edu/entries/compositionality

(٣) Peter Pagin : 2008 : 16

(١) هەڵوەشاندنەوە(decompositional): كە تیایدا (وشەو ڕستەكان) پێكهاتەیەكی ناوەكییان هەیە لە فۆڕمی نیشاندەرە/marker واتایی یەكان، بە پێی ئەو پرۆسەیە پێكهاتەكانیان شیتەڵ دەكرێن بۆ ئەو فۆرمانە.[١][٢] سەیری ڕستەی ژمارە (٣١) بكە:

**٣١. ئەو كەسەی لە دوای هەمووان پێدەكەنێت ، زۆر پێدەكەنێت .**

دەتوانین بڵێین ڕستەكە لەلایەكەوە لە (٧) وشە پێكدێت، لە لایەكی ترەوە (٦) وشەیە، چونكە وشەی پێنجەم و حەوتەم هەمان وشەن كە بریتیە لە (**پێدەكەنێت**)، كە دوو بارو حاڵەتی جیاوازن و یەك مۆداڵیتی/ شێوەیان هەیە، بەم چەشنە دەربڕین و داڕشتە/ فۆرم تێگەشتن و لێكدانەوەیان ئاسان دەبێت[٣].
لەم ڕوانگەیەوە بەشێك لە زمانەوانان ڕستە لە چوارچێوەی دەربڕینە زمانیەكاندا دادەنێن، لەوەش گرنگتر بەشێكی ناسەرەكی لە ڕستەدا دیاریدەكەن كە هەڵگری ناوەرۆكە واتای ڕستەكەیە، كە بریتیە لەو دەربڕینەی بنەماكانی "پێكهێنانەوە"ی بەسەردا جێبەجێ دەكرێت.[٤]

## ٢ / ١ . ٤ . ١ . بنەماكانی دیاریكردنی لێكدانەوەی سیمانتیكیی ڕستە لەم تیۆرەدا :

بۆ دیاریكردنی لێكدانەوەی واتایی ڕستەو دەربڕاوەكان ئەم بنەما پێویستانە خراونەتە ڕوو:

## ٢ / ١ . ٤ . ١ . ١ . زانیاریە لێكسیكیەكانی ناو فەرهەنگ (lexical informations):

هەموو ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە كە لەبارەی وشە و فرێزە بە لێكسیمبووەكانەوە ناسراون و هەن لە فەرهەنگدا، لەگەڵ پەیوەندیەكانی نێوانیان. بە وردی لە دەرەوەی زانیاریە زمانیەكانی وەك زانیاریە فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و پۆلە ڕەگەزە ڕێزمانیەكان، كە زانیاریە چەمكیە تێگەیشتنیەكان دەگرنەوە دەربارەی كەتیگۆریە لە ئارادابووە جیاوازەكان و زانیاریە پراگماتیكیەكانی وەك بەكارهێنانی زاراوەییانەی هەندێ وشەو فرێز. هەموو ئەمانە ڕۆڵی خۆیان هەیە لە ڕوونكردنەوەی زانیاریە سیمانتیكیەكاندا.

---

(١) Katz J.J. : (2004 : 14)

(٢) لە پراكتیكدا ئەم بنەمایە بە زۆری بەسەر واتا (Sense) دا جێبەجێ دەكرێت، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بكەین كە زمانەوانان پێناسەیەكی دیاریكراویان بۆ زاراوەی (دەربڕین/ Expression) نەكردووە لەكاتی بەكارهێنانیدا، تەنها ئەوەندە دەوترێت كە ڕستەو پێكهاتە سینتاكسیە دیاریكراوەكانی ناو ڕستە دەگرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە دەربڕین و (داڕشتە/ pattern) وەك دوو شتی لێك جیاواز سەیر بكەین بە ئەندازەی پەیوەندیان بە وشەو فرێزەوە، لە ڕستەیەكی وەك (٣١)دا جیاوازیەكە ڕوون دەبێتەوە:

(٣) بۆ زانیاری لە بارەی هۆكارەكانی ئەو جیاكردنەوەیە بڕوانە: جۆن لایینز : ١٩٨٧ : ٤١ – ٤٨

(٤) جۆن لایینز : ١٩٨٧ : ١٦٤

فەرهەنگ وەك گەنجینەیەك وشە و فرێزە لێكسیمییەكانی لە شێوەی لیستێكدا تێدا تۆماركراوە، كە خاوەنی واتای فەرهەنگین، لەهەموو زمانێكدا ژمارەیان سنووردارە ، لەگەڵ ئەوەشدا فرێزو لێكسیمە ئاڵۆزەكان ناتوانرێت بە ئاسانی لێك جیابكرێنەوە، بۆیە ناتوانرێت بە لەباری قەبارەی فەرهەنگی زمانێك دیاری بكرێت. دانەكانی ناو فەرهەنگ سێ جۆرن:

أ. وشە– لێكسیم(word- lexem) وەك نموونەكانی ژمارە (٣٢) ،

ب. لێكسیمی ئاڵۆز/ فرێزی لێكسیمی (phrasal- lexem) وەك نموونەكانی (٣٣)

پ. دەستە وشە/ فرێزی چەسپاو : كە لە لێكسیمەكان دروست بوون، لە ڕووی واتا و ڕێزمانەوە بە زۆری ئیدیەمین، چەند وشەیەكی تووند و بەیەكەوە بەستراون كە واتای تایبەتی و میتافۆریان هەیە وەك نموونەكانی (٣٤). [1]

**٣٢. (چاو، سەر، بەرد، دایك، ....، بەردەلان، سەرۆك ،.... ، دەستە خوشك ، دارە بەن..... )**

**٣٣. (چاو تێ بڕین ، سەر لێ تێكدان ، دەم و دەست ، تەماتەو ڕۆن ........)**

**٣٤. (بگرەو بەردە ، دەستەو یەخە ، لە حەوت ئاوی داوە ، لە گوێی گادا نوستووە........)**

زانیاریە لێكسیكیەكان جۆراو جۆرن، جگە لە پەیوەندیە واتاییەكانی نێوان دانە فەرهەنگیەكان كە پەیوەندیە سیمانتیكیەكان و پەیوەندیە واتا– گەلیەكان[2] دەگرێتەوە بۆ نموونە وەك (هاو واتایی و دژواتایی و ناتەبایی/ هەڵ نەكردنیی/ نەگەنجاویی.....)، هەروەها نیشانە واتاییەكان و پەیوەندیە واتاییە تەكنشینیی(syntagmatical) و جێنشینییەكان (paradigmatical) لەو زانیاریە پێویستانەن كە بۆ لێكدانەوەی واتای ڕستە پێویستن[3].

## ٢/١. ٤. ١. ٢. زانیاریی سینتاكسیی/ ڕێزمانیی پێویست[4](grammatical informations):

هەموو ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە كە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە و فرێز و دەربڕاوە ئاڵۆزەكان، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا هەموو دانە زمانییەكان لە سنوور كاری سیمانتیكدان، لە بچووكترین یەكەی هەڵگری واتاوە تا دەگاتە گەورەترین یەكە، جگە لە دەربڕینەكانی ئاستی دەگسازیی.

---

(١) محەمەدی مەحویی : (٢٠٠٩ : ٤١– ٤٢)

(٢) پەیوەندیە واتا گەلیەكان (sense relation) هەموو ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە كە لە نێوان ناوەرۆكی (وشەو ڕستە )ی زمانە سروشتییەكاندا هەن. بۆ زانینی جۆری ئەو پەیوەندیانە بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو :(٣٣ – ٣٧ ، ١٣٢ – ١٤٨ )

(٣) لەبارەی پەیوەندیە واتاییە تەكنشینی و جێنشینییەكان بڕوانە : محەمەدی مەحوی : (٢٠٠٩ : ١٣٢ – ١٤٨) ، شیروان حسێن حمد : ( ٢٠١٠ : ٧ – ١١ )، فەرهاد تۆفیق حسن :( ٢٠١٠ : ٧٠ –٧٨) ، .......

(٤) لەبارەی زانیاریە سینتاكسیەكان لە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە ، بڕوانە: ( محەمەدی مەحوی : ٢٠٠١) ، (كاروان عومەر قادر : ٢٠٠٨)، (سەباح رشید قادر : ٢٠٠٩ ) ، (حاتەم ولیام محمد : ٢٠٠٩) ...... ، (مازن الوعر : ١٩٨٧ ، ٢٠٠١) ، (محمد حماسە عبداللطیف : ٢٠٠٠) ... ، (Chomsky. N. (2002)....

هەروەها جگە لەو دانە زمانیانەی کە دەچنە ناو فەرهەنگەوە، کۆمەڵێکی بێ سنوور دانەی زمانی تر هەن و بەردەوام لە دروستبووندان، ناکرێت بە دانەی فەرهەنگی ئەژماربکرێن، کە بریتین لە وشەی ئاڵۆز و فرێز و ڕستەو دەق، لە جۆری ئەو دەربڕین و یەکە زمانیانەن کە لە شێوەی (چەند_پێکەوەهاتوویەك/ multi-combinations)ن. ئەو جۆرە دەربڕینە لێکدراوانە ژمارەیان لە زماندا بێ کۆتایە، بەردەوام لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەرهەمدێن، بەشێوەیەکی پەیڕەوبەند و ڕێکخراو لە ژێر کۆمەڵێك یاسادا کە ناسراون بە یاسا ڕێزمانیەکان، پەیوەندیان بە توانستی زمانیی مرۆڤەوە هەیە، سیمانتیك پێویستی بە زانیاری لەبارەی تەواوی ئەو یاسا ڕێزمانیانە هەیە، بە هاوکاری زانیاریە لێکسیکیەکانی ناو فەرهەنگی زمانەکە و بە پێی بنەمای لۆجیکی پێکهێنانەوەیی– ڕێسای فریگەیی– ئەو کاتە (واتا) لەبار دەبێت بۆ پێکهێنانەوە لە ئەنجامی واتای ئەو دانانەی کە دەربڕینە ئاڵۆزەکانیان پێکهێناوە، بە دەربڕینێکی تر واتای هەر دەبڕینێکی ئاڵۆز لە واتای بەشە پێکهێنەرەکانی بەرهەمدێت بەو چەشنەی کە لێی پێکهاتووە.(1)

ناتوانرێت واتای وشەکان (دانە فەرهەنگیەکان) بەبێ لێکۆڵینەوەی واتای ڕستەکان بە دروستی لێکبدرێنەوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە ئاسان نیە واتای ڕستە بە بێ لێکۆڵینەوەی واتای وشەکان ڕوونبکرێتەوە، لەبەر ئەو هەماهەنگی لە نێوان زانیاریە فەرهەنگی و زانیاریە سینتاکسیەکان دا پێویستیەکە دەبێت هەبێت، واتای وشەکان/لێکسیمەکان و تەنانەت وشە پێکەوە–هاتووەکانیش بەندە بە بەکارهێنانیان لە ڕست جیاوازەکاندا لە نموونەکانی (٣٥) دا ئەوە ڕوون دەبێتەوە. پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستە یەکێکی ترە لە زانیاریە سینتاکسیەکان کە بۆ واتای ڕستە گرنگە، بەم پێیە واتای ڕێزمانی دەبێتە یەکێك لە پێکهێنەرەکانی واتای ڕستە.

٣٥. أ. کارەکەم پێ کرد.
ب. چراکەی پێکرد / هەڵکرد.
پ. بە زۆر هێلکەی بە مریشکەکە کرد.
ت. من دەستم پێکرد و ئەو کۆتایی پێهێنا.
ج. بەردەکەم تێگرت ، بەڵام لێم نەدا ، سەریکرد.
چ. خۆ سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە.

## ٢ / ١ . ٤ . ١ . ٣ . پەیوەندییە ڕێزمانییەکان (grammatical relations):

لە زانستی زماندا پەیوەندیە ڕێزمانیەکان – زۆرجار پێیان دەوترێت: ئەرکە ڕێزمانیەکان، یان ئەرکە سینتاکسییەکان ، یان ڕۆڵە ڕێزمانیەکان– ئاماژەن بۆ پەیوەندیە ئەرکیەکانی نێوان پێکهێنەرەکانی ڕستە یان بەشێك لە ڕستە/گرێ(clause). نموونەی ستاندارد لەبارەی ئەرکە ڕێزمانیەکان( grammatical function) لە ڕێزمانی کلاسیکییدا بریتیە لە (بکەر ، بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕستەوخۆ).

(١) محەمەدی مەحوی : (٢٠٠٩ : ١١٥ – ١١٦ )، شیرزاد سەبری عەلی : (٢٠١١ : ٧٥)

له دواییانەشدا ئەرکە سینتاکسیەکان (syntactic functions) – کە بەگشتی وەك پەیوەندی ڕێزمانی ئاماژەیان بۆ دەکرێت– بەهۆی کەتیگۆریە کلاسیکیەکانی (بکەرو بەرکار) ەوە دەنوینرێن. ئەم پەیوەندیانە ڕۆڵ و کاریگەریان زۆرە بەسەر تیۆرە ڕێزمانیەکانەوە، بەهۆی هەندێك لەو تێڕوانینانەی کە لەبارەی ئەو پەیوەندیانەوە هەن لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا و گواستراونەتەوە بۆ تیۆرەکانی تری وەك تیۆری ئەرکی و تیۆری درككردن. زۆربەی تیۆرە نوێیەکان گرنگیان بەم بابەت داوە و هەریەکەیان چەند جۆرێکی جیاوازیان لەو ئەرك و پەیوەندیانە دیاریکردووە بۆ نموونە وەك ( هەوالدەری/ گوزارەیی (predicative)، دیاریکەریی (specifier)، تەواوکەریی (complement)، شوینکەوتەیی (Dependency)، بابەتیی (thematic)، ناوەندگیریی (mediative)، بکەریی (subjective)، بەرکاری/کاتێکراوی (objective) ......هتد).[1] لە نموونەکانی (٣٦) دا هەندێك لەو پەیوەندیانە پیشاندراون، لە بەرامبەر هەر ڕستەیەك جۆری پەیوەندیەکە خراونەتە ڕوو:

پەیوەندیە ڕێزمانیەکان جۆرە بەندێکی واتایین ( semantic bound ) دوو وشە پێکەوە دەبەستنەوە لە کاتی دەربڕین دا، کە هەریەکەیان خاوەنی ئەرکێکی سینتاکسین بەگوێرەی دەربڕین و نزیکی واتاییان لە یەکترەوە، هەموویان پێکەوە هاوکاری دەکەن بۆ دۆزینەوەی ئەو بەندە واتاییە، گرنگی و ڕۆڵی ئەو پەیوەندیانە لەکاتی پێکەوەهاتن و بەستنەوەی نێوان وشەکاندا دەردەکەوێت ، بە گوێرەی پەیڕەوێکی زمانی دیاریکراو بۆ بنیتنانی زنجیرەیەك ئاخاوتن کە بەهۆیەوە قسەکەر بیرەکەی دەگەیەنێت لە پەیوەندیەکی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتندا.[2]

لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا و لە سیمانتیکی لێکدانەوەدا جەخت لە ڕۆڵی ئەو پەیوەندیانە کراوەتەوە لە لێکدانەوەی واتای ڕستەدا.[3]

| | پەیوەندی ڕێزمانی/سینتاکسیی |
|---|---|
| ٣٦ أ. هەژیر زیرەکە. | گوزارەیی |
| ب. من خۆم هاتم. | شوێنکەوتەیی |
| پ. کتێبەکەی من بخوێنەرەوە. | خراوەپاڵیی/زیادکراو |
| ت. دەرگاکەم کردەوە. | کاتێکراویی/ بەرکاریی |
| ج. سایە هات. | بکەریی/کارایی |

(١)Marantz, A.P.( 1980 : 61)

(٢) محمود السعران :( ١٩٦٢ : ٢٣٧ – ٣٤٠)

(٣) بۆ زانیاری ورد لەبارەی پەیوەندیە ڕێزمانییەکان و فرەیی ئەو پەیوەندیانە بڕوانە ( Marantz, A.P. 1980).

### ٢ / ١ . ٥ . قۆناغەکانی سیمانتیکی لێکدانەوە:

قۆناغی دووەمی گەشەو بەرەوپێشچوونەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، لە بەر ئەنجامی ئەو ڕەخنانە بوو کە تووشی چۆمسکی و هاوبیرەکانی بوو، وایان لێکرد کە هەندێ بیروبۆچوون کە لە قۆناغی یەکەمدا خستبوونیە ڕوو لایان ببات، یەکێك لە هەوڵەکانی بۆ ئەوەبوو کە ڕووکارێکی سیمانتیکی بدات بە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، ویستیی پشت بە لێکدانەوەی واتایی ببەستێ ، هەموو ئەمانە– وەك پێشتریش گوتومانە – بەهۆی بەهەند وەرگرتنی توێژینەوە واتاییە زانستییەکانی (کاتز و فۆدۆر و پۆستاڵ)ەوە بوو، ئەمە بووە هۆی لەدایك بوونی قۆناغەکانی سیمانتیکی لێکدانەوە، وەك لە خوارەوە باسیان دەکەین:

## ٢ / ١ . ٥ . ١ . سیمانتیکی لێکدانەوە لە تیۆری ستاندارد دا:

### ٢ / ١ . ٥ .١ .١. تیۆری نموونەیی/ ستاندارد/ standard theory :–

کە کتێبی (ڕووکارەکانی تیۆری ڕستەسازیی/ aspect of the theory of syntax) نوێنەرایەتی دەکات کە چۆمسکی لە ساڵی (١٩٦٥) بڵاوی کردەوە. لەم قۆناغەدا گەشەی بە هەندێك لایەنی تیۆریەکەی دا. لە دیارترین ئەو بەرەوپێش چوونانەش هێنانە ناوەوەی پێکهاتەی سیمانتیکیی بوو وەك یەکێك توخمەکانی(Elements) شییکردنەوە. کە لە ئەنجامی هەوڵ وکۆششی هەندێك زمانەوانی وەك کاتز و فۆدۆر بوو لە بواری واتاییدا، کە لە (١٩٦٣)دا لێکۆڵینەوەیەکیان پێشکەشکرد بە ناوی(دروستەی تیۆری سیمانتیکی/The structure of a semantic theory). ئەمە بە یەکەم لێکۆڵینەوە دادەنرێت کە ڕێزمان و واتاسازیی پێکەوە کۆکردبێتەوە، چۆمسکی سوودی زۆری لێ وەرگرت[(١)].

هەروەها کاتز و پۆستاڵ لە ساڵی (١٩٦٤)دا کتێبێکیان بڵاوکردەوە بە ناوی (تیۆریەکی پڕاوپڕ بۆ وەسفی زمانەوانیی / An integrated theory of linguistic descriptions) ، "پاڵنەرێکی تر بوو بۆ پتەوکردنی پەیوەندی ڕێزمان و واتاسازیی لە تیۆری گواستنەوەدا . "[(٢)]. لە ئەنجامی ئەمانەدا چۆمسکی کتێبەکەی لە ساڵی (١٩٦٥)دا بلاوکردەوە، تێیدا تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر لەوەی پێشوو دەرکەوت، بە هێنانە ناوەوەی پێکهاتەی سیمانتیکی بۆ ناو پێکهاتەکانی شی کردنەوە، لەگەڵ هەندێ دەسکاری وهەموارکردن (modification) لە پێکهاتەی بەرهەمهێناندا[(٣)].

---

(١) یسری صاوی : (٢٠٠٦ : ٨٣)

(٢) میشال زکریا: ( ١٩٨٥ : ١٠٩ و دواتر)

(٣) یسری صاوي : (٢٠٠٦ : ٨٣ )

گۆڕان و هەموارکردنەکان کە بەسەر بنەڕەتی ڕێزمانەکەدا هاتن بەم جۆرەی خوارەوە بوو:
**تیۆرەکە لەم سێ (ئاستە/ پێکهاتە)ی خوارەوە پێکدێت[1]:-**

١. **پێکهاتەی سینتاکسی(ئاستی بەرهەمهێنان)** ( generative component):-
لەسەر بنچینەی دوو پێکهاتە کاردەکات :

أ. **پێکهاتەی بەرهەمهێنانی ڕستەسازی** : کە لە سێ جۆر یاسای ڕێزمانی پێکدێت:-
(١) یاساکانی بەلقکردن/ Branching rules.
(٢) یاساکانی پۆلێنکردن / Taxonomic rules.
(٣) یاسا فەرهەنگی یەکان / Lexical rules.

ب. **پێکهاتەی گواستنەوە** : دووجۆر یاسا دەگرێتەوە: -
(١) یاسا بەویستەکان/Optional rules .
(٢) یاسا بەخورتییەکان/Obligatory rules .

ئاستی بەرهەمهێنان دروستەی قوڵ (توانست) بەرهەمدەهێنێت، کە هەموو واتاکە لەخۆدەگرێت. دروستە قوڵەکەش دەگوازرێتەوە بۆ دروستەی ڕووکەش بەهۆی ئەو یاسای گواستنەوانەی کە پارێزەری واتاکەن و واتای دروستە زمانییەکان بە نەگۆڕیی دەهێڵنەوە، یاساکانی گواستنەوە خاوەنی هێزێکن کە وادەکەن تەسکبوونەوە یان کرتاندن یان جێگۆڕکێ یان شێوەگۆڕان بەسەر دانە زمانی یەکاندا ڕوودەدات .[2]

٢. **ئاستی واتایی/ پێکهاتەی سیمانتیکیی** ( Semantic components):
ئاستێکی لێکدانەوەییە کار لەسەر دروستەی قوڵ(deep structure) دەکات، ئەم پێکهاتە واتاییە لێکدانەوەیەکی سیمانتیکیی بە دروستەی قوڵ دەبەخشێت لە ڕێگەی ئەو یاسا سیمانتیکییانەی کە واتا جیاوازەکانی دانە زمانیەکان دەگرێتەخۆ، بۆ ئەوەی نواندنە/داڕشتە سیمانتیکییە( Semantic representation) پێکهاتووەکە بەرهەمبهێنێت[3]. "ئەم تیۆرییە وەهای دەبینێت و گریمانەکەی وەهایە، کە دەبێت لێکدانەوەی سێمانتیکیی لەسەر ئاستی قوڵ deep structure ڕوودەدات."[4] بەم جۆرە لە گرنگترین ئەو چەمکانەی کە لەم تیۆرەدا خرانە ڕوو چەمکی (دروستەی قوڵ، نواندنی واتایی) بوون.


---

(١) بڕوانە : مازن الوعر: ( ١٩٨٧ :٨٥ و دواتر) ، میشال زکریا:( ١٩٨٥ : ١٠٩ و دواتر) . حاتەم ولیا محەمەد : (٢٠٠٩ : ٥٨ – ٥٩ ) ......
(٢) مازن الوعر:( ١٩٨٧ : ٥٥)
(٣) بڕوانە : محەمەدی مەحویی: (٢٠٠٦ : ٣ ،٤ ) ، مازن الوعر: (١٩٨٧ : ٥٦ ) و میشال زکریا: ( ١٩٨٥: ١١٢)
(٤) محەمەدی مەحویی : (٢٠٠٩ : ٢٠٠)

## ٣. ئاستی دەنگسازی/ پێکهاتەی فۆنۆلۆجی (Phonological Components) :

ئەمیش ئاستێکی لێکدانەوەییە کار لەسەر دروستەی ڕووکەش (surface structure)ی ڕستەو فرێزەکان دەکات، بەهۆی بەکارهێنانی یاسا دەنگسازییەکان بۆ بەرهەمهێنانی نواندنە فۆنۆلۆجییەکان (Phonological representation)[١]. ئەم پێکهاتەیە لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زماندا دەکات ، لە هەردوو یاسا فۆنۆلۆجییەکان (phonological rules) و فەرهەنگی فۆنۆلۆجی (phonological Lexicon) پێك دێت، یاسا فۆنۆلۆجییەکان ئەو گۆڕانانە دەگرێتەوە کە بەسەر بڕگەی دەنگییدا دێ، هاوکات فەرهەنگیی فۆنۆلۆجییش داڕشتەی مۆرفێمیی دەنوێنێت[٢].

دەتوانرێت تیۆرەکە لە هێلکاریەکی وەك شێوەی (١)دا، گشت پێکهاتەکانی بخرێتە بەرچاو:




هێڵکاری شێوە (٤)[٣]

پێویستە ئەوەش بگوترێت کە ڕیزبەندکردنی پێکهاتەی سیمانتیکیی لە ناواخنی ڕێزماندا، دژایەتی نیە لەگەڵ سەربەخۆیی پێکهاتەی سینتاکسییدا، لەبەر ئەوەی کە پێکهاتەی سیمانتیکیی هاوشێوەی پێکهاتەی فونۆلۆجیی پێکهاتەیەکیی لێکدەرەوەییە، پلەبەندکردنی پێکهاتەی واتایی لە بڕبڕەی ڕێزماندا وەك پێویستی لێهاتووە، ئەمە لە دیاریکردنی ئەو تیۆریە ڕێزمانییەوە سەرچاوەدەگرێت کە بۆ لێك نزیککردنەوەی دەنگ و واتایە، پێکهاتەی واتایی نواندنە واتاییەکان دەخاتە سەر دروستەی سینتاکسیی.[٤]

---

(١) بڕوانە : مازن الوعر: ١٩٨٧ : ٥٦ و محەمەدی مەحویی:٢٠٠٦ : ٣ ، ٤

(٢) میشال زکریا: ١٩٨٥ : ١١٧

(٣) یسری صاوي : (٢٠٠٦ : ٨٦ )

(٤) هەمان سەرچاوە : ١١٢

## ٢ / ١ . ٥ . ١ . ٢. پێکهاتەی واتایی لە تیۆرەکەدا :

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لە تیۆرس ستانداردا "پێکهاتەی واتاییە" کە بناغەی تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوەیە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا. بناغەی لێکۆڵینەوەی ئەم بەشەی ئێمەیە، کۆمپانێنتەکە پێکدێت لە:

١. **فەرهەنگ:** کە لە ئاوەزی مرۆڤدایە، گشت دانە زمانییەکانی زمانێکی دیاریکراوی تێدا هەڵگیراوە (بڕوانە ٢ / ١ . ٣ . ٣ ).

٢. **یاساکانی پرۆژەسازدان** ( Projection rules) : ئەم یاسایانە دانە فەرهەنگیەکان و دروستەی سینتاکسیی پێکەوە دەبەستێتەوە.[١]. بۆیە ناودەبرێن بە یاساکانی پرۆژەسازدان چونکە پرۆژەی واتا بۆ دروستەیەکی دیاریکراو سازدەدەن (بڕوانە ٢ / ١ . ٣ . ٤).[٢]

بۆ ڕوونکردنەوەی کردەی یاساکانی پرۆژەسازدان نموونەی (٣٧) وەردەگرین، بۆ وێنە (خوارد) لە ڕستەکەدا بە کۆمەڵێك نیشانەی واتایی دەنوێنرێت کە پێی دەناسرێتەوە. مەبەستیشمان لە نیشانەی واتایی ئەو ئەو سیمایانەن کە پێی لە دانەیەکی فەرهەنگیی تر جیادەکرێتەوە:

**٣٧. منداڵەکە هەناری خوارد.**

– منداڵ : (+ ناو) (+مرۆڤ ) (+گیاندار) (± ڕەگەزی نێر) (+ زیندو) (– هەراش)....

– ( _ەکە) : (+ ناساندن) (+ دیاریکردن) (+ تاك) (+ مۆرفێمی بەند) ....

– **هەنار** : (+ ناو) (– گیاندار) (+ ڕووەك) (+خوراو/ خۆراك) (+ سروشتی)....

– خوارد : (+ کردە/ئیش) (– فریزی ناوی) (+جووڵاو) (+ چالاکیی) (+ سوودگەیاندن)...

یاساکانی پرۆژەسازدان نیشانە واتاییەکان لێکدەدەن بۆ پێدانی نواندنی واتایی بە ڕستەکە، دروستەی سینتاکسیی ڕستەکە چۆنێتی لێکدانی نیشانە واتاییەکان دیاریدەکات، یاساکانی پرۆژەسازدانیش واتاکان دەخەنە تەکیەك. ئەم یاسایانە ئەگەری ڕێککەوتنی دانە فەرهەنگییەکان لە دروستەیەکی سینتاکسیی دیاریکراودا ڕووندەکەنەوە، ئەو واتایە لێکدەدەنەوە کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنەکەدا بەدەستدێت، واتا دروستبووە پێکهاتووەکە بەتەنها پەیوەست نیە بە سیمانتیکی ئەو پێکهێنەرانەی کە دروستی دەکەن، بەڵکو پەیوەستیشە بەو دروستە سینتاکسیەی کە ئەو پێکهێنەرانە پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەهۆی ئەو ڕێگایەی کە توخمەکانی پێ دروستدەکرێت لە ڕوانگەی ڕستەسازیەوە.[٣]

---

(١) محمد منذر عیاش : (١٩٨٣ : ٤٢٨)

(٢) میشال زکریا: (١٩٨٥ : ١١٧ )

(٣) سەرچاوەی پێشوو : ١٣٦

واتای ڕسته تەواو و دروست دەبێت بەهۆی واتای وشەو و پێکهێنەرەکانی کۆتایی لە ئامازبەندە سەرەکیەکەدا، ئەمەش بە کۆکردنەوەی واتاکان لە ڕێگەی یاساکانی پرۆژەسازدانەوە بە پێی ئەو پەیوەندیانەی کە هەن لە ئامازبەندە سەرەکییەکەدا.[1]

بۆ نموونە (فرێزی پێشناوی لە ڕستەیەکی جۆری (٣٨)دا بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟)، دیاریکردنی (دەرخەر) لە ڕستەیەکی وەك (٣٨) دا ئایا پەیوەستە بە بکەرەکەی یان بەرکارەکەی، یاساکانی پروژەسازدان ئەوە دیارییدەکەن:

٣٨. ئاشنا ئارای بینی به گریانەوە.

ڕستەکە لێڵە دوو واتای هەیە بەهۆی فرێزی پێشناوی (**بە گریانەوە**)، چونکە نازانرێ کە ئایا (بکەر(ئاشنا)) دەگریا کە (بەرکار(ئارا))ی بینی ، یان (بکەر (ئاشنا)) (بەرکار(ئارا))ی بینی کە دەگریا. یاساکانی پرۆژەسازدان لە هەوڵی لابردنی ئەو تەمومژەدایە.

بەم پێ یە پێکهاتەی سیمانتیکیی واتای دروست دیاریدەکات بۆ ڕستەکانی زمان بە پشتبەستن بە واتای تاکە وشەو مۆرفێمەکان کە ڕستەکانی لێ پێکهاتووە و بە شوێن هەڵگرتنی ئەو ڕێگایانەی کە وشەو مۆرفێمەکانی پێ دروستکراوە.[2]

## ٢ / ١ . ٥ . ١ . ٣. لێکدانەوەی واتایی لە تیۆری ستانداردا :

هەروەك دەردەکەوێت– لەم قۆناغەدا– پێکهاتەی واتایی لە دروستەی قووڵەوە دەردەچێت، بەتەنیا ئەو بەرپرسە لە لێکدانەوەی واتاییدا. چۆمسکی پێی وایە کە ئێمە کاتێ زانیمان دروستەی قووڵ هەر ئەوەیە کە بەرهەمدێت لە ڕێگەی پێکهاتەی ڕێزمانیی/ سینتاکسییەوە، ئەو وەختە وامان لێدەکات گریمانەی ئەوە بکەین کە شیکردنەوەی واتایی ڕستە دەوەستێتە سەر بەشە/یەکە ئاخاوتنەکان و ئەرك و پەیوەندیە ڕێزمانییە نواندراوەکانیان لەو ڕۆنانی ژێرەوەیەی کە تێیدا دەردەکەون.

تیۆری ستاندارد، پێداگربوو لەسەر ئەوەی کە دروستەی قووڵ لێکدانەوەی واتایی ڕستە بە تەواوی دیاریدەکات، گواستنەوەکان هیچ ڕۆڵێکیان نیە لەو لێکدانەوەیەدا تەنانەت پشکیان نیە لە دیارییکردنیشیدا.[4] بە پێی ئەو لێکدانەوە زانستیە بێ دەبێت جوتە ڕستەکانی (٣٩ ،٤٠ ، ٤١) واتاکانیان هەمان شت بێ ، چونکە خاوەنی هەمان دروستەی قووڵن، کاتێك دروستەی قووڵ واتا ببەخشێت بەو ڕستانە:

---

(١) میشال زکریا:( ١٩٨٥: ١٣٦)

(٢) هەمان سەرچاوە : ١٣٧

(٤) میشال زکریا: ( ١٩٨٥: ١١٣)

**٣٩. أ. جگەرەکەت بکوژێنەرەوە!**

**ب. ئەریٚ تۆ جگەرەکەت ناکوژێنیتەوە؟!**

**٤٠. أ. ئەگەر هاتیت ، سەرێکم لێبدە.**

**ب. سەرێکم لێبدە، ئەگەر هاتیت.**

**٤١. أ. مامۆستاکان خوێنکارە زیرەکەکەیان خەڵاتکرد.**

**ب. خوێنکارە زیرەکەکە لەلایەن مامۆستاکانەوە خەڵاتکرا .**

هەریەکە لە جووتە ڕستەکانی (٣٩، ٤٠، ٤١ ) بە بەڵگەی سینتاکسیی سەلمێنراوە کە هەمان دروستەی قووڵیان هەیە، بۆ زۆربەی ڕستە هاوشێوەکانی سەرەوە لە زمانی کوردیدا لە ئاستە قووڵە سینتاکسییە سەلمێنراوەکەدا هەموو ئەو پێکهێنەرانە بە زانیاریە واتاییە فەرهەنگییەکانیانەوە بەدیدەکرێن کە پێویستن بۆ لێکدانەوەی واتاییەکەی، بەڵام ئەو زانیاریانە لە دروستەی ڕووکەشدا نین، ڕوویەکی پێشکەوتوو و سەرکەوتووی ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە ئەو پێکهێنەرانەی لە درووستەی قووڵدان دەکرێت پرۆسەی گواستنەوە یان جێگۆرکێی بەسەردا جێبەجیٚ بکرێت وەك لە جووتە ڕسەی (٣٩) دا ، هەروەها زانیارمان دەداتیٚ لەبارەی ئەرکە سینتاکسییەکانەی کە دەتوانرێت بەهۆی گواستنەوەکانەوە جێگۆرکێیان پێبکرێت وەك لە (٤٠) دا دیارە. جگە لەوە ئەو یاسای گواستنەوەی بکەرنادیارەی کە بەسەر دروستەی ژێرەوەی ڕستەی(٤١. أ)دا جێبەجیٚ دەکرێت و دەیگۆڕیٚ بۆ بکەر نادیار لەگەڵ (٤١ . ب) دا هەمان لێکدانەوەی واتاییان هەیە.[(١)]

لە زمانی کوردیدا مەرج نیە کە هەموو جووتە ڕستەیەکی بکەر دیار و بکەر نادیار هەمیشە هەمان واتایان هەبیٚ، بۆ نموونە وەك لە جووتە ڕستەی (٤٢، ٤٣) دا دیارە، واتاکانیان تەواو پێچەوانەی یەکترن وەك لە (٤٢)دا ، یان بە لایەنی کەمەوە لێڵی دروستدەکات وەك لە (٤٣)دا، بۆیە ناکریٚ باوەڕمان وابیٚ لەو بارەدا هەمان دروستەی قووڵیان هەیە.[(٢)]

**٤٢. أ . زۆر منداڵ خواردنی کەم دەخۆن.** (ڕێژەیەکی زۆری منالاّن (کەمخۆر/بەدخۆراك)ن. )

**ب. خواردنی کەم لەلایەن زۆر منداڵەوە دەخورێت.** (منالّەکان زۆرن بەڵام ئەو خواردنەی کە هەیە کەمە.)

**٤٣. أ . زۆر کەس دوو ژن دەهێنن.** (زۆر پیاو دەیکەنە دوو ژن. )

**ب. دوو ژن لەلایەن زۆرکەس دەهێنرێت.** جگە لە واتاکەی سەرەوە ئەم واتایەشی هەیە کە وەك مانشێتی ڕۆژنامەکان وایە : (دوو ژن(دیاریکراو) زیاتر لە مێردێك دەکەن/ زۆر پیاو ئەم دوو ژنەیان هێناوە)

(١) محەمەدی مەحویی : ( ٢٠٠٩ : ٢٠٠ – ٢٠١)

(٢) حاتەم ولیا محەمەد : (٢٠٠٩ : ٦٠ – ٦١)

## ٢ / ١ . ٥ . ٢ . سیمانتیکی لێکدانەوە لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا:

**٢ / ١ . ٥ . ٢ .١. تیۆری ستانداردی فراوانکراو/ Extended Standard Theory:**

لە ئەنجامی ئەو ڕەخنە زۆرانەی کە لە تیۆری ستاندارد گیرا لە لایەن لایەنگرانی تیۆرە ڕێزمانی و واتاییەکانی ئەو کاتە و بەتایبەت لایەنگرانی "تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان و سیمانتیکی پۆلێنکاری"ەوە (لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا باسیان دەکەین ). لێکدانەوەی سیمانتیکی لەم مۆدێلەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا هەندێ هەموارکردنی بەسەردا هات ، ئەو بەرەو پێشبردنەی چۆمسکی و هاورێکانی تەنها هەموارکردن و زیاکردنێکە بۆسەر تیۆری ستاندارد نەك هەڵوەشاندنەوەی تیۆرەکە، مۆدێلەکە لە سەرەتای ساڵی حەفتاکاندا و لەلایەن چۆمسکی خۆی لە لێکۆڵینەوەکانی ساڵی (١٩٧١ ، ١٩٧٢)دا و ڕای جاکیندۆف (١٩٧٢)ەوە پەرەپێدرا. کۆمەڵێك جیاوازی لەگەڵ مۆدێلەکەی پێشوودا هەبوو بە تایبەت لە ڕووی لێکدانەوەی واتاییەوە[(١)]، کە هێڵی گشتیی کارەکەی ئێمەیە.

گرنگترین ئەو کێشە جدیانەی تیۆری ستاندارد بە پێی بیروڕای ڕەخنەگرانی لە دوو خاڵی سەرەکییدا کۆدەکرێنەوە:

١. **قووڵییەکی دیارییکراو و ڕووکەش بۆ دروستەی قووڵ/ ڕۆنانی ژێرەوە.**

٢. **دوورەپەرێزی/خۆبەدوورگرتن لە وردی و وردەکاری لە گریمانەکەی کاتز و پۆستاڵ دا.**[(٢)]

ئەم دوو کێشە واتایی یە پاڵیان بە چۆمسکیەوە نا، تا جارێکی تر چاکسازیی و گۆڕانکاریی لە تیۆری ستانداردی (١٩٦٥)دا بکات، ئەمەش لە چوارچێوەی دانانی ژمارەیەك گریمانە/تیۆریی زمانەوانی، دوای ئەوەی کە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دروستەی قووڵ بە تەنها بەس نیە بۆ پێشکەشکردنی لێکدانەوەی واتایی، بۆیە نواندنی/داڕشتەی سیمانتیکی لەیەك کاتدا بەهەردوو ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە گرێدا ، لە چوارچێوەی خستنە ڕووی دوو جۆر لە یاسای لێکدانەوەی سیمانتیکیی کە بریتین لە :

**١. یاسای لێکدانەوەی سیمانتیکیی یەکەم بۆ دروستەی قووڵ.**

**٢. یاسای لێکدانەوەی سیمانتیکیی دووەم بۆ دروستەی ڕووکەش.**[(٣)]

### ٢ / ١ . ٥ . ٢ .٢. پێکهاتەی واتایی لە تیۆرەکەدا :

لەم مۆدێلەدا پێکهاتەی سیمانتیکی گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات، تیایدا ئاستە لێکدانەوەییە سیمانتیکیەکە بە تەنها لەسەر دروستەی قووڵ جێبەجێ نەکرا بەڵکو بە هاوتەریبی و لەپاڵ ڕۆنانی ژێرەوەدا ڕۆنانی سەرەوەش بەهەند وەرگیرا.

---


(١) بڕوانە: سەباح ڕەشید قادر : ( ٢٠٠٩ : ١٠١ – ١٠٥) ، حاتەم ولیا محەمەد : ( ٢٠٠٩ : ٥٩ – ٦٣) ، هەروەها، یسری الصاوی : ( ٢٠٠٦ : ٨٧)، مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٥٩) ، محمد منذر عیاشي : ( ١٩٨٣ : ٤٤٠ ) .....

(٢) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٦٠)

(٣) سەرچاوەی پێشوو : ٦٤

بەمە ئەو گریمانە کۆنەی کاتز و پۆستاڵ ڕەتکرایەوەکە پێی وابوو "گواستنەوەکان" کە بەسەر دروستەی قووڵ دا دێن نابنە هۆی گۆڕان لە واتادا، مۆدێلەکە ڕوونی کردەوە کە "گواستنەوکان " دەبنە هۆی گۆڕان لە واتادا، لێرە بە دواوە گرنگی ڕۆنانی ڕووکەش دەرکەوت لە لێکدانەوەی واتاییدا.[1]

بەم جۆرە پێکهاتەی سیمانتیکی لەم مۆدێلەدا پەرە پێدرا بۆ ئەوەی لە توانایدا هەبێت تەواوی دروستە سینتاکییەکان لە زمانە سروشتیەکاندا لێك بداتەوە، بۆ ئەو مەبەستە بەسترایەوە بە هەردوو ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە، دەتوانرێت لە هێڵکاری ژمارە (٥) دا شوێنی پێکهاتەی سیمانتیکی و بەستنەوەی بە پێکهاتەی ڕستەسازیەوە ڕوونبکرێتەوە:




هێڵکاری ژمارە (٥)[2]

بە بەراوردکردنی هێڵکاری (٥) لەگەڵ هێڵکاری (٤) مۆدێلی تیۆری ستاندارد دا هەست بە هەندێ گۆڕانکاری دەکرێت، (تیرەکان) ئەو گۆڕانکاریە ڕووندەکەنەوە. لەگرنگترین ئەو گۆڕانکارانە، بریتیە لە بەستنەوەی ڕۆنانی ڕووکەش بە یاسایەك لە یاساکانی لێکدانەوەی سیمانتیکییەوە.

---

(١) بڕوانە : میشال زکریا : ( ١٩٨٥ : ١١٨) ، مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٦٤) ، محمد منذر عیاشي : (١٩٨٣ : ٤٢١ )، جون لاینز : (١٩٨٥ : ١٩٩) ، هەروەها بڕوانە: حاتەم ولیا محەمەد :( ٢٠٠٩ : ٦٠ – ٦١)

(٢) بۆ ئەم هێڵکاریە سوود لە (حاتەم ولیا محەمەد : (٢٠٠٩ : ٥٩)) وەرگیراوە.

### ٢ / ١ . ٥ . ٢ . ٣. لێکدانەوەی واتایی لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا :

(( ئەم تیۆرە وەهایدادەنێت و گریمانەکەی ئەوەیە کە، بۆ هەندێك چەشنی ڕستەی دیاریکراو لێکدانەوەی سێمانتیکی وابەستەی هەردوو دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشە. گریمانەکە بە جیا هێنرایە ئاراوە، چونکە هەندێك گواستنەوە، کە بە سینتاکسیی پاساویاندرابووەوە، وەها دەردەکەوتن، گۆڕانکاری بەسەر واتادا بهێن. ئەگەر واتا لە نێوان ئاستی دروستەی ڕووکەش و دروستەی قووڵدا بگۆڕێت، ئەوا دەبێت دروستەیەکی ڕووکەش واتایەکی جیای لەو واتایە هەبێت، کە دروستەی قووڵ هەیەتی.))[(١)]

ئەم مۆدێلەی لێکدانەوەی واتایی لە زمانی کوردیدا، بۆ ئەو ڕستانەی کە دەربڕاوە ئاوەڵکاریەکانی وەك (ئێستا ، تەها/ تەنیا ، پاشان ، دواتر .......)یان تێدا بەکاردێت، بە گوێرەی جێکەوتە جیاوازەکانی ڕستە، واتای رستە دەگۆڕن، واتای جیاواز بە ڕستەکە دەبەخشن، بۆ نموونە سەیری گرتنەوەیی(intension)ی دەربڕاوی (تەنها) لە ڕستەکانی (٤٤)، گرتنەوەییەکانی دەربڕاوی (–یش) لە (٤٥) دا ، هی دەربڕاوی (هەر) لە ڕستەکانی (٤٦) دا.[(٢)]

**٤٤. أ. تەنها من لەسەر کورسیەکە دانیشتبووم.** (ئەوانی تر لەسەر (زەوی/ فەرش / دۆشەك ...) دانیشتبوون.)

**ب. من تەنها لەسەر کورسیەکە دانیشتبووم.** (تەنا لەسەر کورسیەکە لەسەر شتی تر نا)

**پ. من لەسەر کورسیەکە تەنها دانیشتبووم.** لێڵە دوو واتای هەیە: ١. (بەتەنیا و کەسی ترم لەگەڵ نەبوو.)، ٢. (تەنها دانیشتبووم هیچی ترم نەکردووە.)

**٤٥. أ. ئێمەیش سەرمان لە نەخۆشەکە دا.** (ئێمە وەك (ئێوە/ ئەوان) چووینە لای نەخۆشەکە.)

**ب. ئێمە سەریشمان لە نەخۆشەکە دا.** (ئێمە لەگەڵ کاری تردا ، سەرمان لە نەخۆشەکە دا.)

**پ. ئێمە سەرمان لە نەخۆشەکەیش دا.** (ئێمە سەرمان لە نەخۆشەکەو خەڵکی تریش دا.)

**٤٦. أ. هەر تۆ کتێبەکە بخوێنەرەوە.** (تەنها تۆ کەسی تر نا)

**ب. تۆ هەر کتێبەکە بخوێنەرەوە.** (تەنها کتێبەکە شتی تر نا)

**پ. تۆ کتێبەکە هەر بخوێنەرەوە.** دوو واتای هەیە: ١. (بەردەوامبە لە خوێندنەوەی.) ٢. (تەنها بیخوێنەرەوە کاری تر مەکە.)

---

(١) محەمەدی مەحوی : (٢٠٠٩ : ٢٠٢)

(٢) سەرچاوەی پێشوو : هەمان لاپەڕە.

هەروەها تیۆرەكە لەگەڵ ئەو ڕستانەی هاوشێوەی جووتە ڕستە بكەر دیارو نادیارەكانی (٤٢، ٤٣) دا دەگونجێت، كە ئەو جۆرە دەربڕاوانەیان تێدایە كە پێیان دەوترێت دەربڕاوی چەندێتی پێو(Quantifier)، دروستەی ڕووكەشیان جیاوازە لە دروستە قوڵەكانیان. تیۆرەكە لەم ڕێگایەوە هەوڵی ڕوونكردنەوەی ئەو دیاردانە دەدات، بۆ ئەوەی بتوانێت جۆرە یاسایەك بچەسپێنێت، كە بەسەر هەردوو دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووكەشدا جێبەجێ بكرێت، بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەو یاسایانە بگاتە واتای ڕاست و دروست بۆ ئەو جۆرە رشستانەی كە لە (٤٢ ، ٤٣) دا خراونەتە ڕوو.[(١)]

چۆمسكی دانی بە هەبوونی كێشەی سیمانتیكی دانا لە تیۆرەكەیدا. باسی لەوە كرد كە پێكهاتەی سیمانتیكی پێویستی بە گەشەپێدان و بەرەوپێشبردن هەیە، بە مەبەستی سادەكردنەوەی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و تا بتوانێت بە باشترین شێوە پەیوەندیە وتایبەكان لێكبداتەوە، ئامانجی چۆمسكی لە دەوڵەمەندكردنی پێكهاتەی سیمانتیكییدا بۆ چارەسەركردنی ئەو گرفتانە بوو كە پەیوەندیان بەدروستەی دانە فەرهەنگیەكانی زمانی ئینگلیزیەوە هەبوو، بەتایبەت دروستەو داڕشتە بنجی یەكان و هەڵگوازراوەكانیان (المشتقات).[(٢)]

هەرچۆنێك بێت چۆمسكی یاساكانی بەرهەمهێنانی سیمانتیكیی لە پێكهاتەی بەرهەمهێنانی سینتاكسیی دا فراوانكرد، تا بتوانێت چارەسەری دانە فەرهەنگیە هەڵگوازراوەكان بكات.

ئەم چاكسازیەش بە گریمانە/ تیۆری لێكسیكی(Lexical assumption) ناسرا، لە بەرامبەر گریمانەی گواستنەوە(Transformational assumption) دا، سەرەڕای ئەوە چۆمسكی گریمانەی فەرهەنگیی بە ڕادەیەكی باش بەرەوپێش برد لە پێناو چارەسەركردنی دانە فەرهەنگییە هەڵگوازراوەكان، بۆ كەمكردنەوەی ئەو لێڵیی و نادیاریە واتایانەی كە دەوری هەریەك لە دانە فەرهەنگیە بنجیی و هەڵگوازراوەكانی داوە.

چۆمسكی پێشنیاری ئەوەی كرد كە نرخی واتایی[+هۆكاریی] ڕوونكراوە لە نموونەیەكی وەك (٤٧)دا دەكرێت بۆ چەند كردارێكی دیاریكراو زیاد بكرێت وەك تایبەتمەندیەكی واتاییانەی فەرهەنگییانە.[(٣)]

**٤٧. كاوە خەیار بەرهەم دەهێنێت.**

**أ. كاوە [+هۆكار ] [بەرهەمهاتنی خەیار] .**

**ب. كاوە [+هۆكار، بەرهەمهاتن] خەیار .**

جگە لەوە هەندێ یاسای گشتیی خستە ڕوو كە كرداری تێنەپەڕی دیاریدەكرد كە ئەگەر نرخی واتایی [+هۆكاریی] بۆ زیاد بكرێت دەگۆڕێت بۆ تێپەڕ.

١) محەمەدی مەحوی : (٢٠٠٩ : ٢٠٤)

(٢) مازن الوعر : ( ١٩٨٧ : ٦٠)

(٣) هەمان سەرچاوە : ٦١

بەم شێوەیە گریمانەی فەرهەنگی لە توانایدایە چارەسەری دروستەی واتایی دانەکانی فەرهەنگ بکات بە ڕێگای جیاواز، وەك لە هێڵکاری (٦) خوارەوەدا پیشاندراوە:

| | |
|---|---|
| **دانە فەرهەنگی یەکان** | **دانە فەرهەنگی یەکان** |
| ↓ | ↓ |
| **بەجێبەجێکردنی گریمانەی گواستنەوە** | **بەجێبەجێکردنی گریمانەی فەرهەنگیی** |
| ↓ | ↓ |
| **وشە بنجییەکان** | **وشە هەڵگوازراوەکان** |
| ↓ | ↓ |
| **(نە-) چوون هاوڕێ بانگێشت (-ەکە)** | **هاوڕێ نەچوو بۆ بانگیشتەکە.** |

هێڵکاری ژمارە (٦) [1]

ئەم هەموارکردنە زمانەوانییە واتاییە وای لە چۆمسکی کرد بڕوای وابێت کە هەندێك لە ڕاستی یە ڕێزمانیی و سینتاکسییەکان دەتوانرێت زۆر بە وردی چارەسەربکرێن ئەگەر بێتو دروستەی قووڵ کەمتر ئەبستراکتبێ وەك لەوەی کە لە گریمانەی ساڵی (١٩٦٥) دا هەبوو.[2]

## ٢ / ١ . ٥ . ٣ . سیمانتیکی لێکدانەوە لە تیۆری ستانداردی فراوانکراوی دەستپێداهێنراودا:

### ٢ / ١ . ٥. ٣. ١. تیۆری ستانداردی فراوانکراوی دەستپێداهێنراو/ Revised Extended Standar Theory:

ئەم مۆدێلە لە ناوەڕاستی ساڵی حەفتاکاندا هاتە ئارا لە لایەن چۆمسکی و هەندێك لە هاوبیرەکانی، دوای دانانی هەردوو گریمانەی لێکسیکیی(Lexical assumption) و لێکدەرەوەیی( interpretative assumption)، کارکردن لە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوستنەوەدا، بە سنووردارکردنی هێزی (یاساکانی گواستنەوە) دەستی پێکرد، هەندێك پەیڕەوی وردی بۆ دانرا وەك دەستوورە سەپێنراوەکان لەسەر (جووڵەی گواستنەوەیی) و (گۆڕانی واتا) و (ناوو جێناوە بۆ گەڕاوەکەی). هەروەها سنوردارکردنی هێزی ئەو یاسایانەی بەرهەمهێنان کە لەسەر دروستەی ڕووکەش جێبەجێ کراون.[3]

زمانەوانیی ئەمریکی (ئەدمۆندز ١٩٧٦) گفتوگۆی لەبارەی هەندێك لەو یاسا سەپێنراوانە کردووە، کە لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و ئاستی گواستنەوە و ئاستی سیمانتیکیی و تەنانەت ئاوەڵناوو ئاوەڵکارو دەرخەرو دەرخراوی و ...هتد، هەن. بەڵام لە گرنگترین ئەو دەستوورانەی لەو بوارەدا گفتوگۆی لەبارەوە کرابێ—

(١) مازن الوعر : ( ١٩٨٧ : ٦٠)

(٢) جۆن لاینز : (١٩٨٧ : ١٧٣)

(٣) مازن الوعر : ( ١٩٨٧ : ٦٥)


ئەوانەن کە (چۆمسکی ١٩٧٣–١٩٧٧) ڕوونیکردوونەتەوە، ئەوانەش کە چۆمسکی و لاسنیك لە (١٩٧٧) باسیان کردوون. چۆمسکی توێژینەوەی لەبارەی دروستەی ئاوەزیی زهنیی سەربەخۆوە کرد، کە بریتیە لە پەیڕەوێکی ئاڵۆزی بەناویەکداچوو لە یاساکانی دەنگسازیی و واتاسازیی و ڕستەسازیی، کە دەکرێ بە فورمێکی لۆجیکیی دەربڕێت.

بەناویەکداچوونی ئاستەکان لە نێوان خۆیاندا هاوشێوەی ئەو بەناویەکداچوونەیە کە لە نێوان پێکهاتە زمانیە پێشنیارکراوەکانی تیۆری ستاندارددا هەیە. بەدیاریکراوی پێکهاتەی دروستەی بەرهەمهێنان (یاسا ڕۆنانییەکان و گواستنەوەکانی)، پێکهاتەی سیمانتیکیی(یاسا لێکدەرەوەییە سیمانتیکییەکان)، پێکهاتەی فۆنۆلۆجی (یاسا دەنگییەکان). (١)

## ٢/١. ٥. ٣. ٢. پێکهاتەی واتایی لە تیۆرەکەدا:

لە ڕاستیدا ئەو هەموارکردنانەی کە لە تیۆر ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا کرا لە ساڵی(١٩٧٣–١٩٧٧) هاونرخیی پێکهاتەی دروستەی سینتاکسیی لەگەڵ پێکهاتەی سیمانتیکیی دەردەخات، ئەم هاونرخیەش ئەو ڕاستییە نیشان دەدات کە دەوترێت چەمکی ڕۆنانی ڕستەسازیی لە بەرژەوەندی چەمکی واتاسازیی نوێدا گۆڕاوە. (٢)

پێکهاتەی واتایی لەم مۆدێلەدا تەنها لە دروستەی ڕووکەشەوە وەردەگیراو پەیوەندیەکی بە دروستەی قووڵەوە نەمابوو کە لە تیۆرەکانی تردا پێشنیاکرابوو، دەکرێ مۆدێلەکە لە لە هێڵکاى (٧)دا بەم شێوە سادەیەی خوارەوە پیشان بدرێت کە لە (چۆمسکی ١٩٨١: ١٧) دا هاتووە:




هێڵکاری ژمارە (٧)

---

(١)بڕوانە : جۆن لاینز : (١٩٨٧ : ١٧٣) ، محەمەدی مەحویی : (٢٠٠٦: ١٠ – ١٥)، محەمەدی مەحویی : (٢٠٠٩ : ٢٢٣)، حاتم وليا : (٢٠٠٩:٦٤)

(٢) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٦٥)

## ٢ / ١. ٥. ٣. ٣. لێکدانەوەی واتایی لە تیۆری ستانداردی فراوانکراوی دەستپێداهێنراودا :

لەم جۆرەی سیمانتیکی لێکدانەوەییدا، پێشنیارکرا یان وا گریمانەکرا کە هەموو لێکدانەوە واتاییەکان لە (ئاستی ڕۆنانی سەرەوە)دا ڕوودەدەن، مەرجی جێگیربوونی ئەو گریمانەیەش ئەوەبوو کە: چەمکی ئەو یاسا گواستنەوەییانە بگۆڕدرێن کە لە تیۆرەکەی پێشتردا هەبوون، کە کاریان ئەوەبوو لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دروستەی ڕووکەشدا پێکهێنەرە بنەڕەتیەکانیان (constituents) لە دروستەی ناوەوە دەجووڵاند یان دەقرتاند، بۆیە پێویستی دەکرد ئەم جۆرە گواستنەوانە شوینەوارێکیان بۆ گوازراوەکان لە جێکەوتە بنەڕەتیەکانیاندا هەبێت و لە ئاستی ڕووکەشدا بەدی بکرێن و لەبەرداستدابن بۆ لێکدانەوەی واتاییەکانیان. بە گوێرەی ئەم تیۆرە تازەیە لە ناو هێڵکاری هەرەمی/ درەختیی ڕستەکاندا بە ئاسانی شوێنپێکان دەبینرێن و لێکدانەوە سیمانتیکییەکان ئاسان دەکەن.[1] لە نموونەکانی (٤٤، ٤٥، ٤٦، و ئەوانی پێشتریش)دا دەبینرێن، سەیری (٤٨) و (٤٩) بکە و بەراوردیان بکە[2]:

٤٨. أ. کە هەژار قسە دەکات، (pro) سەرم دێشێنێت.

ب. *سەرم دێشێنێت، کە هەژار قسە دەکات.

٤٩. أ. سەرم دێشێت. کە هەژار قسە دەکات.

ب. کە هەژار قسەدەکات ، سەرم دێشێت.

هەریەکە لە ڕستەکانی (٤٨. أ، ٤٨ .ب، ٤٩ .أ) لە دروستەیەکی قووڵەوە هاتوون، کە تێیدا ڕستە تەواوکەرەکە بکەری ڕستەکەی ترە بە واتایەکی تر: ڕستە تەواوکەرەکە لە فرێزی ناوی بکەردا شکاوەتەوە. بە پێی ئەم جۆرە لێکدانەوەیە دەبوو، هۆی ئەو جولاندنەی کە لە (٤٨. ب.)دا ڕوویداوە لە ڕۆنانی سەرەوەدا شوێنەوارێکی بۆ بکەرەکەی لە جێکەوتە/چاڵە بنەڕەتیەکەیدا تێدا هەبووایە، ئاشکرایە کە ئەوەش بەدی ناکرێت، وەك دەردەکەوێت ئەم جولاندنە بووەتە هۆی ئەوەی ڕستەکانی(٤٨.ب ، ٤٩ . أ) هەمان واتای (٤٨.أ) یان نەبێت. لەبەرئەوەی لە ئاستی ژێرەوەدا پڕکردنەوەی چاڵەکانی قاڵبی ڕستە بە تێکردە فەرهەنگیەکان(lexical insertions) دەسپێردرێت، هەروەها لەجیاتی یاساکانی گواستنەوە یاسای جێگۆرکێ هەن، ئەمە وا دەکات هەندێك جار لە ڕستەکانی زمانی کوردیدا ڕۆنانەکانی ئاستی ژێرەوە جیاوازبن لە ئاستی ڕووکەش، ئەمە وا دەکات کە لێکدانەوە سیمانتیکیەکانیشیان جیاواز بن، بڕوانە نموونەکانی(٤٤، ٤٥، ٤٦).


---

(١) محەمەدی مەحویی : (٢٠٠٩ : ٢٠٤ — ٢٠٥)

(٢) بۆ نموونەی ئەم جۆرە ڕستانە بڕوانە: کاروان عومەر قادر : ٢٠٠٨

لەبەر ئەو هۆیانەی کە لەسەرەوە خرانە ڕوو، دەردەکەوێت کە لێکدانەوەی سیمانتیکیی پێشنیارکراو لە تیۆری ستانداردی فراوانکراوی دەستپێداهێنراودا، لەگەڵ ڕستەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێت، بەو جۆرەی کە لەگەڵ نموونە پێشنیارکراوەکانی زمانی ئینگلیزییدا دەگونجێت.[1]

ئەم مۆدێلەی لێکدانەوەی سیمانتیکی بوو بە بناغە بۆ لێکۆڵینەوە ورد و وردەکاریەکانی مۆدێلە گەشەکردووەکانی دوای خۆی. لە کارەکانی چۆمسکی(١٩٨١)دا ڕەنگی دایەوە، کە ئامانجی یەکخستنی ئەو تیۆرە زمانییانە بوو کە لە ماوەی ساڵانی(١٩٧٠–١٩٨١)دا هاتنە کایەوە، لە ژێر سایەی یەك تیۆردا، ئەم تیۆرەش ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بە شێوەیەکی گشتگیر و ورد نوێنەرایەتی بکات. لە ئەنجامی کۆکردنەوەی هەموو تیۆرەکان لە ناو یەك تیۆردا، وابکات کە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە پەسنی ئاستە ئەبستراکتیەکان و هۆشەکیەکان بکات بۆ تەواوی زمانە مرۆڤایەتیەکان. دەتوانین لەم وێنەیەی خوارەوەدا تیۆرە تازەکەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان وگواستنەوە کە بە تیۆری دەسەلاّت و بەستنەوە ناسراوە لە نوێترین شێوەیدا بەم جۆرە بخەینە ڕوو:




**هێڵکاری ژمارە (٨)** [2] _

(١) بڕوانە : محەمەدی مەحویی : ٢٠٠٩ : ٢٠٤ – ٢٠٥

(٢) صلاح الدين صالح حسنين : ٢٠٠٥ : ١٤٥

# بەشی دووەم:

# پاری دووەم/

## بە گشتیی ئەو ڕەخنانەی ئەم تیۆرە ڕووبەڕوویان بووەتەوە

## ٢/ ٢ . ئەو ڕەخنانەی ئەم تیۆرە ڕووبەڕوویان بووەتەوە

لەبەر ئەوەی سیمانتیکی لێکدانەوە لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەوە سەری هەڵدا کە ڕووبەڕووی قۆناغی کلاسیکیی چۆمسکی بوونەوە ، کە بە کارەکانی کاتز و پۆستاڵ و فۆدۆر دەستی پێکرد، شەڕێکی زمانەوانی(language war) گەرمی لە نێوان زمانەوانان لەو سەردەمەدا دروستکرد، ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی واتاسازیی لێکدانەوە کران هەندێکیان بوونە هۆی بەرەو پێشبردنی تیۆرەکە قۆناغ لە دوای قۆناغ و هەندێکی تریان هەتا ئێستا بێ وەڵام ماونەتەوە و بە کەم وکورتی تیۆرەکە لە قەڵەمدراون، ڕەخنەکان لەبەرامبەر هەرسێ جۆر/قۆناغی تیۆرەکە بەجیا خراونەتە ڕوو، ئێمە لێرەدا بەشێك لەو ڕەخنانە و ئەوانەش کە لەگەڵ زمانی کوردیا ناگونجێن، پیشان دەدەین، هەوڵمانداوە ڕەخنەکان لە نێوان سەرەتای سەرهەڵدان و قۆناغەکانی دواتردا لێك جیا بکەینەوە، هەرچەندە بەلای ئێمەوە هەموو قۆناغەکان تەواوکەری یەکترن:

**٢ . ٢ . ١ . تیۆرەکەی کاتزو فۆدۆر:**

کارەکانی کاتز و فۆدۆر کە بناغەی تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوەن، بە بیرو ڕای زۆرێك لە زمانەوانان ئەم کەموکورتیانیانەی تێدایە:

١. گریمانەکەیان تیۆرێکی شێوازبەندانەیە و تیایدا دەورووبەر/context پشتگوێخراوە، کە بە بۆچوونی نەیارانی ئەم تیۆرە، سیمانتیك ناتوانێت بمانگەیەنێتە واتای ڕاستودروستی ڕستە، بێ گەڕانەوە بۆ دەورووبەر، ڕستە تەموو مژاویە و لێڵی و نادیاریەکی زۆری تێدایە، نابێ لێکدانەوەی واتایی ڕستە لە سنوری سیمانتیکدا بەند بکرێت، بەڵکو دەبێت بچێتە سنوری پراگماتیکەوە بۆ ئەوەی بگەینە گریمانەی ڕاست لە ناو گریمانە لێکدەرەوەکاندا بۆ ڕستە.[1]

٢. گریمانە واتاییەکەیان، نموونە/modelی زۆری لە دروستە زمانیەکان لە بەرچاو نەگرتووە، "سەرەڕای ئەوە گریمانەکە بەو ڕادەیە بەهێز نەبوو بتوانێت پێکهاتەی سیمانتیکی ببەستێتەوە بە پێکهاتەی دروستەی بەرهەمهێنان"[2]

٣. **واتا–گەل** (sense) ، چەقی/سەنتەری پێکهاتەی تیۆرە سیمانتیکیی یەکەی کاتزە، بۆ هەر واتای زاراوەو دەربڕاویك دەستەیەك واتا–گەل(senses) هەیە، کاتز وا پێناسەی واتاگەل/sense دەکات کە " لایەنیك لە لایەنەکانی دروستەی ڕێزمانیی ڕستەکانە کە بەرپرسیارە لە تایبەتمەندیە واتا–گەلییەکان/ sense properties و پەیوەندیەکانی.". لەم جۆرە سیمانتیکەدا واتاگەل بریتیی یە لە هەردوو پروسەی:

أ. هەڵوەشاندنەوە/شیتەڵکردن(decompositional)(وشەو ڕستەکان دروستەیەکی ناوەکییان هەیە لە فۆڕمی نیشانە واتایی یەکان). ب. پێکهێنانەوە/داڕشتنەوە(compositional)(نیشانە واتایی یەکان پێکەوە دێن بەپێی گونجانیان لەگەڵ دروستە سینتاکسی یەکەی و بنەماکانی پرۆژەسازدان.[3]

---

(١) بڕوانە : عەبدولواحید موشیر دزەیی : (٢٠٠٩ : ٦٤ – ٦٥) ، محەمەدی مەحویی : (٢٠٠٩ : ٢٠٩ – ٢١٠) ، جون لاینز : (١٩٨٧ : ١١٣ – ١١٤)

(٢) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٥٤)

(٣) Katz, J. J. (2004 : 17)

لەگەڵ ئەوشدا کاتز وەسفێکی پڕاوپڕی بۆ (واتاگەل) پێشکەش نەکردووە، بۆ نموونە : لیستێکی بۆ نیشانە واتایی یە سەرەتایی یەکان دانەڕشتووە. کەچی نموونەیەکی زۆری واتا-گەلی هێناوەتەوە بۆ دانە/کەرەستە فەرهەنگیەکان لە فەرهەنگدا، وەك ڕەنگەکان وکرداری زمانی ئینگلیزی: بۆ وێنە کردارەکانی( chase, gossip)، هەروەها خستنەپێشچاوی یاسا تایبەتی یەکانی پرۆژەسازدان بە مەبەستی پێکەوە هێنانیان.[1]

٤. بە گوێرەی ئەو تیۆرە پێویستە قسەکەر درك بە هەموو یاسا ڕێزمانی و سیمانتیکییەکان بکات و شارەزیی هەبێت لەبارەیانەوە، ئەستەمە لە واقیعدا کەس هەبێت خاوەنی تەواوی ئەو زانیاریانە بێت.[2]

٥. بە پێی ئەو ووردبوونەوە و لێکدانەوەیەی کە ئەم مۆدێلە بۆ ڕستە دەیکات، هێشتا کۆمەڵێك زانیاری وردی سەپێنراوی تر هەن کە یارمەتیدەر دەبن لە لێکدانەوەی ڕستەدا، بەڵام تیۆرەکە ئاماژەیا پێناکات. بۆ نموونە لە ڕستەی (٥٠)[3] دا، زانیاری وەك : (منداڵەکە دایك و باوکی هەیە، پارەی هەیە، تۆپی کڕیوە ، یاری دەکات،....... ) لەو زانیاریانەن کە ڕۆڵیا هەیە لە گەیشتن بە لێکدانەوەی واتایی ڕاستودروست بۆ ڕستەکە، بەڵام ئاماژەی پێناکرێت، خۆ ئەگەر ئاماژەی پێ بکرێت ئەوە تیۆرەکە ئاڵۆزتر دەبوو لەوەی کە هەیە.

**٥٠. منداڵەکە تۆپەکەی هەڵدا.**

٦. دانانی دروستەی قووڵ بە سەرچاوە و بناغەی زانیاریەکانی لێکدانەوەی سیمانتیکی لە تیۆرەکەدا یەکێکی تر بوو لەو خاڵانەی کە زۆرترین ڕەخنەی ڕووبەڕوو کرایەوە. چونکە ئەو واتا زیادانەی کە لەسەر واتا بنەڕەتیەکەن، دروستەی ڕووکەش دەیبەخشێت بە ڕستەو فرێزەکان بە هەموو ئەو واتایانەوە کە وشەکان و خوێندنەوە جیاوازەکان هەڵیانگرتووە."لەبەر ئەوەیە لێکدانەوەی واتایی سینتاکسی دەبێتە داڕشتەیەك لە (واتای بنچینەیی) کە واتای پەیوەندی نێوان ئەرکە ڕستەیی یەکانە بە مەرجەکانیەوە، لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو دانە زمانیانەی کە بەکاردێن لەو ئەرکانەدا."[4]

دروستەی قووڵ واتای بنەڕەتی دەردەبڕێت، دروستەی ڕووکەشیش ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە تێگەیشتنی واتاو ئاراستەکردنی. ئاستە قووڵە ئەبستراکتەکە لە ڕووی سینتاکسیەوە ڕاست و دروستە ، بەڵام دەکرێ ئاستی دەربڕاو/ڕووکەش لە ڕووی واتایی یەوە هەندێ جار ڕاست نەبێ بۆ نموونە لە جووتە ڕستەی ژمارە (٥١)دا دروستە قووڵەکەی بەم شێوەیەیە:-

( بکەر+ئاوەڵکارێکی کاتی+ بەرکار(دەرخراو)+دیارخەر+کاری ڕانەبردوو.)

**٥١. أ. من بەیانیان مامۆستای سینتاکس دەبینم.**

**ب. *من بەیانیان ئاوی زەریا دەخۆمەوە.**

(١) سەرچاوەی پێشوو :( ١٥٢ – ١٦٥)

(٢) عبدولواحید مشیر دزەیی :( ٢٠٠٩ : ٦٤)

(٣) بۆ وردەکاری لێکدانەوەی ئەم ڕستەیە بە پێی گریمانەکەی کاتز و فۆدۆر بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو :( ٦١ – ٦٥)

(٤) محمد حماسە عبداللطیف : (٢٠٠٠ : ٥٣ )

ڕستەی (٥١. أ) لە ڕووی ڕێزمانیەوە ڕاست و دروستە. دەشێت بەهەمان شێوە دروستەی ڕووکەشیش ڕاست بێت. تێیدا ئاستی دەربڕاو لە ڕووی ڕێزمانی و واتایی یەوە ڕاستە. بەڵام (٥١. ب) لە ئاستی دەربڕاودا لە ڕووی ڕێزمانی یەوە بێ گرفتە، بەڵكو لە ڕووی واتایی یەوە نادروستە. ....... نادروستی واتایی یەکەی لە ئاستی قووڵی ڕستەکەوە سەرچاوەی نەگرتووە ، بەڵکو هەڵەکە لە ئاستی ڕووکەشەوەیە.[1].

هەندێ جار ئاستی دەربڕاو ئاراستەمان دەکات بۆ هەڵبژاردنی دروستەیەکی قوڵی دیاریکراو[2]،بۆ نموونە لە جووتە ڕستەی ژمارە(٥٢)دا:

٥٢. أ. شێخ مەحمود مرد و سلێمانی مرد.

ب.ئاکۆ مرد و هاوڕێ مرد.

لە رستەی (أ)دا (- و-) مۆرفێمی بەستنەوە نیە بەڵكو مۆرفێمی لێکدەرە لە ڕووی واتایی یەوە، ئەمە لە لایەك چونکە مۆرفێمی بەستنەوە هەردوولای ڕستەکە هاوبەش دەکات لە واتادا، (سلێمانی) کاری مردن ئەنجام نادات چونکە گیانلەبەر نیە واتا (ـ گیانلەبەرە)، لەلایەکی ترەوە بواری واتایی بۆ هەریەك لە وشەکانی "مرد" و"سلێمانی"ناتوانرێت وەڵام بدەنەوە لەم جۆرە پەیوەندی یە ڕێزمانی یەدا، چونکە سلێمانی نامرێت و پێشی وەسف ناکرێت بۆیە (- و-) مۆرفێمی لێکدەرەو ڕستەی (سلێمانی مرد) ڕستەیەکی شوێنکەوتووە. ڕستەی (ب) مەبەستەکە جوانتر ڕووندەکاتەوە کاتێك وشەی (سلێمانی)مان گۆڕی بە وشەی (هاوڕێ) کە لە بوارێکی واتایی تردا، لەمەیاندا هەردوو ڕستەکە هاوبەشن لە واتادا.

لەبەرئەوە وشەکانی ئاستی دەربڕاو هەندێ جار ئاراستەمان دەکەن بە ئاراستەیەکی دیاریکراو، ئەو واتایانەی کە سود لە دروستەی ڕووکەش وەردەگرن جۆراو جۆرن بە گوێرەی هەمە چەشنی شێوازەکان خۆیان. بۆ ئەو مەبەستە چەند نموونەیەك دەخەینە پێش چاو:

٥٣. سەری بەفری لێبارێوە.

دروستەی دەربڕاو لەگەڵ خۆیدا واتای دروستەی قوڵی، یان واتا بنچینەییەکەی هەڵگرتووە. کە بە واتایەکی میتافۆری بە کار هاتووە. واتا سەری سپی بووە و خاوەنەکەی بەتەمەندا چووەو پیربووە. جگە لەوە ناواخنی واتایی دڵنیایی و ڕەوانبێژیش دەگەیەنێت، کە تەنانەت بەشێك لە قژی نەماوەتەوە کە سپی نەبووبێت. هەروەها ناواخنی واتاییی سەرسوڕمانیشی هەیە بەوەی کە قسەکەر بە لایەوە سەیرە کە لەو تەمەنەدا سەری سپی بووە. دەگونجێ ناواخنی واتای تانە لێدانیش بگەیەنێت.

---

(١) بروانە : محمد حماسە عبدالطیف : (٢٠٠٠ : ٨٢ ) هەروەها (Noam Chomsky :(2002 :14)

(٢) محمد حماسة عبداللطيف :(٢٠٠٠ :١٣٧)

### ٢ . ٢ . ٢ . تیۆری ستاندارد لە هەرسێ قۆناغەکەیدا:

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە چۆمسکی سوودی لە گریمانەکای کاتز و فۆدۆر وەرگرت لە دانانی تیۆرەکەدا بڕوانە (٢ / ١ . ٥ . ١)، لە گرنگترین ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی سیمانتیکی لێکدانەوە کران لەم مۆدێلەدا، ڕووبەڕووی "دروستەی قوولْ" کرایەوە، لە لایەن ئەو دوو قوتابخانەیەی کە ناسراون بە قوتابخانەی (سێمانتیکیی بەرهەمهێنان/generative semantic و سێمانتیکیی پۆلێنکاری/ taxonomic semantic )یەوە بوون.[١]

بە کورتی ئەم چەند خاڵەی خوارەوەیە:

١. دوای لێوردبوونەوە لە ڕاستییەکانی سروشتی لێکدانەوەی سیمانتیکی بۆ دارشتە و پێکهاتووە سارایایی/ جیهانییەکان (Universal compositions)، هەندێك لە زمانەوانان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەم پێکهاتە سیمانتیکییەی لم مۆدێلەدا هەیە لە توانایدا نیە زۆرترین کەرەسە/دانەی زمانیی لێکبداتەوە.

أ. پێیان وابوو کە "دروستەی قولْ" بە تەواوی دروست و ڕوون نیە بۆ ڕوونکردنەوەی سروشتی پەیوەندییە واتاییەکان لە دارشتە یونیڤێرسەڵەکاندا . بەڵگەیان ئەوە بوو کە دروستەی قولْ ناتوانێت ئەو ڕستانە لێکبداتەوە کە دروستەی ڕووکەشی جیاوازیان هەیە و تاکە دارشتەیەکی سیمانتیکی ئەبستراکتیان هەیە، وەك لە دوو نموونەکەی (لیکۆڤ ١٩٧٠) دا هاتووە:

**(56) Seymour sliced the salami with a knife.**
**(57) Seymour used a knife to slice the salami.**

ب. هەروەها بەڵگەیان ئەوەبوو کە "دروستەی قوولْ" لە توانایدا نیە کە دروستەی واتایی ڕاست و دروست بۆ ڕستەی ناڕوون و تەمومژاوی(Ambiguous) دیاریی بکات وەك ئەو نموونەیەی (لاکوف و پیتەری ١٩٦٩):

**(58) John and Mary left.** **ـ جۆن و ماری ڕۆیشتن.**

ئێمە نازانین کە ئایا ( John و Mary) پێکەوەو لە یەك کاتدا رۆیشتوون یان (John) و (Mary) بەتەنیا و لە کاتی جیاوازدا ڕویشتوون.[٢]

---

(١) ف . ر . بالمر : (١٩٩ : ٢٢٨)

(٢) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٥٦ – ٥٧)

٢. دروستەی ڕووکەش  لە پێکهاتەکان (components) ی لێکدانەوەی سیمانتیکی  پێکهاتووە، لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی ئەو وشەو فریزانەوە دێت  کە لەگەڵ ئەرکە سینتاکسییەکەدا دەگونجێن[1].بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دروستەی قوڵ و دروستەی ڕووکەش بە هەموو خوێندنەوە زمانی و نازمانیەکانەوە کە هەیەتی، بناغەیە بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی  لە ڕستەسازییدا. جیاواز لەوەی کە تیۆری ستاندارد ئاماژەی بۆ دەکات. چونکە "دەستوری ڕێزمانیی ڕستە ــ کە دروستە قوڵەکەی ڕستە دەینوێنێت ــ ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەدیاریکردنی جێگۆڕکێی وشەو فریزەکان لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا، گومان لەوەدا نیە کە ئەو ڕۆڵە بەتەواوی  بێ بایەخکردنی  هەڵبژاردنی دانە زمانیەکان نیە، چونکە تاکە دەستورێکی ڕێزمانی لە توانایدایە  بێ ژمارە ڕستە دەربکات کە ئاستی ڕووکەشیان لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر جیاوازە. "[٢]

ئەگەر دەستووری ڕێزمانی ڕستەی زمانی کوردی بە نموونە وەرگرین کە بریتی یە لە:ـ

(**بکەر + بەرکار +  کار.**)

**ـ منداڵەکە  شیرەکەی  خوارد.**

ناکرێت هەموو ئەو ڕستانەی کە ئەم دەستوورە ڕێزمانیە بەرهەمیان دەهێنێت وەك یەك دابنرێت، بەو واتایەی لە ئاستی ڕووکەشدا ڕستەکان بە یەکجۆر لێکدانەوە لێکنادرێنەوە، بەڵکو لێکدانەوەی جیاوازیان هەیە، هۆکاری ئەو جیاوازیە هەڵبژاردنی وشە دیاریکراوەکانە بۆ هەریەك  لە ئەرکە سینتاکسییەکان. لە نموونەکانی (٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٥)دا دەتوانین ئەو ڕستییە ببینین.

٣. ئەو زاناو زمانەوانانەی کە بەشێك بوون لە قوتابخانەی سیمانتیکی بەرهەمهێنان بەتایبەتیی McCauley (١٩٧٦)، Lakoff (١٩٧٠)، Cook (١٩٨٠)    نەیاربوون لەگەڵیدا و پێیان وابوو کە دروستەی قوڵ ئەوەندە قوڵ نیە کە بتوانێت جیاوازیی و جۆراوجۆرییە واتاییەکان ڕێك بخات لە ڕستەو فریزەکاندا، بە تایبەت ئەو جیاوازییە واتایانەی کە پەیوەستن بە دروستەی نەرێکردن و دروستەی ئاوەڵناوی چەندێتی و ژمارە.

بەم پێ یەی لە نموونەی ڕستەکانی (٥٩)و (٦٠) دا  دیارە، کە زیاتر لە دروستەیەکی واتایی هەیە، پێچەوانەی ئەوەی کە لە تیۆری ستانداری چۆمسکیدا هاتووە.

**(59)  John  did not  buy  many  books.**

**(60)  Many  books  were not  bought  by  John.**

جیاوازی ئەم دوو ڕستەیە لەوەدایە کە ڕستەی (٥٩) پێچەوانەی ئەوەیە کە دەڵێت:ـ

**(John  bought  many  books. )**

بەڵام ڕستەی (٦٠) دژایەتی لەگەڵ ڕستەی (هاتوو لە سەرەوە)دا نی یە.[٣]

---

(١) محمد حماسة عبداللطيف :(٢٠٠٠ :١٠٧)

(٢)سەرچاوەی پێشوو : ١٧٤، هەروەها بڕوانە : ف. ر. بالمر : (١٩٨٥ : ١٣٩)

(٣) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٥٧)

٤. زۆرێك لە زمانەوانان، بە تایبەت فیلمۆر(١٩٦٨–١٩٧٧) و چیف(١٩٧٠) كوك(١٩٧٩) ڕەخنەیان لەوە گرت، كە دروستەی قولْ لە توانای دا نیە، جیاوازی یە واتایی یەكان لە نموونەی ئەم جۆرە ڕستانەدا ڕێك بخات:–

**(61) The door <u>opened</u>.**
**(62) John <u>opened</u> the door.**
**(63) The wind <u>opened</u> the door.**

هەر یەك لە فرێزی ناوی (The door) لە ڕستەی (٦١) و (John ) لە ڕستەی (٦٢) و (The wind) لە ڕستەی (٦٣) دا پەیوەندی واتایی جیاوازیان هەیە بە كرداری (opened). لە تیۆری ستاندارددا هەموو ئەو فرێزە ناوییانە بە (بكەر) دادەنرێن لە دروستەی قوولْدا.

ڕەخنەو تێڕوانینەكانی ئەم زمانەوانانە ئەوەیە كە ئەوان (كردار) بە ناوك و سەنتەری ئەم جۆرە ڕستانە دادەنێن– لە بەشی سێیەمدا باس لە بیرو ڕاكانیان دەكەین– پێیان وایە ئەو كردارانە بڕیار لەسەر هەبوونی بابەتی پێویستی وەك (The door) و هەبوونی بكەری بەویستی وەك (John) وهەبوونی ئامراز (instrument)ی وەك (The wind)، دەدەن .[1]

٥. هەندێك لەو زمانەوانانەی كە ڕەخنەیان لە تیۆری سیمانتیكی لێكدانەوە هەبوو، پێیان وابوو گرفتی واتایی تری پەیوەست بە دروستەی قوولْ هەن، ئەویش ئەوەیە كە دروستەی قوولْ ناتوانێت پەیوەندییە واتایی یە هاوشێوەكان دیاریی بكات بۆ ئەو جووتە وشانەی كە پەیوەندییان بەیەكترەوە هەیە، هەروەك لەو جووتە وشە ئینگلیزیانەی لای خوارەوە.

**(64) buy → sell**
**(65) like → please**
**(66) see → show**
**(67) learn → teach**

بە پێی بیروڕای زانایانی واتاسازیی بەرهەمهێنان ، دەبێ ئاستێكی قوولْتر هەبێت بۆ چارەسەركردنی ئەم جۆرە كردارانە وەكو جووتە وشەیەكی مۆرفۆلۆجیانەی پێك–وابەستە لە ڕوانگەی واتایی یەوە.

ئەمانە پەیوەستن پێكەوە لە چوارچێوەی چەمكی سەرەتامەبەست–كۆتامەبەست، بەلاْم لەیەك جیا لە بارەی كۆزانیاری بكەرە واتایی یەكەی وەكو لە نموونەی (٦٤)دا دیارە، هەروەها پێكەوە پەیوەستن لە هەلْبژاردنی بكەری واتایی جیاواز وەك نموونەی (٦٥)، پێك–وابەستەن لە ڕوانگەی پێشكەشكردنی هۆكار (cause) وەكو نموونەكانی (٦٦–٦٧)ی (كوك ١٩٧٩) .[2]

---

(١) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٥٨)

(٢) سەرچاوەی پێشوو : ٥٩

٦. زمانەوان و واتاسازی (semanticist) ئەمریکی (جاکندۆف ١٩٧٢) وای دەبینی کە هەندێك لە پێکهاتەکانی تیۆری ستانداردی ساڵی(١٩٦٥)گشتگیر نین، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە هەندێك لە یاساکانی لێکدانەوە واتایی یەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ئاشکرا واتا بگۆڕن، ئەمە وادەکات کە لە یەك کاتدا دوو لێکدانەوەی واتایی بۆ ڕستە هەبێت.

بۆیە بە بۆچوونی جاکیندۆف گریمانەکەی تیۆری ستاندارد گریمانەیەکی وردو ئامانج–پێك نی یە. لەبەر ئەوەی لەتوانایدا نیە ڕستە نەرێ یەکان لێکبداتەوە. هەندێ ڕستە هەن کە ئەگەر لە پۆزەتیڤەوە بکرێنە نێگەتیڤ یان بکەرنادیار، بە تەواوی دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکانیان، هەروەك لە نموونەکانی (٥٩) و (٦٠)دا دیارە، بڕوانە نموونە کوردیەکان لە (٦٨، ٦٩)دا[1]. جگە لەوە لە تێڕوانینی جاکندۆف دا هەڵەیەکی دیارو ئاشکراو گرنگ لە گریمانەکەدا ئەوەیە گریمانەکە زۆر لاوازە بەڕادەیەك گیری خواردووە لە یەکخستن و لێکدانەوە بە شێوەیەکی چڕو ورد بۆ دروستە یونیڤێرسەڵەکان.[2]

٦٨. هەندێ کەس کتێبی زۆر ناخوێننەوە.

٦٩. کتێبی زۆر ناخوێندرێتەوە لەلایەن هەندێ کەسەوە.

٧. یەکێك لە کەموکوڕیەکانی تیۆرەکە لە لایەن چۆمسکی خۆیەوە هەستی پێکرا، وای لە چۆمسکی کرد بگاتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێت گریمانەی گواستنەوە گریمانەیەکی گونجاو نیە بۆ چارەسەرکردنی وشەی هەڵگوازراو، بەڵکو یەکێکە لە کێشەکانی بەردەم لێکدانەوەی واتایی لە تیۆری ستانداردا، بۆ نموونە لە باری دانە فەرهەنگییە بنجی یەکاندا مرۆڤ دەتوانێت کە ڕستەیەکی وەك (٧٠) بگۆڕێت بۆ دروستەیەکی وەك(٧١)

**70. John amused the children with his stories.**
**71. John's amusing the children with his stories…**

بەڵام ناتوانرێ هەمان کار لە باری دانە فەرهەنگییە هەڵگوازراوەکان دا بکرێت، وەك لە نموونەی (٧٢) دا دیارە.

*** 72. John's amusing of the children with his stories…**

وای دەبینی کە ئەو وشانە بە گواستنەوە هەڵنەگوازراون لە کردارەوە، بەڵکو دەبێ بخرێنە ناو فەرهەنگ یان پێکهاتەی بەرهەمهێنانی سینتاکسی یەوە.[3]

(١) هەروەها بڕوانە نموونەکانی (٤٢، ٤٣)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا.

(٢) مازن الوعر : (١٩٨٧: ٥٩)

(٣) هەمان سەرچاوە : ٦٠

٨. تیۆرەکە نەیتوانی پەسنی دروستەی واتایی بکات بۆ ئەو دەربڕاوانەی کە ئاماژەن بۆ گرنگیدان و چاودێریی و مەبەست، بۆ ئەو دەربڕاوانەش کە ئاماژەدەرن لەسەر پێشگریمانەکاری ئاوەزیی وەك ڕستەکانی (٧٤،٧٣)، کە لە (چومسکی:١٩٩:١٩٧١) دا هاتووە.

**73. Is it <u>JOHN</u> who writes poetry?**
**74. It is not <u>JOHN</u> who writes poetry.**

هەریەك لەم دوو ڕستەیە دەبێت بە پێی دروستەی ڕووکەش لێکبدرێنەوە نەك درووستەی قووڵ، وەك لە تیۆری ستاندارد دا گریمانەکراوە، لەبەرئەوەی پێویستە نواندنی واتایی بۆ هەردوو ڕستەی(٧٤،٧٣) بە ڕێگایەك لە ڕێگاکان بخرێتە ڕوو: بەوەی کە (John) گرنگی پێدراوەکەیە(مەبەستە سەرەکیەکە) لە ڕستەکەدا، لەلایەکی ترەوە ڕستەکە پەیامێکی ئاوەزیی (پێش گریمانەکردن) دەگەیەنێت کە کەسێك شیعر دەنووسێت.[١]

٩. تیۆری ستاندارد نەیتوانی دروستەی قووڵی ڕستەی (٧٥) و ڕستە هەڵگوازراوە هاوشێوەکان لێی، لە (٧٧،٧٦)دا ، لێکبداتەوە:

**75. Not [ many arrows hit the target].**
**76. Not many arrows hit the target.**
**77. M any arrows did not hit the target.**

بەم جۆرە دۆخە خزمایەتیەکانی (The relative positions) ڕستە نەرێکان و چەندێتی وژمارە لێکدانەوەی واتایی جیاواز بە ڕستەکان دەبەخشن وەکو لە دوو نموونەی(٧٧،٧٦)دا دیارە. لەبەرئەوە پێویستە ڕستەی نەرێ و رستەی چەندێتی و ژمارە لە ناو دروستەی ڕووکەشدا لێکدانەوەی سێمانتیکییان بۆ بکرێت.[٢] ئەمە بۆ ڕستەکانی زمانی کوردیش هەر بەو جۆرەیە بڕوانە نموونەکانی (٤٢، ٤٣) و (٦٨، ٦٩)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە. هەروەها سەیری نموونەکانی (٧٨، ٧٩، ٨٠) بکە و بەراوردیان بکە:

**٧٨. نە ، زۆر لە خوێندکارەکان دەرچوون ، نە کەم.**

**٧٩. نە زۆر لە خوێندکارەکان دەرچوون ، نە کەم.**

**٨٠. زۆر لە خوێندکارەکان دەرنەچوون ، نە کەم.**

---

(١) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٨١)

(٢) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٦٢)


١٠. لە باری بەستنەوەی گواستنەوە و بۆگەڕانەوەی جێناو دا، پێویستە بۆ لێکدانەوە سیمانتیکییەکەی کار لەسەر دروستەی ڕووکەش بکرێت، ئەمەش بەهۆی یاسای (هێز/سترێس)ەوە، وەك لە نموونەی (81)دا هاتووە.

81. **<u>John</u>** hit **<u>Bill</u>** and then George hit <u>him</u>.




لەم ڕستەیەدا ئەگەر هاتوو هێز نەخرێتە سەری(stress -) ئەوە جێناوی (him)دەگەڕێتەوە بۆ (Bill)، بەلاّم ئەگەر بێتو سترێس بخرێتە سەر ڕستەکە(stress +) ئەوە (him) دەگەڕێتەوە بۆ (John).[1] بڕوانە ئەم ڕستەی (٨٢) لە کوردیدا هاوشێوەی ڕستەکەی سەرەوە:

**<u>کاوە</u> ڕقی لە <u>هێرشە</u> و هاوکاریش لە <u>ئەو</u>.**




١١. کرداری "ڕابردوو و ڕانەبردووی تەواو" کە لە زمانی ئینگلیزییدا هەیە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیارییکردنی لێکدانەوەی سیمانتیکییدا.[2] بۆنموونە لە ڕستەیەکی وەك (٨٢)دا:

**82. John has lived in Cambridge.**

پەیامی ئەوە دەدات کە (John) لە ژیاندایە، خۆ ئەگەر بێتوو ئەم بارەی لە ڕستەی(٨٣)دا هەیە ڕاست بێ:

**83. Bill is dead.**

ئەو کاتە ڕستەی(٨٤) واتاکەی گوماناوی و ناڕوون دەبێت:

**84. Bill has lived in Cambridge**.

پێویستە ڕستە ڕاستەکە بە شێوەی (٨٥) دەربڕێت :

**85. Bill lived in Cambridge.**

---

(١) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٦٣)

(٢) سەرچاوەی پێشوو : ٦٤

لە ئەنجامی لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕەخنانەی لە مۆدێلەکە گیران _ لە پێشەوە باسکران _، بووە هۆی هاتنە ئارای مۆدێلەکانی دواتر، وەك جۆرێك لە بەسەرداچوونەوە و هەموارکردن بە تایبەت لە گریمانەی لێکدانەوەی سیمانتیکیدا، بەشێك لە تێڕوانینەکانی نەیاران و زۆرێك لە بۆچوونەکانی لایەنگرانی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی لەخۆ گرتبوو، بۆیە ڕەخنەیەکی کەمتری لێگیرا، وردە وردەش لایەنگرانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان وازیان لە سەرکەشیەکانیان هێنا لە ڕەتکردنەوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، توندی بۆچوونەکانیان سەبارەت بە جیاکردنەوەی واتا لە ڕێزمان کەمکردەوە، دوای ئەوەی بۆیان ڕوون بۆوە، کە مەرج نیە هەموو ڕۆنانە جیاوازەکانی ڕستە ببنە هۆی گۆڕان لە واتادا.[١]

(١) سەباح ڕەشید قادر : (٢٠٠٩ : ١٠١ – ١٠٣)

# بەشی سێ یەم:

# پاری یەکەم/

# سیمانتیکی بەرهەمهێنان

## ٣ / ١ سیمانتیکیی بەرهەمهێنان:

### ٣ / ١ . ١ . چەمکی "بەرهەمهێنانی واتا" :

سیمای "داهێنان" لە زمان، لە گرنگترین دیارترین سیماکانی زمانی مرۆڤە، چونکە ئەو قسەکەرەی کە خاوەنی توانستێکی زمانی تەواوە، لە توانایدایە لە ئاستە جیاوازەکانی زمانەکەیدا (دەنگسازیی و وشەسازیی و ڕستەسازیی و واتاسازیی) دا پرۆسەی بەرهەمهێنان و نوێکردنەوە ئەنجام بدات.

لەبەرئەوە "بەرهەمهێنانی واتا" بریتییە لە کردەی داهێنانی واتای (فەرهەنگیی و ڕستەسازیی) نوێ لەلایەن ئاخێوەرەوە. جیاوازە لەو واتایەی دانە یان دروستە فەرهەنگییەکان هەیانە، کە زانراو و ناسراون لە نێوان کۆمەڵێکی دیاریکراوی زمانێکی دیاریکراودا. بە جۆرێك تاکەکانی ئەو کۆمەڵە زمانیە دیاریکراوە هەڵدەستن بە بەرهەمهێنانی واتای نوێ، کە هەڵگری نرخی واتایی نوێن، بۆ ئەو دروستە فەرهەنگیانەی کە پێشتر لە زمانەکەدا هەبوون، واتا نوێیەکە دەوروبەرو هەلۆێست و بارودۆخی زمانیی دەیسپێنێت و دەیچەسپێنێت، هەرگیز پیشتر لە ئاماژبەندی دروستە فەرهەنگیەکەدا نەبووە.

زۆر گرنگە لێرەدا دوو شت لێك جیابکرێتەوە، ئەویش: مەبەستی بەرهەمهێنانی سیمانتیکیی و ئەوەی کە دەینوێنێت لە بەرهەمهێنان و داهێنانی واتای نوێ بۆ دروستە فەرهەنگیە لە ئارادا بووەکان، لەگەڵ "بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆجیی/ وشە" بۆ دروستەو دانە دەربڕاوەکان، کە ڕۆڵیان هەیە لە دەوڵەمەندکردنی سامانی وشەو دەربڕاوی زمانێکدا[١] ، ئەمیش ڕۆڵی خۆی هەیە لە هەڵگرتنی واتا و ناوەرۆکی نوێدا ، بە بەکارهێنانی فۆرمە ڕۆنانییە نوێیەکان، ئەو بەرهەمهێنانە مۆرفۆلۆجیانەش کە لە ئەنجامی پرۆسەی هەڵگواستن و شیکردنەوە و لێکدان و گریمانەکردن و....ەوە پەیدا دەبن.

هەندێك لەو بابەتانەی کە بەرهەمهێنانی واتا دەیانخاتە ڕوو پەیوەندیان بەم دوو ئاستەی خوارەوە هەیە:

١. ئاستی پێکهێنی/ پێکهاتەی واتایی
٢. ئاستی پەیوەندیە واتاییەکانی ناو فەرهەنگ[٢]

ئامانجی هەر تیۆریەکی واتایی بریتییە لە دیاریکردنی بنەما واتاییە تۆکمەکان لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی پێکهاتە واتاییە بەرهەمهاتووەکان، هەروەها دیاریکردنی ئەو یاسایانەی کە ئاماژە دەکەن بۆ بەستنەوەی پەیوەندیە واتاییەکانی نێوان دانە فەرهەنگییەکان، لە نێوانیاندا گرنگیی دەدات بەو پەیوەندیانەی کە بەرپرسن لە ئاڵوگۆڕو گواستنەوەی واتایی، کە بەرهەمهێنانی واتایی بنیاتدەنێن لە ڕێگەی پرۆسەی فراوانکردن و گواستەوە و ئاڵوگۆڕی دانە فەرهەنگییەکان.[٣]

---

(١) بۆ زانیاری لە بارەی لە دایك بوونی وشە و دەوڵەمەندبوونی ئەو میراتە، بڕوانە: فاروق عومەر صدیق: ٢٠١١.

(٢) حسام البهنساوي: (٢٠٠٣ : ١٠ )

(٣) هەمان سەرچاوە: ١١

کەوابێ ئەگەر "بەرهەمهێنانی واتایی" ڕۆڵی داهێنەرانەی هەبێ لە سیمانتیکی نوێدا، پێویستە ئەو یاساو مەرج و کۆتوبەندە گونجاوانەی کە هەیەتی دیارییبکرێن، کە دەبنە هۆی ڕێکخستنی دەسەلاَت و داهێنانە واتاییەکەی. دواتر باس یاساو مەرجە دیارییکراوەکان دەکەیین.

## ٣ / ١ . ٢ . کورتەیەك لەبارەی سەرهەڵدانی تیۆرەکە :

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کە تایبەت بوون بە "بەرهەمهێنانی واتایی" لە سەرەتادا بە تەواوی دووربوون لە تێڕوانینی دیاردەکانی بەرهەمهێنانی واتا. زۆربەیان بۆچوونی کەسیی و تایبەتیی بوون، نوێنەرایەتی ڕێبازێکی تەواو و دیاریکراوی دیاردەی "بەرهەمهێنانی واتایی"یان نەدەکرد.

بەلاَم لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەوەکانی دوای ئەواندا، گرنگییان بە بابەتەکانی واتاسازیی بە گشتی دەدا، هەروەها گرنگیان دەدا بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەوەی واتاسازییە و ئەوەشی کە هۆشەکییە. ئەم لێکۆڵینەوانە بە دروستی و بە تەواویی بە لێکۆڵینەوەی بواری "واتاسازیی بەرهەمهێنان" لە قەڵەم دەدرێن، کە لە زۆربەی کارەکانی هەریەك لە زمانەوانانی وەك (جێمس ماککاولی، جۆرج لاکۆف، میللەر، جۆنسۆن، جۆن ڕۆس، نۆریك، جاکیندۆف.....هتد) دەبینرێتەوە.[١] بەلاَم ناساندنی وەك تیۆریەك لە ژێر ناوی "تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنانی نوێباو" دا دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی جەیمس ماککاولی کە لە ساڵی (١٩٦٨) دا ڕایگەیاند.[٢] لە بنەڕەتدا لە ئەنجامی ئەو ڕەخنە و پێشنیارانەوە پەیدابوو کە لە تیۆرە کلاسیکییەکەی چۆمسکی گیران و کران، لادانێکی تەواو بوو لە تیۆرەکەی چۆمسکی بە ئامانجی پیشاندانی جێگرەوەیەك بۆ تیۆرەکەی چۆمسکی، بە تێڕوانینی خۆیان تیشکیان دەخستە سەر لایەنە نێگەتیڤەکان و کەموکورتیەکانی تیۆرەکە.[٣] ماکاولی و لاکۆف و پۆستاڵ و شوێنکەوتووانیان پێیان وایە کە کارەکانیان بە دووەم هەنگاوی گرنگ و پێشکەوتوو دادەنرێت لە تیۆری گواستنەوەدا، بە مەبەستی ئەوەی شوێنی هەنگاوی یەکەم بگرێتەوە کە بریتییە لە تیۆری ستاندارد. سیمانتیکی بەرهەمهێنان وا خۆی دەرخست کە دەیەوێت پێداچوونەوەیەکی ڕیشەیی بۆ تیۆری ستاندارد بکات زۆر زیاتر لەو پێداچوونەوەی کە تیۆری ستانداردی فراوانکراو کردی.[٤]

## ٣ / ١ . ٣ . بیرۆکەو ئامانجە بنەڕەتیەکانی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان:

تیۆرەکە سیستێمێکی واتاسازیی بوو ئامانجی شیکردنەوەی زمان بوو. ئەم سیستێمە ڕۆنان/دروستە سینتاکسیە ڕووکەشەکەی ڕستەی دەبەستەوە بە دروستە واتاییە قووڵەکەی، دروستەی لۆجیکیی لە شێوەی درەختی لقوپۆپدار دەنوێنرا. سەرەگرێکان/ نۆدەکانی کۆتایی ئەو لقانە لە درەختەکەدا پێکهاتەیەکە کە –

---

(٢) حسام البهنساوي: (٢٠٠٣ : ١١ )

(٢) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٥٩)

(٣) سەباح ڕەشید قادر : (٢٠٠٩ : ١٠١)

(٤) Katz, J. J. (1971 :313- 315)

"کردار"ە یان لە"کردار"دەچیّ و پێی دەوترێت "پریدیکەیت/ گوزارە" ( predicate)، هەرچی ئەو پێکهاتانەش کە "ناو"ن یان لە "ناو" دەچن و بە کردارەکەوە بەستراونەتەوە پێیان دەوترێت ئارگوٚمێنت / باس/ بابەت (argument).

ئەمەش بەسەر دروستەی ڕێزمانیی ڕووکەشی ڕستەدا جیّ بەجیّ دەکرێت، بەهەمان شێوە ئەوانیش لە شێوەی درەختی لقوپۆپدار دەنوێنرێت، بەڵام نۆدەکانی کۆتایی ئەم درەختەدارە پێیان دەوترێت دانە فەرهەنگییەکان (Lexical items)، هەرچی هەڵگواستنەکانیشن (Derivation) بریتییە لە زنجیرەیەك لە درەختەداری لقداری پەیوەست بەیەکترەوە. ئەمە ئەو قۆناغە سیستماتیکییانەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت دروستەی لۆجیکی بگوازرێتەوە بۆ دروستەی ڕووکەش.

پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو قۆناغێك لە "هەڵگواستنەکان" بەهۆی یەکەکانی ئەو یاسا هاوڕێك و گونجاوانە دەردەبڕرێن، کە پەیوەندیەکانیان دەردەخەن لە ڕێگەی ئەو یاسا گواستنەوەیانەی کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ ئیشکردن لە ڕستەدا و گواستنەوەیان بنیاتنراون. [(١)] دەتوانین لە نموونەی ڕستەی (٨٦) و شیکردنەوەکەی لە (٨٧)دا بۆ پیشاندانی شێوازی کارکردنی تیۆریەکە بخەینە ڕوو.

ئەمەی سەرەوە بیرە بنەڕەتیەکەی تیۆرەکە بوو. بەڵام ئامانج لە دانانی وەها تیۆریەك بۆ ئەوە بوو کە "ڕۆنانی ژێرەوە"ی تیۆری ستاندارد فراوان بکرێت بە جۆرێك کە بتوانێت پێکهاتەی دەروازە فەرهەنگییەکانیش بگرێتەوە، بۆ ئەوەش کە بیسەلمێنن کە هەندێك لە پرۆسەکانی گواستنەوە بەسەر پێکهاتە واتاییەکانی بەشێك لە دانە فەرهەنگییەکاندا جێبەجێدەکرێت، پێش ئەوەی پێکهاتەکە فۆڕمە فەرهەنگییەکەی خۆی وەربگرێت، ئەمە لەبەر ئەوە بوو کە نایدەویست باوەڕ بەوە بهێنن کە گواستنەوەکان دەبنە هۆی گۆڕان لە واتادا. ئامانجی سەرەکی لە فراوانکردنی دروستەی قووڵ بۆ ئەوە بوو، کە ئاستێکی جیاوازتر بەرهەمبهێنن، ورتر و قووڵتر و ئەبستراکتتر بیّ لەو ئاستە قووڵەی کە یاساکانی فرێز پێکهێنان بەرهەمیدەهێنن. [(٢)]

**٨٦. کاوە کتێبێکی بە ئاسۆ بەخشی .**

**٨٧. بەخشی [کاوە، ئاسۆ، کتێب]**

لەم ڕستەیەدا کرداری "بەخشی" پریدیکەیتەکەیە، داوای بکەرێکی ڕێزمانی لۆجیکی – کە "بەخشەر"ەکەیە – و بەرکارێکی ڕاستەوخۆ – کە بابەتەکە/ "بەخشراو"ەکەیە – و بەرکارێکی ناڕاستەخۆ – کە "پیّ بەخشراو"ەکەیە –، دەکات.


تێبینی ئەوە دەکەین کە بکەر شوێنی یەکەم دەگرێت، بەرکاری ڕاستەوخۆ شوێنی کۆتایی، بەرکاری نا ڕستەوخۆش لە ناوەڕاستدا دێت. دروستەی هێڵکاریە درەختیەکەی (٨٦) لە هێڵکاری (٩)دا ڕوون دەبێتەوە:

---

(١) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٥٩ – ٦٠)

(٢) سەباح ڕەشید قادر : (٢٠٠٩ :١٠١ – ١٠٢)

**کاوه  کتێبێکی  بەخشی   بە ئاسۆ.**




**هێڵکاری ژمارە (٩)**

### ٣ / ١ . ٤ . پێکهاتەو میکانیزمی کارکردنی تیۆرەکە :

ڕێبازەکە بەندە لەسەر نموونە زمانیە دیاریکراوە وێناکراوەکان، کە بە ڕستەی ڕووکەش دەستپێدەکات. ڕێبازەکە ڕێبازێکی شیکەرەوەییە/شیکارییە.[١] بۆ نموونە پرسیار دەکات ، ئەم ڕستەیە چ واتایەکی هەیە، چۆن دەتوانین لە "دروستەی لۆجیکیی"دا واتای ڕستەیەکی لەو جۆرە دەرببڕین؟

هەرچی دروستەی لۆجیکییە دەتوانرێت بەهۆی (گوزارەی سەنتەر / پریدیکەیت) ەوە دەربڕبێت، لە چوارچێوەی زنجیرەیەك لە پێکهاتە زمانییەکانی وابەستە بەو پریدیکەیتەوە.[٢]

ئەگەر هاوکێشەیەکی بیرکاری ئەرکیی وەك ( F [ x, y ] ) وەرگرین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو کردە زمانییە، دەتوانین بڵێین کە "گوزارە" لە لۆجیکدا لە شێوەی پریدیکەیتی (F) دەنوسرێت، بە سەنتەری دەستەیەك لە پەیوەندیە زمانیەکان دادەنرێت، کە زنجیرەیەك لەو دانە زمانیانە(X, Y , Z) ی پەیوەست بە پریدیکەیتەکە ڕێکدەخەن. دەتوانین گوزارەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بنوسینەوە:

**گوزارە/ پریدیکەیت  [پێکهاتە، پێکهاتە، پێکهاتە]،**

بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك (٨٨) بەم جۆرە دەنوێنرێت:

**لێدان  [کاوە، ئاسۆ].**

**٨٨. کاوە لە ئاسۆی دا.**

لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوە لوجیکییەکەدا "پریدیکەیت"ەکە دەردەهێنرێت، لە هەنگاوی دووەمدا دانە زمانییەکان ڕێزدەکرێن بە شێوەیەکی ڕێك و پێك.

(١) أف. آر. بالمير : (١٩٩٥ : ٢٣٠)

(٢) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٦٢)

پله بەندی بەدواییەکداهاتنەکە بەم جۆرەیە : یەکەمجار (بکەر) دووەمجار (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) ، دواجار (بەرکاری ڕاستەوخۆ).[(١)] بەو پێیە تەواوی دانە زمانییەکانی تر لە ڕستەکەدا فەرامۆش دەکرێن. ((دروستەی لۆجیکیی لە شیکردنەوەیەکی لەو چەشنەدا هیچ ناوەڕۆك و ناواخنێك هەڵناگرێت کە واتای "کات" بگەیەنێت لە نێوان پریدیکەیت و پێکهاتە زمانییەکانیدا ))[(٢)]، هەروەك لە نموونەی (٨٩.أ) و شیکرنەوەکەی لە (٨٩. ب) دا ڕوون دەکرێتەوە:

٨٩.أ. خوێندکارەکان تەمبەڵن.

ب. بوونی تەمبەڵیی [خوێندکارەکان]

لە ڕاستیدا پریدیکەیتەکە چەمکێکی ئەبستراکتی هەیە (هەر وەك بارودۆخی گیان / ڕۆح وایە تەنێکی بەرجەستە نیە) ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە (( پریدیکەیت وشەیەکی فەرهەنگیی دیاریکراو نییە، بەڵکو ئەمە نزیك بوونەویەکی سەرەتاییە لە سیستمە پریدیکەیتییە ناوەکییەکان(atomic)ە داواکراوەکان لە لۆجیکی زمانی مرۆڤایەتیدا.))[(٣)]

## ٣/ ١ . ٥ . بنەما تیۆریەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان:

سیمانتیکی بەرهەمهێنان لە نوێترین گەشەکردن و پەرەسەندنییدا کە لە ساڵی (١٩٧٣) دا (جۆرج لایکۆف) خستییە ڕوو. تێیدا بەکارهێنانە جیاوازەکانی زمان بە گرنگ زانراو بە هەند وەرگیرا، تیۆرەکە بەگشتی لەسەر ئەم چوار بنەمایە بنیاتنرابوو[(٤)]:

## ٣ / ١ . ٥. ١.دروستەی لۆجیکیی (Logical structure) :

تیۆری واتاسازی بەرهەمهێنان گرنگی بەو دروستە قووڵە دەدات کە بەرپرسە لە دەربڕینی واتای ڕستە، ئەم دروستە قووڵە لە ڕێگەی ئەو دروستەی لۆجیکییەوە دەردەبڕدرێت کە لەسەر گوزارە ناوەکییەکە (واتە:پریدیکەیت) بنیاتنراوە. تیۆرەکە لەسەر ئەو چەمکە دەڕوات کە دەڵێت : لە ژێر هەموو ڕستەیەکی گریمانەکراو لە زماندا دروستەیەکی لۆجیکیی شاراوە هەیە، ئەویش ئەو دروستە لۆجیکییەیە کە واتای ڕستە لەخۆ دەگرێت، لە ئەنجامدا دروستەی لۆجیکیی لە ڕێگەی هەڵگواستنە درەختییەکانەوە لەناو نەخشەی زمان دەردەکەوێت لەسەر شێوەیەکی دیاریکراو، کە پێی دەوترێت دروستەی ڕووکەش.[(٥)]

---

(١) أف. آر. بالمير : (١٩٩٥ : ٢٣٢)

(٢) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٦٣)

(٣) هەمان سەرچاوە : هەمان لاپەڕە

(٤) بروانە: أف. آر. بالمير : (١٩٩٥ : ٢٣٢) ، : مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٦٠)

(٥) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٦٢)

دروستەی لۆجیکی قووڵترە لە دروستەی قووڵی تیۆری ستاندارد، زۆربەی لایەنگرانی ئەم تیۆرە بە تایبەت "فیلمۆر" هەوڵی ئەوەیان داوە کە ئاستێکی قووڵتر بۆ ڕۆنانی ڕێزمان بدۆزنەوە کە قووڵتر بێ لەوەی چۆمسکی.[1] قووڵیەکەی تا ئەو ڕادەیەیە کە بە دروستەیەکی واتایی لەقەڵەم بدرێت نەك سینتاکسیی، لەبەر ئەو چەمکەیە کە سیمانتیك بە لێکدەرەوەیی دەنانێن، بەڵکو بە سەرچاوەی سەرەکی سینتاکس و بەرهەمهێنەری سینتاکسی دەزانن.[2] لە ئەنجامی ئەوەدا ناویان نا "دروستەی لۆجیکی"، .... زۆربەی لێکۆڵەران داڕشتە سیمانتیکییەکانیان کردبوو بە بناغەی دانانی یاساکانیان. بە پێ ئەو ئاستە داڕشتەکانی فرێز پێکهێنان لە شێوەکانی دروستەی واتای ڕستەوە نزیکتر دەبن، نەك هەر ئەوە بەڵکو نواندنە واتاییەکان فۆرمی دروستەی واتای ڕستە هەڵدەگرن. [3]

بە پێی ئەو چەمکە "دروستەی لۆجیکیی" کە بەر پرسیارە لە گەیاندن و دەربڕینی واتا، ئەوانیش پریدیکەیتەکانن کە بە ناوکی ڕستە دادەنران، ئارگۆمێنتەکانی دەوری ناوکی ڕستەش بەرپرسن لە گەیاندنی پەیوەندیە واتاییەکان لە ڕستەدا، بۆ ئەو مەبەستە تەنها سێ جۆر دروستەی لۆجیکیی گریمانەکراویان دیایکرد.[4] کە ئەمانەی خوارەوەن:

(١) **پریدیکەیتی یەك ئارگۆمێنت داواکەریی:** ئەم جۆرە گوزارەیە کە تەنها پێویستی بە یەك چاڵی بکەری هەیە، کە ئەویش بە زۆری بکەرێکی ڕێزمانییە، واتە تەنها یەك ئارگۆمێنتی پێویستە[5]. بەشێك لە کردارە تێنەپەڕەکان لە زمانی کوردییدا و زۆربەی ئاوەڵناوەکان لە جۆری ئەو پریدیکەیتانەن، لە ڕستەکانی (٩٠، ٩١)دا و شیکردنەوەکانیان دەخەینە ڕوو، لە (١٠، ١١)دا هێڵکاریە درەختیەکانیان ڕوون دەکەینەوە:


**٩٠. منداڵەکە نوست.**

**٩١. ئاشنا جوانە.**

بە پێی تیۆرەکە، شیکردنەوە واتاییەکەی (٩٠) بەو جۆرە دەنوسرێتەوە:

**نوست [منداڵەکە]**

هێڵکاری دەرختی (٩٠) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:




هێڵکاری ژمارە (١٠)

---

(١) سەباح ڕەشید قادر : (٢٠٠٩ : ١٠٢)

(٢) أف. آر. بالمیر : (١٩٨٥ : ١٤١)

(٣) سەباح ڕەشید قادر : (٢٠٠٩ : ١٠٢)

(٤) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٦٦)


(٥) سەرچاوەی پێشوو : ٦٣

له پرۆسەی بە ئەبسترکت کردنی (پریدیکەیت)ەکەدا، ڕێزکردنی ئارگۆمێنتەکانە، کە لە ڕستەی (٩١) دا پریدیکەیتە ئەبستراکتەکە بە (بوونی جوانیی)ەکە وەسف دەکرێت، خاوەنی یەك چاڵە، واتە یەك ئایتمی زمانیی هەیە، (بکەرێکی ڕێزمانی)یە.[1]

ڕستەی (٩١) شیکردنەوەکەی بەجۆرەیە:

**بوونی جوانیی [ئاشنا]**

**هێڵکاری (٩١) بەم جۆرەی لای خوارەوەیە:**




هێڵکاری ژمارە (١١)

خۆ ئەگەر ڕستەکە لەگەڵ ڕستەیەکی تر لێکبدرێ، واتە ڕستەکە لە ناو ڕستەیەکی ئاڵۆز دا واتاکەی بە جۆرێکی جیاوازتر بەرهەمدێت، شێوازی ڕیزکردنەکەی سەرلەنوێ بە جۆرێکی تر دەنوسرێتەوە، پێویستە پریدیکەیتی ڕستەکە بە خۆی ئارگۆمێنتەکەیەوە ببنە ئارگۆمێنتی پریدیکەیتە یەکەمییەکە بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك (٩٢) دا:

**٩٢. ڕاستە ، کە ئاشنا جوانە.**

ڕیزکردنی پریدیکەیت و ئارگۆمێنتەکان بەو شێوەیە دەبێت:


**بوونی ڕستیی [بوونی جوانیی [ئاشنا]].**

کرداره سەرەکیەکە یان پریدیکەیتە یەکەمییەکە بریتییە لە (**بوونی ڕاستیی**)، ئەم پریدیکەیتە یەك ئارگۆمێنت داوادەکات، لەبەر ئەوە یەك چاڵی ڕێزمانی پێویستە کە (بکەرێکی ڕیزمانی) یە. بۆ ئەوەی "ڕاستی" دۆخەکە

(١) لە سیمانتیکی بەرهەمهێناندا لە شیکردنەوەی ڕستەیەکی لەو جۆرەدا تەنها تیشك دەخەنە سەر ئەوەی کە پریدیکەیتە گوزارەییەکە ئارگۆمێنتەکەی بریتیە لە (جوانە)، بەلآم ئێمە لێرەدا زاراوەی (بوون) مان بەکارهێناوە لەگەڵ ئەو پریدیکەیتانەی کە گوزارەی وەسفی/ئاوەڵناویان هەیە. بۆ ئەوەی ڕوونتر بێ لای خوێنەر.

دەر بخات، بکەرە ڕێزمانییەکەی بریتییە لە ڕستەی دووەم (**ئاشنا جوانە.**)، کە ڕۆڵەکەی شیدەکرێتەوە بۆ هەریەك لە پریدیکەیتەکەی (**بوونی جوانیی**) و بکەرەکەی (**ئاشنا**).

هێڵکاریە درەختییەکەی لە (١٢) دا دەردەکەوێت:




هێڵکاری ژمارە (١٢)


(٢) **پریدیکەیتی دوو ئارگۆمێنت داواکەریی**: ئەم جۆرە گوزارەیە دووچاڵی پێویستە، کە جگە لە بکەرێکی ڕێزمانیی لۆجیکیی ، بەرکارێکیش داوادەکات، واتا دوو ئارگۆمێنتی پێویستە، بۆ نموونە کرداری (گرت) پێویستی بە بکەرێك هەیە کە هەڵدەستێ بەکاری گرتنەکە، بەرکاریکیش کە کاری گرتنەکەی بەسەردا ڕوودەدات، بڕوانە (٩٣):

**٩٣. پۆلیسەکە دزەکەی گرت.**

شیکردنەوەکەی بەم جۆرەیە:

**گرتی [ پۆلیسەکە ، دزەکە ].**

لە پریدیکەیتی دوو چاڵیدا، بکەری لۆجیکیی یەکەمجار و بەرکار دووەمجار دێن، ڕۆنانی درەختییەکەی لە هێڵکاری (١٣) دا ڕوون دەکرێتەوە:




هێڵکاری ژمارە (١٣)


(٣) **پریدیکەیتی سێ ئارگۆمێنت داواکەریی:** ئەم جۆرە گوزارەیە سێ چاڵ دەوێت، پێویستی بە بکەرێکی ڕێزمانیی لۆجیکیی و بەرکارێکی ڕاستەوخۆ و بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ هەیە، بۆ نموونە کرداری (دەدات)، پێویستی بە بکەرێك هەیە تا کاری (پێدان) ەکە ئەنجام بدات، بەرکارێکیش کە (بابەتە پێدراو)ەکەیە و بەرکارێکی ناڕاستەوخۆش کە بابەتە پێدراوەکە وەردەگرێت، بۆ نموونە لە (٩٤) بڕوانە:

**٩٤. کاوە پێنووسێکی دا بە هاوڕێ.**

شیکردنەوەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**پێی دا [ کاوە ، هاوڕێ ، پێنووس ].**

کردارەکە کە ناوکی ڕستەکەیە لە سەرەتاوە دەردەهێنرێت، پاشان بکەر لە ڕیزبەندی ئارگۆمێنتکاندا شوێنی یەکەم دەگرێت، دواتر بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئینجا بەرکارە ڕاستەوخۆکە لە کۆتاییدا دێت. دروستەی داریەکەی لە هێڵکاری (١٤) ڕوون دەبێتەوە:




<u>هێڵکاری ژمارە (١٤)</u>

هەرچی جۆرەکانی تری پریدیکەیتە، لە ئەنجامی لێکدانی دروستەیەك بە دروستەیەکی تر پەیدا دەبن، بەڵام دروستە درەختیەکانیان یەکجار دوورو درێژە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕستە سادانەی کە لە سەرەوە هێنامانن، بە گشتی سێ شێوە سەرەگرێ/ نۆدی سەرەکی گریمانەکراو، لە تیۆرەکەدا دیاریکراوە کە بریتین لە

١. نواندنی ڕستە (ڕ)

٢. نواندنی کردار (ك.)

٣. نواندنی فرێزی ناویی (ف.ن)[1]

---

(١) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٦٦)

### ٣ / ١ . ٥ . ٢ . دروستەی ڕووكەش (Surface structure):

كێشەی سیمانتیكی بەرهەمهێنان لەگەڵ سیمانتیكی لێكدانەوەدا بە گشتی لەوەدا بوو، كە ئەمان پێیان وابوو ئەگەر دروستەیەكی قووڵ لە ئارادابێ، دەبێ دروستەیەكی سیمانتیكیی بێت نەك سینتاكسی، بەو واتایەی كە "دروستەی واتایی/ لۆجیكی" سەرچاوەی داڕشتن و بەرهەمهێنانی ڕستەیە نەك دروستەی قووڵ،[1] هۆی ناونانیشی بە سیمانتیكی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە،... لە بەرامبەریدا تیۆری ستاندارد باوەڕی وابوو كە دەتوانین بگەین بە سیمانتیكی ڕستە لە دروستەی قووڵدا بەهۆی یاساكانی لێكدانەوەی سیمانتیكیی، بەو واتایەی كە ئەگەر هاتوو زانیاریە ڕێزمانیەكان و فەرهەنگیەكان فەراهەمكران، كە ڕۆنانی ڕستەیەك بەرهەمی دێنێت، تیۆریانە دەتوانین واتای ڕستەكە دیاری بكەین، هۆی ناونانیشی بە سیمانتیكی لێكدانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.[2] ئەوەی لێرەدا مەبەستمان بیڵێین ئەوەیە كە دروستەی ڕووكەش لە هەردوو تیۆرەكەدا تا ڕادەیەك هاوشێوەیە، كە ڕۆڵی پێكهاتەی فۆنۆلۆجی دەبینێت، هاوكات یاسا سیمانتیكیەكان و یاسا فۆنۆلۆجیەكان ئەركی لێكدانەوەی تەواو دەبینن، بوچ ئەو دەركردانەی كە لە پێكهاتە بنچیەكەوە دەرچوون، بۆ مەبەستی دیاریكردنی نواندنە واتایی و دەنگیەكان.[3]

بەڵام بە پێی سیمانتیكی بەرهەمهێنان، واتای حەرفیی ڕستە لە ڕێگەی دروستە لۆجیكیەكە و بەلقكردنەكانیەوە(Branching) لە دروستەی ڕووكەشدا دەخرێتە ڕوو (دروستەی قووڵی لۆجیكی ، دروستەی ڕووكەش)[4]. بەڵام پێویستە سینتاكس كۆمەڵێك یاسای گواستنەوەیی هەڵگواستنیی (Derivative) لەخۆ بگرێت، كە دەكەوێتە دەرەوەی ئەو پرۆسە هەڵگواستنیانەی كە لە هەردوو دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووكەشدا ڕوو دەدەن، پێویستە ئەو یاسایانە "واتای ڕاگەیانراو"ی ڕستە ڕوون بكەنەوە، كە لە "ناواخن و ناوەرك"ی ڕستەكەدا هەیە (واتای دەربڕاو، ناوەڕۆك)[5].[6]

### ٣ / ١ . ٥ . ٣ . ناوەڕۆك ( Content ) :

لە (١/ ١. ٢. ٢.) دا باسمان لە "ناوەڕۆك" كردووە، هەندێك لەو تیڕوانینە لۆجییكیانەمان خستوتە ڕوو، كە بۆ چەمكی ناوەڕۆك هەبوو لە واتاسازییدا، بۆ ڕوونكردنەوەی ناوەڕۆك سیمانتیكی بەرهەمهێناندا نموونەی ڕستەی (٩٥) و ناوەڕۆك و ناواخنە واتاییەكانی ڕستەكە دەخەینە ڕوو، .... بەو پێیە لە ئەنجامی گەشەكردنەكانی سیمانتیكی بەرهەمهێنان ئەوە دەردەكەوێت كە گرنگیی دەدات بە لێكۆڵینەوەو چارەسەر ـ

---

(١) أف. آر. بالمیر : (١٩٨٥ : ١٤٢)

(٢) سەرچاوەی پێشوو : ١٤٠

(٣) سەباح ڕەشید قادر : (٢٠٠٩ : ١٠٢)

(٤) بە گوێرەی تیۆرەكە سیمانتیكیانە مامەڵە دەكرێت لەگەڵ هەر دوو ڕۆنانی (لۆجیكیی قووڵ و ڕووكەش)

(٥) بەڵام هەریەكە لە (واتای دەربڕاو و ناوەڕۆك) پراگماتیكیانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت.

(٦) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٦٠)

کردنی هەردوو بابەتی- پێکەوە بەستراو سەرەڕای جیاوازییان- "دروستەی زمانیی/ structure of language" و "بەکارهێنانی زمان/ Use of language" ، کە لە توێژینەوەی دروستەی زمانیدا، دەتوانرێت واتای حەرفیی ڕستە دیارییبکرێت لە ڕێگەی دروستەی قووڵی لۆجیکییەوە، بەڵام لە توێژینەوەی بەکارهێنانی زماندا کە پێی دەوترێت (پراگماتیك) دەتوانرێت "واتای دەربڕاو"ی ڕستە شیبکرێتەوە و لێکبدرێتەوە بە هۆی ڕووکارە ڕێژەییەکانی "ناوەڕۆك"[(١)]

**٩٥. شوێنەوارناسەکە هەموو دیوارە قووڕەکانی قەڵای هەولێری بەسەرکردەوە.**

ناوەڕۆك و ناواخنە واتاییەکانی ئەم ڕستەیە بریتین لە:

**١. شوێنەوار ناسێك توێژینەوە دەکات.**
**٢. قەڵای هەولێر شوێنوارێکی کۆنە.**
**٣. دیوارەکانی قەڵاکە لە خشتی قووڕ دروستکراون.**
**٤. خانووەکان نەماون تەنها دیوارەکانیان نەبێت.**
**٥. شوێنەوارێکی مێژوویی لە شاری هەولێردا هەیە.**
**٦. هەولێر شارێکی کۆنە.**
**٧. ..................**
**................**

## ٣ / ١ . ٥ . ٤ . واتای دەربڕاو ( utterance meaning):

زۆربەی مۆدێلە ڕێزمانییە کۆن و نوێکان کەم و زۆر گرنگیان بە واتای حەرفیی ڕستە داوە، بەڵام یەکێك لە جیاوازیەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان ئەوەیە، کە بە گرنگی دەزانێت پێش لێکۆڵینەوە لە واتا لە ڕوانگەی پڕگماتیکەوە یان زمان بەکارهێنانەوە، لە واتای حەرفیی بکۆڵرێتەوە.

لە لایەکی ترەوە واتای دەربڕاو بەتایبەتی ناخرێتە پاڵ هیچ مۆدێلێکی ڕێزمانیی دیاریکراو، بەڵکو بەگشتی زانایانی لۆجیك و زمانەوانان بە جۆرێك لە جۆرەکان بە پێناسە و چەمکێکیی وردتر لە سیمانتیکە کلاسیکییەکان، خۆیان پێوە خەریککردووە. هەروەك پێشتر وتمان کە لەم تیۆرەدا هەردوو واتای حەرفیی و واتای دەربڕاو پێکەوە نواندنە واتاییەکانی ڕستە دیاریدەکەن.[(٢)]

(١) بۆ زانیار لەبارەی "واتا لە بەکارهێناندا " بڕوانە : محەمەدی مەحویی :( ٢٠٠٩ : ٢٠٩ و دواتر) ، هەروەها مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٦٠) ....
بەڵام بۆ زانیاری لە "بارەی واتای حەرفیی ڕستەو واتای دەربڕاو" بڕوانە: محەمەدی مەحویی : (٢٠٠١ : ٢٢٦ و دواتر) ، اف. ار. بالمير:(١٩٨١ : ١٧٩ – ٢٠٢)

(٢) محەمەدی مەحویی : (٢٠٠١ : ٢٢٦ – ٢٢٧)

### ٣ / ١ . ٦ . پۆلێنکردنی کردار[(١)]:

یەکێك لە سیما دیارو ئاشکراکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کردار و پۆلێنکردنی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە تیۆرەکە کردار بە ناوکی ڕستەو واتاکەی دادەنێت. ئامانج لە گریمانەی پۆلێنکردنی کردار پەسنکردنی ناوەرۆکی سیمانتیکی ڕستەیە. بە مەبەستی نیشاندانی ئەو بنەمایەی کە تیۆرەکەیان لەپێناودا بنیادنابوو، ئەویش ئەوەیە، کە دیاردەی سیمانتیك لە تێڕوانینی دامەزرێنەرانی ئەم تیۆریە وردو قووڵترە لە دروستەی قوڵی تیۆری ستاندارد و ستانداردی فراوانکراو.[(٢)]

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تیۆرەکەدا پۆلێنکردنەکان زۆر سادە بوون، بەڵام لە ناوەڕاستی حەفتاکان بە دواوە بە شێوەیەکی بەرفراوان گەشەی پێدرا.

تیۆرەکە گرنگییەکی زۆری بەو کردەی هۆکاریی/ کۆزەتیڤییانە– هاوشێوەی کرداری تێپەڕی زمانی کوردیی– دەدا، کە کردارە بوونیی/هەبوونیی و ڕوودانیی/دەستپێکییەکان(inchoative) پێکەوە دەبەستنەوە. جۆرە جیاوازەکانی ئەو کردارانە لە تیۆرەکەدا لە ڕێگەی پریدیکەیتە ئەبستراکتەکان و هەڵگواستنەکانەوە ڕووندەکرێنەوە.[(٣)]

زۆربەی ئەو پریدیکەیتە ئەبستراکتانەی کە لە دروستەی قووڵدا دەردەکەون لە شیکردنەوەی سیمانتیکی بەرهەمهێناندا، پریدیکەیتە ئاڵۆزەکانن، بەڵام دەتوانرێت شیبکرێنەوە بۆ کردە کردارییە(predicate) سادەکان، شیکردنەوەی کۆزەتیڤیانە یەکێکە لە هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی (deconstruction) ئەو کردە کرداریە ئاڵۆزانە بۆ سادەترین شێوەیان، زۆرێك لە زمانەوانان لە نێوانیاندا (لاکۆف ١٩٧٠)، (جۆن لایینز ١٩٦٨)، (چیڤ ١٩٧٠)، (جۆن ئەندرسۆن ١٩٧١)، تێبینی ئەوەیان کرد کە لە ڕووی مۆرفۆلۆجیەوە هەندێ کردار شێوەیەکی دیاریکراوی وایان هەیەو کە دەکەوێتە نێوان کردارە هەبوونیەکان و کردارە ڕوودانیەکان، بە شێوەیەکی وا کە هەمویان دەکەونە ناو یەك خشتەی مۆرفۆلۆجی دانە فەرهەنگیەکان.[(٤)] بۆنموونە سەیری خشتەی (١) بکە، کە بۆ کرداری هۆکاریی لە زمانی کوردییدا خراوەتە ڕوو:

| جۆری کردار | بوونیی و هەبوونیی | ڕوودانیی | هۆکاریی |
|---|---|---|---|
| فۆڕمی لێکسیکیی | تووڕە یە | تووڕەبوو (تێنەپەڕ) | تووڕە کرد (تێپەڕ) |
| واتاکەی | تووڕەیی هەیە | تووڕەیی تێدا ڕوویدا | هۆکارێك بۆ ڕوودانی تووڕەبوونەکە |

**خشتەی ژمارە (١)**

**(خشتەی گەردانکردنیی کۆزەتیڤیی)**

---

(١) دەربارەی پۆلێنکردنی کار لە ڕێزمانی دۆخدا بڕوانە: یوسف شەریف سەعید : (٢٠٠٩ : ٥٠ و دواتر).

(٢) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٧٥)

(٣) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٧٤)

(٤) سەرچاوەی پێشوو : هەمان لاپەڕە

ئەگەر هاتوو لە خشتەکەدا شێوەی فەرهەنگی هەر کردارێك ونبوو/دیارنەبوو ئەوە کەلێنێکی لێکسیکیی(lexical gup) دروست دەبێت، خۆ ئەگەر هاتوو واتایەك لە واتاکانی دەرنەکەوت ئەوە کەلێنی واتایی (semantic gup) دروست دەکات.[1]

پەیوەندی نێوان فۆڕمە جیاوازەکان لە خشتەکەدا، ئاسایی بە هۆی دوو جۆر گواستنەوەوە جێبەجێ دەکرێت:

أ. **گواستنەوەی ڕوودانیی** (inchoative transformation): کە پریدیکەیتی هاتنەدی/ ڕوودانەکە (COME ABOUT) سەرەو ڕیز دەکات بەرەو فۆرمی بوونیی و هەبوونی، بۆ ئەوەی فۆرمی ڕوودانییەکە بەرهەمبێت، بۆ نموونە:

**[دەرگاکە کراوەیە ←——— دەرگاکە کرایەوە]**.


ب. **گواستنەوەی هۆکاریی** (causative transformation): هۆکارێك (CAUSE) بۆ فۆرمی ڕوودانیەکە زیاد دەکات، بۆ ئەوەی فۆرمی کۆزەتیڤیەکە بەرهەمبێت، بۆ نموونە:

**[دەرگاکە کرایەوە + هۆکار ←——— کاوە دەرگاکەی کردەوە]**.

هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، جۆری کردارەکان بریتین لە :

١. **کرداری** (**بوونیی هەبوونیی/ لە ئارادابوو**) (Being verbs): لە تیۆرەکەدا پریدیکەیتی بوونی و هەبوونی وەك فۆرمی بنەڕەتیی و سەرچاوەی گەردانکردن دەناسێنرێت، کە هەموو فۆڕمەکانی تر لەوەوە بەرهەمدێن، کە پریدیکەیتێکی یەك ئاگۆمێنت داواکەریە[2]، سەیری نموونەی (٩٦) و ڕوونکردنەوەکەی لە هێلکاری(١٥) دا بکە:

**٩٦. منالەکە گەورەیە.**




هێلکاری ژمارە (١٥)


---

(١) صلاح الدين صالح حسنين :( ٢٠٠٥: ١٤٣)

(٢) مازن الوعر :( ٢٠٠١ : ٧٥ – ٧٦)

٢. **کرداری ڕوودانیی**(inchoative verb) : فۆرم و کردەی ئەم کردارە لە فۆرمی کرداری بوونی و هەبوونی هەڵدەگوازرێت، کە لە بنەڕەتدا کردارە تێنەپەڕەکان دەگرێتەوە، هەڵگواستنەکەش لە ڕێگەی "گواستنەوەی ڕوودانیی"ەوە جێبەجێ دەبێت، بەهۆی زیادکردنی پریدیکەیتی "هێنانەدی( COME(C.A) ABOUT)" وەك پریدیکەیتێك کە دەکەوێتە یەکەمین نۆدی هێڵکاریەکەوە[1]، بڕوانە ڕستەی (٩٧) و ڕوونکردنەوەکەی لە هێڵکاری (١٦) دا:


**٩٧. مناڵەکە گەورەبوو**




هێڵکاری ژمارە (١٦)

٣. **کرداری هۆکاریی** (causative verb) : پریدیکەیتی ئەم جۆرە کردارە لە فۆڕمی کرداری ڕوودانییەوە هەڵدەگوازرێت، کە لە ئەنجامی "گواستنەوەی هۆکاریی"ەوە جێبەجێ دەکرێت، کە بریتیە لە زیادکردنی پریدیکەیتی "هۆکار CAUSE " لەگەڵ پێکهاتەی زمانی بکەر[2]، ڕستەی (٩٨) لە (١٧)دا ڕووندەکرێتەوە :

**٩٨. نەوزاد ئازادی خست.**




هێڵکاری ژمارە (١٧)

(١) مازن الوعر :( ٢٠٠١ : ٧٥ – ٧٦)

(٢) سەرچاوەی پێشوو : ٧٦

### ٣ / ١ . ٦ . ١ . وردترین جۆری پۆلێنی کردار له تیۆرەکەدا :

پۆلێنکردنی کردار له سیمانتیکی بەرهەمهێناندا بناغەبوو بۆ گەشه پێدانی واتایی، تەنانەت لەو بۆچوونانەشدا کە نەیاربوون لەگەڵ تیۆرەکەدا. تێبینیی ئەوە کراوە کە گەشەکردنی واتاسازیانە لای فیلمۆر و چیف و کووك، هاوتەریبە لەگەڵ پێکهاتە سیمانتیکیەکان لای گروبێر و جاکیندۆف. لەبەرئەوەیە کە ئەو جۆرە گەشەکردنە واتاییە– بە دیاریکراوی له باری سیمانتیکی پۆلێنکردنی کرداردا – ناچنه ناو گەشەکردنە واتاییەکانی ناو تیۆریی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، واتا بەشێك نین لێی. بەڵکو زمانەزانانی ئەم تیۆریە پێیان وایە کە پێویستە گریمانەکەی جاکیندۆف بەرەو پێش ببرێت و بەراورد بکرێ لەگەڵ چەمکە واتاییە پۆلێنکاریەکانی تری کرداردا.[1] بەباشمان زانی نەختێك له تیۆری واتایی پۆلێنکردنی کردار ڕابمێنین له چوارچێوەی ڕێبازێکی تەواو ورددا ، ئەویش بریتییە له ڕێبازی واتایی پۆلێنکاریی کووك:

#### ـ گریمانە واتاییە پۆلێنکاریەکەی "واڵتەر کووك":

هەندێك له زمانەوانان گریمانەکەی "کووك" بە سەربەخۆ دوور له مۆدێل و تیۆرە زمانیی و واتایەکانی تر دادەنێن ، لەو باوەڕەدان ڕێبازێکی تەواو و گەشەکردوو له چوارچێوەی تیۆری سیمانتیکیی پۆلێنکاری (Taxonomic semantic theory) دایە. بەڵام بەشێکی تریان پێیا وایە، درێژە پێدانی لایەنێك له لایەنەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنانە، کە ئەوەیان نزیکە له ڕاستییەوە.

زمانەوانی ئەمریکی (واڵتەر کووك ١٩٧٩)دا گریمانەیەکی واتایی بۆ پۆلێنکردنی کردار داڕشت، ئەم ڕێبازە بریتی بوو له سیستمێك لەو ڕۆڵە ئەرکییە واتاییانەی کە دەبەخشرێن بەهۆی دانانی کردار وەك بازنە/میحوەری کردە واتاسازییەکان. هەروەك (چییف ١٩٧٠) دەڵێت : ((مرۆڤ دەتوانێت جۆرەکانی کردار بناسێت له ڕێگەی سیفەتە واتاییەکانی تایبەت بە کردارەکان.))، بەو واتایەی کە کردار ئیشکەرێکی/کردەیەکی واتاییە، حوکمدەکات بەسەر ئەو ڕۆڵە واتاییانەی کە لەگەڵ کرداردا دێن. پێویستە لەم سیستمەدا لیستی ئەو تایبەتێتیە/سیما واتایانەی کە دەکرێت لەگەڵ کرداردا بێن، و پەسنی بەناوەند/بەسەنتەر بوونی کردار دەکەن ،جیابکرێنەوە لەگەڵ ئەو ڕۆڵە واتاییە ئەرکیانەی کە لەگەڵ ناودا دێن.[1]

#### ـ دیاریکردنی سیما واتاییەکانی کردار:[2]

نیشانە واتاییەکانی کردار بە شێوەیەکی ستوونی بریتین له(**بوونیی و هەبوونیی** یان **کردەیی** یان **جووڵەیی** )، هەموو کردارێك تەنها یەکێك لەو سێ سیمای جیاکەرەوە واتاییانەی هەیە، بەهەمان شێوە ناکرێ کردارێك هەبێ هیچ کام لەم سیما واتاییانەی نەبێت.دەتوانیت بەم جۆرە بیانخەینەڕوو:

---

(١) صلاح الدين صالح الحسنين: (٢٠٠٥ : ١٣٢)

(٢) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٧٦)

ـ سیمای واتایی[+**بوونیی و هەبوونیی**] پێویستی بە ڕۆڵێکی واتایی هەیە، پێی دەوترێت (**بەرکاری جێگیر**).
ـ سیمای واتایی[+**کردەیی**] پێویستی بە ڕۆڵێکی واتایی یە ناو دەبرێت بە (**بەرکار/ بابەت**).
ـ سیمای واتایی [+**جووڵەیی**] پێویستی بە دوو ڕۆڵی واتایی ئەرکیی هەیە کە بریتین لە (**بکەر و بەرکار**).

بەڵام بە شێوەی ئاسۆیی سیما واتاییەکانی کردار لەگەڵ ڕۆڵە واتاییە داواکراوەکانیان بەم جۆرەیە:
ـ سیمای واتایی[+ **هەستیی**]ڕۆڵێکی واتایی ئەرکی داوادەکات کە پێی دەگوترێت(**تاقیکەرەوە**).
ـ سیمای واتایی[+ **سوودگەیاندن**]ڕۆڵێکی واتایی ئەرکی داوادەکات کە پێی دەگوترێت(**سوود وەرگر**).
ـ سیمای واتایی[+ **شوێنیی**]ڕۆڵێکی واتایی ئەرکی داوادەکات کە پێی دەگوترێت(**شوێن**).[(١)]

سیما واتاییەکانی کردار جا [+ **هەستیی**] یان [+ **سوودگەیاندن**] یان [+ **شوێنیی**] بێ، نیشانەی واتایی بەویستن، بەم جۆرە کردارە بنەڕەتیەکانی (**بوونیی و هەبوونیی، کردەیی، جووڵەیی**)، هیچ کام لەو سیما واتاییانەیان نیە. ئەوەی لە گریمانەی واتایی پۆلێنکردن بە دەست دێت، دوانزە "یەکەی واتایی" یە، کە لە نەخشەی (٢) دا دەردەکەوێت:

(١) مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٧٦)

| جۆرەکانی کردار | کردارە بنەڕەتیەکان | هەستیی | سوودگەیاندن | شوێنیی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| **١ـ بوونیی و هەبوونیی** | بابەتی جێگیر ـ بوونیی<br>**درێژ** : [+با/ جیٚ] | تاقیکەرەوە<br>**خۆشەویستیی:** [+تاق] [+با/ جیٚ] | سوود وەرگر<br>**خاوەن:** [+سو/ وەر] [+با/ جیٚ] | بابەتی جێگیر<br>**جێگیر لە:** [+با/ جیٚ] [+شو] |
| **٢ـ کردەیی** | بابەت<br>**دەمرێت:** [+با] | تاقیکەرەوە ـ بابەت<br>**تامدەکات:** [+تاق] [+با] | سوود وەرگر ـ بابەت<br>**بەدەستدێنێت:** [+سو/ وەر] [+با] | بابەت ـ شوێن<br>**دەڕوات بۆ:** [+با] [+شو] |
| **٣ـ جووڵەیی** | بکەر ـ بابەت<br>**لێیدەدات:** [+بك] [+با] | بکەر ـ تاقیکەرەوە ـ بابەت<br>**دەبێژێت:** [+بك] [+تاق] [+با] | بکەرـ سوود وەرگر ـ بابەت<br>**دەبەخشێت:** [+بك] [+سو/وەر] [+با] | بکەرـ بابەت ـ شوێن<br>**دادەنێت:** [+بك] [+با] [+شو] |

خشتەی ژمارە (٢) **(پۆلێنی جۆرەکانی ( کردار ) لای کووک (١٩٧٩ : لاپەڕە ٢٠٣)**

ئەم گریمانە واتاییە پۆلێنکارییەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، بە ستوونی ئەم سێ کردارەی لەیەك جیاکردۆتەوە:

(١) کردارە بوون و هەبوونیەکان، (٢) کردارە کردەییەکان/ڕوودانیەکان، (٣) کردارە جوولەییەکان.

هەروەها ئاسۆییانە چوار جۆر کرداری لەیك جیاکردۆتەوە:

(١) کردارە بنەڕەتیەکان، (٢)کردارە هەستیەکان، (٣)کردارە سوودگەیەنەکان، (٤) کردارە ئاماژدەرە شوێنیەکان.

بەم جۆرە، نیشانە واتاییە دەستکەوتووەکان لەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان هەموو ئەو کردارانەدا هەیە، بریتین لە دوازدە نیشانەی واتایی کە پەسنی هەموو ئەو کردارانە دەکەن کە لە گشت زمانی مرۆڤدا هەن.

تیۆری واتایی پۆلێنکردنە کرداریەکە دوو جۆر ڕۆڵی واتایی ئەرکی لەیەك جیادەکاتەوە:

(١) ڕۆڵە واتاییە ڕووکەشەکان کە دەبێ لە دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشدا دا ڕووبدەن(پێویستەکان).

(٢) ڕۆڵە واتاییە شاراوەکان/نادیارەکان، کە پێویستە لە دروستەی قووڵدا ڕووبدەن، بەلاّم دەکرێ لە دروستەی ڕووکەشدا ڕووبدەن یا ڕوونەدەن(بەویستەکان).

ئەم ڕۆڵە واتاییە شاراوانە جۆری جیاوازیان هەیە، ئەگەر هاتوو هەندێ جار لە دروستەی ڕووکەشدا ڕوویاندا، و هەندێك جاری تر لە هەمان دروستەدا ڕوویان نەدا ، ئەو کاتە بە (**ڕۆڵی واتایی سڕاوە**) ناودەبرێت[(١)]، بۆ وێنە لە نموونەکانی (٩٩، ١٠٠)دا دیارە:

**٩٩. کە کتێبەم خوێندەوە، <u>کتێبەکەت</u> بۆ دێنمەوە.** [کارا + بابەت]

**١٠٠. کە کتێبەکەم خوێندەوە، بۆت دێنمەوە.** [کارا، بابەت] بابەت سڕراوەیە(.pro)

بەلاّم ئەگەر هاتوو ڕۆڵە واتاییەکە هەرگیز ڕووی نەدا لە دروستەی ڕووکەشدا، ئەوە یەکێك لەم دوو ئەگەرەی هەیە:

(أ) یان هاونرخ دەبێت لەگەڵ ڕۆڵێکی واتایی تردا و بە شێوەی جیا جیا دەرناکەوێ، نموونەی(١٠١) ئەوە ڕووندەکاتەوە:

**١٠١. کاوە ڕۆیشت بۆ ماڵەوە.** [کاوە = کارایە] و [کاوە= بابەتە]

---

(١) سەباح ڕشید قادر : (٢٠٠٩ : ١٠٤ ) ، هەروەها مازن الوعر : (١٩٨٧ : ٧٨)

(ب) یان لێکسیکیانە تێکەڵ دەبێت/دەمج دەبێت بە کردارێکی تر، وەك لە نموونەی (١٠٢، ١٠٣) دا دیارە:

**١٠٢. کاروان ئاوی کردە ناو باخەکە.** [بکەر، بابەت، شوێن]

**١٠٣. کاروان باخەکەی ئاودا.** [بکەر، بابەت*، شوێن]

**لێرەدا بابەت، فەرهەنگیانە دەمج بکرێت بە کردارەوە.**

## ـــ نموونەی ڕستەی کوردی بە پێی پۆلێنەکەی کووك

لێرەدا هەوڵ دەدەین نموونەی ڕستەی کوردی بۆ ئەم مۆدێلی سیمانتیکی پۆلێنکردنی کردار بهێنینەوە، کە نیشانە واتاییە بنەڕەتیەکان دەریدەخەن.

### ١. [+هەبوونیی]

ئەم نیشانە واتاییەی کردار کە لە مودێلی سیمانتیکی پۆلێنکاریدا نیشاندراوە بەهۆی ڕۆڵی واتایی(بابەت ـ جێگیر)ەوە، ڕوکارە واتاییەکە بۆ ڕستەی کوردیی هەڵگوازراو دەردەبڕێت، وەك لە نموونەی (١٠٤)دا دیارە:

**١٠٤. خانووەکە پەنجەرەی هەیە.**

### ٢. [+کردەیی]

ئەم نیشانە واتاییەی کردار ڕووکاری واتایی بۆ ڕستەی کوردیی (داینامیکی بێ بکەر/بکەر نادیار) دەردەبڕێت. لە نموونەی (١٠٥)دا دەردەکەوێت:

**١٠٥. پەنجەرەکە کرایەوە.**

### ٣. [+جووڵەیی]

ئەم نیشانە واتاییەیان ڕووکاری واتایی بۆ ڕستەی کوردیی جووڵەی داینامیکی بکەریی دەردەبڕێت. لە نموونەی (١٠٦) دا ڕوون دەبێتەوە:

**١٠٦. ئارا ڕۆیشت .**

### ٤. [+هەستیی]

سیمای واتایی هەستیی کردار، ڕووکارێکی واتایی دەردەخات بۆ ئەو ڕستانەی کە کردارەکانیان سۆز و هەست و بیر دەردەبڕێت. دەتوانین کردارە هەستیەکان بۆ سێ جۆر پۆلێن بکەین:

أ. کرداری هەستیی هەبوونیی: بۆ نموونە:

**١٠٧. ئازا یادی ترساند.**

ب. کرداری هەستیی کردەیی: وەك لەم رستەیەدا:

**١٠٨. یاد هیوا بە دەرچوون دەخوازێت.**

پ. کرداری هەستیی جووڵەیی: لە نموونەی ئەم ڕستەیە:

**١٠٩. ئارا ڕاستییەکەی گوت.**

**٥. [+سوودگەیەنەریی]**

ئەم سیما خاوەندارییەی کردار ڕووکاری واتایی بۆ ئەو ڕستانە دەخاتە ڕوو کە کردارەکانیان بیری خاوەنداریی و لەدەستدان و بەدەستهێنان و گواستنەوەی بابەت لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگەیەنن. دەتوانین کردارەکانی سوودگەیاندن بۆ سێ جۆر پۆڵێن بکەین:

أ. کرداری سوودگەیەنەریی هەبوونیی: نموونەی (١١٠) دەریدەخات:

**١١٠. ملکۆ ئەسپێکی ڕەسەنی هەیە.**

ب. کرداری سوودگەیەنەریی کردەیی: ڕستەی (١١١) نموونەی ئەم جۆرە کردارەی تێدایە:

**١١١. ملکۆ خەڵاتێکی وەرگرت.**

پ. کرداری سوودگەیەنەریی جووڵەیی : بۆ نموونە ڕستەی (١١٢):

**١١٢. خەڵاتێکیان دا بە ملکۆ.**

**٦. [+شوێنیی]**

سیمای واتایی شوێنیی، ڕووکاێکی واتایی بۆ ئەو ڕستە کوردیانە دەنوێنێت کە کردارەکانیان ئاماژەن بۆ هەبوونیی شوێنیی یان شوێنیی ئاراستەکراو، دەکرێت پۆڵێن بکرێت بۆ سێ جۆر:

أ. کرداری شوێنیی هەبوونیی: وەك نموونەی (١١٣):

**١١٣. لە کەللەی زانادا زانستە هەیە.**

ب. کرداری شوێنیی کردەیی: نموونەی (١١٤) بۆ ئەم جۆرە کردارەیە:

**١١٤ . ئۆتۆمبیلەکە بەرەو لای ڕاست ڕۆیشت.**

پ. کرداری شوێنیی جووڵەیی: وەك (١١٥):

**١١٥. ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو لای ڕاست پاڵنا.**

سەرەڕای بەکارهێنانی ئەم نیشانە واتاییانەی کە لە مۆدێلی سیمانتیکی پۆلێنکاریدا هەبوو بۆ کردارە کوردییەکان، پشت دەبەستین بە سێ سیمای بارکراوی واتایی گشتیی(کردار) کە دروستەی قوڵی ڕستەکان پەسنیان دەکەن: ئەوانیش بریتین لە: ( بوون) و (بەرئەنجام) و (هۆکار).

(١). سیمای واتایی پریدیکەیتی (**بوون**): ڕووکارێکی واتایی تایبەت بۆ ئەو فرێزانەی کە واتای هەبوونیان لە ناواخندا هەیە دەنوێنێت. نموونەکانی(١١٧,١١٦) ئەو بارە پیشاندەدەن:

**١١٦. پەرداخەکە شکاو بوو.** ←

**گەورە بوو.** ← **هەبوونیی [بوون بە ــ ئاوەڵناو[دیاخەر]]**

**١١٧. پەرداخەکە لەسەر مێزەکەیە**

**لێرەیە** ← **شوێنیی [بوون لە ــ ئاوەڵکار [شوێنیی]]**

(٢). **بەرئەنجام/ڕووداو:** جۆرە پریدیکەیتێکە، کە ئەسپێکتێکی واتایی دەردەبڕێت بۆ ئەو کردارانەی کە تێنەپەڕن بەتایبەت ئەوانەی کە لەو کردارانە هەڵدەگوێزرێن کە واتای هەبوونیان هەیە، بڕوانە نموونەکانی (١١٨.أ) و (١١٨.ب):

**١١٨.أ . پەرداخەکە دەشکێت.**

**١١٨.ب. بەرئەنجام(c.a) [پەرداخ[[دە[شکێ [ت بوون، ]]]]**

(٣). **هۆکار:** ئەمیان ڕووکاری واتایی بۆ ئەو ڕستانە پیشاندەدات کە کردارەکانیان تێپەڕ و جووڵەیین، بڕوانە نموونەکانی (١١٩.أ) و (١١٩.ب):

**١١٩.أ. یاد پەرداخەکەی شکاند.**

**١١٩.ب. هۆکار [یاد [بەرئەنجام(c.a)[بوون، شکاندی [پەرداخ]]]].**

## ٣ / ١ . ٧ . هەندێك لە مۆدێلەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان:

پێشتر دروستەی لۆجیکییمان ڕوونکردەوە لە تیۆرەکەدا و چۆنیەتی شیکردنەوەی واتای کردارەکانمان خستەڕوو لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونە جیاوازەکانی تیۆرەکە. باسمان لەوە کرد کە سیمانتیکی بەرهەمهێنان پشت دەبەستێ بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە دروستەی واتایی هەمان ئەو دروستە قووڵەیە کە پێویستە بۆ دیاریکردنی واتای ڕستە، هەرچی پەیوەندییە ڕێزمانیەکانن تەنها هۆکارێکی شێوازبەندانەن بۆ گواستنەوەی دروستەی قووڵ کە واتاییەکەیەتی لە بنچینەدا بۆ دروستەی ڕووکەش. ئەو کەسانەی کە وایان دانا ئەم دروستەیە قووڵترە لەوەی لە تیۆرەکانی پێشخۆیدا هەیە، گرنگیان بە هەڵگواستنی واتادا لە دروستەکەدا بە تایبەت کاتێك کۆتی هەڵاوێردکردن/هەڵبژاردن دەشکێت. ئەمەش بە چەند قۆناغی گفتووگۆ و مۆدێلی یەك لەدوای یەکدا تێپەری، لە سەرەتادا بەرێزمانی باروحاڵەتی فیلمۆر دەست پێدەکەین، ئینجا دوای ئەو لێکۆڵینەوەکانی ماککاولی و لاکۆف و پۆستاڵ، پاشان لێکۆڵینەوەی گروبێر و گریمانەی ڕۆڵی بابەتانە و پەرەپێدانی لەلایەن جاکیندۆف و گریمانەی (پێش– فەرهەنگیی)یەکەی و هەروەها چۆنیەتی لابردنی پێکهاتەی واتایی لارو چەوت و لێڵی واتایی.

### ١. فیلمۆر و ڕێزمانی باروحاڵەت (case grammar):

هەندێ لە زمانەوانان ڕێزمانی بارو حاڵەتی فیلمۆر وەك تیۆریەكی سەربەخۆ هەژمار دەكەن، كەچی بەشێكی تریان تیۆرەكە وەك لێكۆڵینەوەیەك لە بەرژەوەندی "سیمانتیكی بەرهەمهێنان" لەقەڵەم دەدەن، یان بەتەواوی وەك بەشێك لێی، ڕاستی لە ئارادابوو ئەوەیە، كە مۆدێلێكە لە مۆدێلەكانی سیمانتیكی بەرهەمهێنان.[١]

تیۆری باروحاڵەت (case theory) كە لە پاڵ ناوی فیلمۆردا دێت، یەكەمین مۆدێل و گفتووگۆ بوو لە بەرژەوەندی سیمانتیكی بەرهەمهێنان، تیایدا باس لەوە كرا، ئەو ئارگۆمێنتانەی كە ڕستەكانی (١٢٠، ١٢١، ١٢٢) پێكەوە دەبەستنەوە، هاوشێوەی ئەو ئارگۆمێنتانەن ڕستە بكەردیار و نادیارەكان پێكەوە دەبەستنەوە، بەو پێیە دەتوانرێت بگوترێت كە ئەگەر توانرا بكەردیار و بكەرنادیار بەكار بهێنرێن لە دیاریكردنی ڕۆنانی ژێرەوەدا ، ئەوە دەتوانرێت ئەم ڕستانەش بە هەمان ڕێگا بەكار بهێنرێن. بە پێی ئەم بۆچوونە، پێویستە"دروستەی قووڵ" پەیوەندیەكانی باروحاڵەت لەبەرچاو بگرێت، پەیوەندیەكانی باروحاڵەتیش وەك دەیبینین زیاتر سیمانتیكین وەك لەوەی سینتاكسیی بن. لەبەر ئەوە دەبێ ڕۆنانی ژێرەوە قووڵتربێ لەوەی كە چۆمسكی پێشنیاری كردووە، هەروەها پێویستە سیمانتیكیی بێت سەرەڕای ئەوەی سینتاكسیشە[٢]، لەوبارەیەوە.... (( فیلمۆر دەڵێت: لە كارەكەمدا بیرم لەوە نەكردۆتەوە كە هەموو ڕۆنانی ژێرەوە لابەرم و وازی لێبێنم، بەڵكو هەوڵمداوە ئاستێك بدۆزمەوە بۆ ڕۆنانی ڕێزمان، قووڵتر بێ لە ڕۆنانەكەی ژێرەوەی چۆمسكی.))[٣]

**١٢٠. گوریسەكە قرتاوە .**

**١٢١. چەقۆكە گوریسەكەی قرتاند .**

**١٢٢. ئاسۆ گوریسەكەی قرتاند .**

ڕێزمانی باروحاڵەتی (فیلمۆر ١٩٦٨) لە گرنگترینی ئەو گریمانەو پێشنیارانەیە، كە باس لەوە دەكەن كە ڕستە دوو پێكهاتەی هەیە : پێكهاتەیەكی واتایی و پێكهاتەیەكی ڕستەسازیی/ڕێزمانیی، پاشان لێكیان گرێبدات. فیلمۆر دەڵێت: ڕستە لە دوو پێكهاتە پێكدێت:كەیس(Case)(پێكهاتەی واتایی)، و ڕێكاری ڕێزمانیی(Grammatical means)، ئامانج لە ڕستەش دەربڕینی بارو حاڵەتە،كەیسیش پێكدێت لە كردەی كردار/ گوزارە (predicate) و بابەت (object/theme) یان ئەو بابەتانەی كە وابەستەن بە پریدیكەیتەكانیان، "كردەی كردار"ەكە ڕۆڵێكی واتایی دەبەخشێت بە هەریەك لەو باس و بابەتانەی كە پێوەی بەستراوە.[٤]

(١) بڕوانە: یوسف شەریف سەعید :( ٢٠٠٩ : ٥٦) و لاپەڕەكانی دواتر، هەروەها بڕوانە : محەمەدی مەحویی : (٢٠٠٩ : ٢٤٧ – ٢٥٨)

(٢) أف . آر . بالمر : (١٩٩٥ : ٢٣٠ – ٢٣١)

(٣) یوسف شەریف سەعید: (٢٠٠٩ : ٥٧)

(٤) صلاح الدين صالح الحسنين:( ٢٠٠٥ : ١٣٢)

ئەم ڕۆڵەش بەتەواوی سەربەخۆو جیایە لەگەڵ ڕۆڵێکی واتایی تردا. کەیس دەگوازرێتەوە/ دەکرێت بە ڕستە بەهۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە. یاساکانیش سێ جۆرن: یاساکانی فرێز پێکهێنان و یاسا پێکهێنانەوەیەکان (Compositional rules)، هەروەها یاسا فەرهەنگیەکان (Lexical rules)، پاشان گواستنەوەکان هەڵدەستن بە ئەنجام دانی دووبارە ڕێکخستنەوەی یاسا ڕێزمانییەکان، و پاڵپشتی کردنی ئەرکە پێکهێنەریەکانی ڕستە. گواستنەوەکان بە لادانی یەکێك لە ڕۆڵە واتاییەکاندا جیادەکرێتەوە، زیادکردنی پێکهێنەرەکانی تر سوودی دەبێت لە کردەی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتنەکەدا.

ئەگەر تیۆرەکەی فیلمۆر لەسەر نموونەیەك جێبەجێ بکەینەنگاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**١. ئارا دەرگای ژوورەکەی کردەوە.**

**٢.أ. پێکهاتەی کەیسەکە:**

کەیس : بابەتی (١) ، بابەتی (٢) ، پریدیکەیت.

بابەتی (١) : کارا (بکەر)

بابەتی (٢) : بابەتی بێ لایەن (بەرکار)

پریدیکەیت : ك. ر. د. ە. و. ە.

**٢.ب. گواستنەوەی باروحاڵەت بۆ ڕستەکە:**

پێکهاتەی ڕستە : کەیس+ دیاریکار


دیارکارەکە : شێوگ و کاتی کارەکە دیاریدەکات

جێبەجێکار : کارا + ڕوونکەرەوەی دۆخ

بابەتی بێ لایەن : بابەت + ڕوونکەرەوەی دۆخ

**٢.پ. دیاریکردنی دروستەی شێوە پێکهێنان:**

ڕەگ و ڕیشەی کار بە دیاریکردنی شێوگ و کاتەکەی دادەرێژرێت، جێبەجێکار(بکەر)یش دەبەسترێتەوە بە فرێزێکی ناوی گونجاوەوە، بابەتی(بەرکاری) بێ لایەنیش دەبەسترێتەوە بە فرێزێکی ناوی گونجاوەوە، هەریەك لەو دوانە ڕوونکەرەوەیەکی دۆخی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەم شێوەیەی خوارەوە ئەوە ڕووندەکاتەوە:




هێڵکاری ژمارە (٢١) (**دروستەی شێوە پێکهێنان**)

**٢.ت. دوای ئەوە ڕۆڵی یاسا فەرهەنگییەکان دەردەکەوێت بۆ پڕکردنەوەی هەریەکە لەو بۆشاییانە بە یەکە فەرهەنگییە گونجاوەکان، بە پێی ئەو یاسای پڕکردنەوانەی کە کاتز و فۆدۆر دایان ناون.**

**٢.ج. گواستنەوەکان: تیایدا شێوگی کارەکە و دەموو کاتی کارەکە لێکدەدرێن لەگەڵ ڕەگی کارەکەدا.**

**پاشان ڕۆڵە واتاییەکان ڕێکدەخرێن. ئینجا ئەرکە ڕێزمانیەکان دەبنە پاڵپشت بۆ هەریەک لەو فرێزانەی لەگەڵ کارەکەدا دێن، و لە ڕێگەی ڕوونکەرەوەی دۆخدا ڕووندەبێتەوە، دواتر یاساکانی دروست ـ بنیادنانی ڕستە جێبەجێ دەبن، سەرئەنجام ڕستەیەکی وەک (٣) بەرهەمدێت:**

**٣.ئارا دەرگای ژوورەکەی کردەوە.**

## ٢. مککاولی و هەڵوەشاندنەوەی فەرهەنگیی (lexical deconstruction):

مۆدێلەکەی مککاولی، وردو تەکنیکی تربوو، ئەگەرچی تا ڕادەیەك سادەبوو[١]، تیۆرەکە گرنگی بە هەڵوەشاندنەوەی فەرهەنگی دەدا بۆ پریدیکەیتە ئەبستراکتیەکان لە دەرەوەی شیکردنەوەی کۆزەتیڤیی. شیکرنەوەکە لەسەر سادەکرنەوەو دابەزاندنی پریدیکەیتە ئاڵۆزەکان بۆ پریدیکەیتە سادەکان بنیاتنراوە.

گریمانەکەیان هەوڵ دەدات دروستەی لۆجیکی قووڵ دیارییکات، کە واتای ڕستە دەنوێنێت، ئەمەش لە ڕێگەی ڕستەکانی پریدیکەیتە ئەبستراکتە سەرەکییەکەوە، پاشان ئەو دانە زمانیانەی کە ئەو پریدیکەیتە داوایان دەکات لە چاڵەکانیاندا، بەڵام کارەکەی لێرەدا کۆتایی پێنایەو هەر ئەوندە نیە، بەڵکو پێویستە هەر پریدیکەیتێك لە پرییکەیتەکان بخرێتە ژێر تاقییکردنەوەی ئەوەی کە ئایا لە توانایدا هەیە شییبکرێتەوە و هەڵبوەشێنرێت بۆ پریدیکەیتی سادەتر لەخۆی.[٢]

ئامانجی سەرەکی لە شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەکە ئەوەبوو کە پریدیکەیتەکان بچووکبکرێنەوە بۆ دەستەیەك پریدیکەتی ناوکیی (atomic predicate)، کە نەتوانرێت لەوە زیاتر بچووکبکرێنەوە، بۆ ئەوەی ئەمە بەدەست بێت پێویستە دروستەی گریمانەیی لێکسیکیی، بابەتیانە بە پێی بەڵگە سیمانتیکیی و سینتاکسییەکان تاقیبکرێتەوە پاساوی ڕستو دروستیی بدرێتەوە. لەدیارترین ئەو پاسادانانەی کە بۆ ئەو جۆرە شیکردنەوانە کرابێت، ئەو نموونانەن کە هەریەك لە (مککاولی ١٩٦٨) و (لاکۆف ١٩٧٠) و (پۆستاڵ ١٩٧١)، خستویانەتە ڕوو ، ئێمە لێرەدا تەنها نموونەکەی (مککاولی) دەهێنین:

### أ. **شیکرنەوەی کرداری** (**دەکوژێت**/kill)ی ((**مککاولی ١٩٦٨**))[٣]:

دەتوانرێت کەلێنی فەرهەنگیی پڕبکرێتەوە، تەنانەت بەو فۆڕمانەی کە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە پەیوست نین بە خشتەی گەردانکردنی کۆزەتیڤییەوە (بڕوانە خشتەی (٣)). لایکۆف پێی وایە کە (کرداری "دەکوژێت" = هۆکار بۆ ئەوەی بمرێت)، دەتوانرێت لە خشتەی گەردانکردنەکەدا (مردوو—ە ، دەمرێت ، دەکوژێت) دابنێن، مککاولی گەشەی بە دروستەی قووڵی کرداری (kill) دا و شیکردنەوەکەی بەکارهێنا وەك بەڵگەیەك بۆ بوونی گواستنەوە پێش فەرهەنگییەکان. دروستەی کرداری (دەکوژێت) پێویستی بە جێبەجێکردنی یاسای "بەرزکردنەوەی پریدیکەیت" هەیە، پێش یاسای "تێکردەی فەرهەنگی". ڕستەی (١٢٣. أ) لە (١٢٣. ب)دا ڕوونتر دەبێتەوە، بڕوانە هێڵکاری درەختی (٢٢):


**١٢٣. أ. کاوە ئاسۆی کوشت.**

**١٢٣. ب. هۆکار[کاوە، ڕوودان (c.a)[بوونی مردن[ ئاسۆ]]].**

(١) أف . آر . بالمر : (١٩٩٥ : ٢٣١)

(٢) مازن الوعر : (٢٠٠١ : ٨٣ — ٨٤)

(٣) سەرچاوەی پێشوو : (٨٤ — ٨٥)




**هێڵکاری ژمارە (٢٢)**

| جۆری کردار | بوونیی و هەبوونیی | ڕوودانیی | هۆکاریی |
|---|---|---|---|
| فۆڕمی لێکسیکیی | مردوو– ە(ئاوەڵناو) | مرد (تێنەپەڕ) | کوشت (تێپەڕ) |
| واتاکەی | بوون بە (مردوو) | مردن بەسەریدا ڕوویدا | (هۆکار) بۆ ڕوودانی مردنەکەی |

**خشتەی ژمارە (٣)**

**(خشتەی گەردانکردنیی کۆزەتیڤیی)**

پاش ئەوە، جارێکی تر (مککاولی١٩٧٠) و دواتر (جیری مۆرگان١٩٧٠) هەمواری ئەو بۆچوونەیان کرد لە سەر کرداری (kill)، کە ئێمە بە کورتی خستمانە ڕوو لە سەرەوە، بە پێویستمان نەزانی درێژەی پێبدەین.

### ٣. گرۆبێر و گریمانەی ڕۆڵی بابەتانە (thematic role assumption):

گرۆبێر لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی لە دروستەی سیمانتیکییدا کرد و جیای کردەوە لە پێکهاتەی ڕێزمانیی، سوودی لە بۆچوون و ڕاکانی فیلمۆر وەرگرت لەبارەی (کەیس)ەوە بەوەی کە دروستەی واتایی لەخۆدەگرێت، کە پێکدێت لە کردەی کردار(predicate) و بابەت(theme) یان ئەو بابەتانەی کە پریدیکەیت دیاریان دەکات.[1]

گروبێر لە کۆمەڵێك بابەتی بنچینەیی کۆڵیەوە کە پێیان دەوترێت ڕۆڵی بابەتانە( thematic roles)، کە پەیوەندیان بە گوزارەوە/کردارەوە هەیە، هەروەها ئەوەی ڕوونکردەوە کە هەر بابەتێکی بنچینەیی کە پەیوەستبێ بە کردارەوە ڕۆڵێك دەبینێت، سەرنجی خستە سەر کردارەکانی "جووڵە و کردەیی" و ئەو ڕۆڵە بنچینەییانەی کە ئەو کردارانە دیاریدەکەن[2]، پێی وایە کە ڕۆڵە بابەتییەکانی کرداری جووڵەو کردەیی بریتین لە (ناوك/باس/بابەت) و (سەرچاوە/خاڵی دەستپێك) و (ئامانج/ مەبەست ) و (جێبەجێکار/کارا) و (شوێنی ڕووداو) [3]، لە خوارەوە بەکورتی هەریەك لەو ڕۆڵە واتاییانە دەخەینە بەرچاو:

أ. **باس/بابەت(theme):** گروبێر ڕۆڵی (بابەت)ی ڕوون نەکردۆتەوە ـ هەروەك جاکیندۆف دەڵێت ـ، بەڵام لێرەدا هەندێ تێڕوانینی گشتیی هەیە لە کارەکانی گرۆبێردا کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، زانیمان کە گرنگیی و سەرنجی لەسەر کردارەکانی جووڵە کۆکردۆتەوە، دەتوانرێت باس/بابەت دیاریی بکرێت لەو جۆرە کردارانەدا بەوەی، کە بریتییە لەو شتە یان کەسەی کە جووڵەی پێدەکرێت : بۆ نموونە:

**١٢٤. بەردەکە کەوتە خوارەوە.**

**١٢٥. ئارا بەردەکەی لە سەربانەکەوە خلۆرکردەوە بۆ ناو حەوشەکە.**

**١٢٦. ئاسۆ پاڵی بە بەردەکەوە نا بۆ ناو کەلێنەکە.**

لەهەریەك لەم نموونانەی سەرەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە کردارەکانیان جووڵەیەکی فیزیکییان تێدایە. هەموو فرێزە ناویەکانیش واتای کەس یان شتیك دەگەیەنن کە دەجووڵێن، بریتین لە باس/ بابەتەکە، لەبەرئەوە **(بەردەکە)** بە بابەتەکە دادەنرێت، چونکە ئەو شتەیە کە جووڵاوە.

ب. **سەرچاوە/ خاڵی دەستپێك(source):** ئەو شوێنەیە کە بابەتەکەی لێوە جووڵاوە یان جووڵێنراوە، واتا خاڵی دەستپێکردن بە جووڵەی بەردەکە، لە نموونەی (٤)دا هەستی پێدەکەین کە برتییە لە ( **لەسەربانەکەوە**) ، بەڵام لە نموونەی (٣، ٥)دا هەستی پێناکرێت.

---

(١) عبدالمجید جحفة : (٢٠٠٠ : ٧٩)

(٢) صلاح الدین صالح الحسنین: (٢٠٠٥ : ١٣٤)

(٣) هەمان سەرچاوە: ١٣٥

پ. **ئامانج/ مەبەست (goal)**: ئەو جێگایەیە کە بابەتەکەی بەرەو دەجووڵێت یان دەجووڵێنرێت، واتا ئەو شوێنەی کە **بەردەکە** پێی دەگات لە کۆتاییدا، لە نموونەی (١٢٤) دا بریتییە لە(**خوارەوە**) و لە نوونەی (١٢٩)دا (**ناو حەوشەکە**)یە و لە نموونەی (١٢٦) دا (**ناو کە لێنەکە**) یە.

ج. **جێبەجێکار/کارا (agent)**: ئەو کەسە یان ئەو شتەی کە کارەکە ئەنجام دەدات، لە ڕستەی (١٢٥، ١٢٦)دا هەستی پێدەکەین و بریتییە لە (**ئارا**).

ح. **شوێنی ڕووداو(location)**: لێرەدا جووڵەیەك لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر هەیە، ئەوەش شوینی ڕووداوەکەیە، لەم دوو نموونەیەدا ڕوونتر دەبێتەوە:

**١٢٧. ئارا لەسەر کورسیەکە دانیشیت.**

**١٢٨. ئارا لە خانووەکەدا نیشتەجێ بووە.**

لەم دوو ڕستەیەدا شوێنی ڕووداو بریتین لە (**لەسەر کورسیەکە**) و (**لەخانووەکەدا**)

## ٤. جاکیندۆف و گریمانەی پێش-فەرهەنگیی (prelexical assumption):

**أ.** جاکیندۆف گەشەیدا بە گریمانەی ڕۆڵی بابتانە بۆ کرداری جووڵە وکردەیی/ شیکردنەوە(solution) کە گرۆبێر دابنابوو، تیشکی خستبووە سەر تایبەتمەندیە ناوەکیەکانی (پریدیکەیت/کردار) کە ڕۆڵە واتاییەکان بۆ بابەتەکە یان ئەو بابەتانەی کە کردار داوای دەکات. پاشان دوو ڕۆڵی سەرەکیی تری زیادکرد کە ئەونیش (هۆ _ دەربڕ/causative ) و (ئامراز instrument )ن.[1] لەمانەوە، بۆ نموونە هەندێك نیشانەی جیاکەرەوەی تایبەتی بۆ هەندێ کردار شیکردەوە، چۆنیەتی دیاریکردنی ڕۆڵە واتاییەکانی تایبەت بەو کرادرانەشی ڕوونکردەوە، لە ناو ئەو کردارانەی کە شیکردوونەوە، هەردوو کرداری(کڕی ، فرۆشت)ن، وای گریمانەکرد کە ئەم دوو کردارە هەڵگری واتای (گواستنەوە)ن، لەبەر ئەوە پێویستیان بە (گوازەرەوە)و (بۆـ گوازراوە) و(گوازراوە/شت) و(ئامراز/ئامێر)ێك کە گواستنەوەکەی پێ ئەنجام بدرێت، هەیە. گوازەرەوە ڕۆڵی (سوودگەیەنەر) دەبینێ، بۆـ گوازراوەش ڕۆڵی (کارتێکراو/ patient/سوودوەرگر) دەبینێت، شتە گوازراوەکەش ڕۆڵی (بابەت/میحوەر)ەکە دەبینێ هەروەك گرۆبێر ڕوونی کردۆتەوە، ئامرازەکەش بریتی یە لەو پارەیەی کە سوودوەرگر دەیدات لە بەرامبەر تەواوکردنی کردەی گواستنەوەکە.[2]

بەهەمان ڕێگا کرداری (open/کردەوە)، هەڵگری واتای (جووڵان و گۆڕان)ە، لەبەرئەوە پێویستیی بە هۆهاندەر/هۆکار، کارایەك کە هەڵدەستێت بە کردنەوەکە، و بەرهۆکارێك کە (بابەت/ میحوەر)ەکەیە.[3]

(١) أف. آر. بالمر : (١٩٨٥ : ١٦٩)

(٢) صلاح الدين صالح الحسنين: (٢٠٠٥ : ١٣٦)

(٣) أف. آر. بالمر : (١٩٨٥ : ١٦٩)

بۆ نموونە لە ڕستەی (١٢٩)دا، (ئاسۆ) جێبەجێکارەو (دەرگا) باس و بابەتەکەیە.

**١٢٩. ئاسۆ دەرگاکەی کردەوە**

ب. جاکیندۆف گریمانەی "پێش فەرهەنگی" بۆ کردار دارِشت، پێنج یاسای تێدا کۆکردەوە کە بریتیی بوون لە[1] :

(١). یاسای پۆلێنی پەڵە ڕەگەزەکان (categorical rules): کە دانە فەرهەنگییەکانی بۆ :ناو، کار ، ئامراز ....هتد پۆلێن دەکرد.

(٢). یاسای پێکهێنانەوەیی(compositionalty rules) : ئەم یاسایە سەبارەت بە (کار)، یاسای دابەشکردنی کار بۆ تێپەڕو تێنەپەڕی دەگرتەوە، کاری تێپەڕیشی دابەش دەکرد بۆ یەك–بەرکاری و دوو بەرکاری...هتد. ئەم یاسایە بەشێوەیەکی گشتیی گرنگی بە دیاریکردنی ئەو فرێزانە دەدا کە (سەرە/پریدیکەیت) داوایان دەکات، یان پێویستیی پێیان دەبێت. بۆ نموونە (ف.ك.) پێویستی بەوە هەبوو کە کاتێکراوەکەی (ف.ن.) بێت بۆ وێنە:

**١٣٠. ساوێن بابەتەکەی چارەسەرکرد.**

یان (ڕستەیەك ( ڕ)) بێت وەك:

**١٣١. مامۆستاکە بڕوای وابوو، کە خوێندکارەکە هەوڵ دەدات .**

**١٣٢. زانیم ، قوتابییەکە ڕاستدەکات.**

**١٣٣. وا بزانم، ئەمڕۆ سەرما ڕۆژەکە سەخت دەکات.**

(٣). یاسای سیمانتیکی (semantic rules): ڕۆڵی واتایی بۆ دانە فەرهەنگیەکان ڕووندەکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو دانە فەرهەنگیەکە بەڕاستی "دەروازە" بێ، ئەوا ئەو قاعیدەیە ئەو ڕۆڵە واتاییانە ڕووندەکاتەوە کە کارەکە داوای دەکات، وەکو :"جیبەجێکار/کارا ، باس و بابەت" بۆ نموونە.ئەم یاسایە جگە لەوە گرنگی بە سیما واتاییە تایبەتیەکانی دانە فەرهەنگیەکان دەدات. وەك: (+ مرۆڤ ، +گیاندار ،+بێ گیان، + شلی ، + ڕەقی............هتد).

(٤). یاسای ڕستەسازیی (syntactic rules): ئەم یاسایە ئەو ئەرکە ڕستەسازیەکانە ڕووندەکاتەوە کە یەکە فەرهەنگیەکانی تێدا بە کاردەخرێت، وەك ئەوەی کە بکەر یان بەرکار یان کارە....هتد

---

(١) صلاح الدين صالح الحسنين: (٢٠٠٥ : ١٣٧)

٥. یاسا دەنگسازییەکان (phonological rules): ئەم یاسایە ئەو گۆڕانە دەنگیانە دیاریی دەکات کە بەسەر دانە فەرهەنگییەکاندا دێن بە پێی گشتێتی تایبەتێتی جۆرەکەی.

هەندێ نموونە لە زمانی کوردیدا بۆ پیشاندانی ڕۆڵی واتایی لە مۆدێلەکەی جاکیندۆفدا:

**١٣٤. فڕۆکەکە هەڵسا.**

فڕۆکە ئامێرێکە، ئەرکی بکەری ڕستەکەی دەدرێتە پاڵ، لەبەر ئەوەی کەوتۆتە بەرزترین ڕۆڵی واتاییەوە، بۆیە بە بکەر دادەنرێت، لەباری نەبوونی ئامێرەکەدا، بەئامانج ـ گیراوێك لە جێگاکەی دادەنرێت ، وەك:

**١٣٥. کوڕەکە ڕۆیشت.**

کوڕەکە لێرەدا بریتیی یە لە ئامانجەکە، کەوتۆتە ناو بەرزترین ڕۆڵی واتاییەوە ئەرکی بکەری ڕستەکەی دەدرێتە پاڵ. لە باری نەبوونی ئامانجەکەدا کارتێکراو شوێنی دەگرێتەوە، وەك:

**١٣٦. پیاوەکە مرد.**

پیاوەکە کاتێکراو ، کەوتۆتە ناو بەرزترین ڕۆڵی واتاییەوە، بۆیە ئەرکی بکەری ڕستەکەی دەدرێتە پاڵ.

ئەو ڕۆڵە واتاییەی، کە بە دوای بەرزترین ڕۆڵی واتاییدا دێت، بریتییە لە ئەرکی بەرکار، لەبەر ئەوە ئەرکی بەرکار دەدرێتە پاڵ "بابەت"، ئەگەرهاتوو کەوتە دوای بەرزترین ڕۆڵە واتاییەکە، بۆ نموونە لە ڕستەی ژمارە(١٣٧)دا. هەروەها دەدرێتە "کاتێکراو" ئەگەر لە دوای بەرزترین ڕۆلی واتاییێکەوە بێت وەك لە نموونەی (١٣٨)دا دیارە:

**١٣٧. ئاسۆ سەیارەکەی بە سەهەند فرۆشت.**
**١٣٨ . مامۆستاکە لە قوتابییەکەی دا.**

### ٣ / ١ . ٧ . تێروانینێکی گشتیی لە "ناوێزەیی سیمانتیکی" لە هەردوو تیۆرەکەدا :

ئەگەر دوو دانەی فەرهەنگی بخرێنە تەکیەك بە پێچەوانەی کۆتوبەندەکانی هەڵاوێردکردن/ هەڵبژاردن ( selectional restrictions)، ئەوە دەبێتە هۆی ناوازەیی لە واتادا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شکاندنی کۆتوبەندەکانی هەڵاوێردکردن، بە نموونە: گرێیەکی وەك( **ئاوی وشك***). کە کاتز و فۆدۆر لە (١٩٦٣) و کاتز و پۆستاڵ (١٩٦٤) ئاماژەیان بەو بابەتە داوە.[(١)]

چۆمسکی لە کتێبی (ڕووکارەکانی تێوری سینتاکسیی)دا ــ کە تیۆری ستانداردی لەسەر بنیادنابووــ لێکۆڵینەوەی لەبارەی دروستەو دەربڕاوە لە یاسا لادراوەکان/ ناوازەکان کردووە، بەوەی کە بەراوردی لە نێوان ڕستە فۆرم ــ دروستەکان/ تەندروستەکان( Well formedness) و فۆڕم ــ نادروستەکان/ ناتەندروستەکاندا( ill formedness) کردووە. وای دەبینێت کە ڕستە فۆڕم ــ نادروستەکان پێویستیان بە لێکدانەوەی وەرگێراو/ هەڵگوازراو هەیە. چونکە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ لێك بدرێنەوە، وەك ئەوەی کە ڕستە فۆڕم ــ دروستەکانی پێ لێك دەدرێتەوە. چۆمسکی ئەو لادان ــ لە یاسایانەی/ناوێزانەی لەیەك جیاکردەوە، کە لە ئەنجامی شکاندنی یاسا سینتاکسیەکان(syntactic rule) یان شکاندنی یاساکانی بە لقکردن (branching rules) یان شکاندنی کۆتوبەندی هەڵاوێردکردن(selectional restrictions) دێنە ئاراوە. ڕوونی کردۆتەوە کە دەتوانرێت ئەو ڕستانەی بەهۆی شکاندنی کۆتوبەندی هەڵاوێردکردنەوە بەرهەمدێن، میتافۆڕیانە لێکبدرێنەوە، واتا بە پێی ئەو پێوەرە ڕاستەوخۆیەی ڕستە فۆڕم ــ دروستەکانی پێ لێکدەدرێتەوە.[(٢)]

لای چۆمسکی ڕستە ناوێزەکان سێ جۆرن کە لە ئەنجامی یەکێك لەمانەی خوارەوە دروست دەبن:

١. **شکاندنی پۆلێنی یەکەی پۆلە ڕەگەزەکان**( categories unit ): وەك ئەوەی لە ڕستەیەکدا دیارخەرەکە بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستی واتای دیارخراوەکەی. بۆ نموونە ئەگەر لەبری ڕستەی (١٣٩)، ڕستەی(١٤٠) بگوترێت، یان لە جیاتی ڕستەی (١٤١) ڕستەی (١٤٢) بگوترێت:

**١٣٩. ڕووکاری ڕامیاریی دەربڕی ڕووکاری ئابوورییە لە وڵاتدا.**

**١٤٠. ڕامیاریی دەربڕی ئابوورییە لە وڵاتدا.**

**١٤١. مرۆڤی گەورە گوشار دەخاتە سەرخۆی ، بەڵام مرۆڤی بچووك گوشار دەخاتە سەر خەڵکیی.**

**١٤٢. گەورە گوشار دەخاتە سەرخۆی ، بەڵام بچووك گوشار دەخاتە سەر خەڵکیی.**

---

(١) عبدالمجيد جحفة : (٢٠٠٠ : ٥٩)

(٢) صلاح الدين صالح الحسنين: (٢٠٠٥ : ١٣٨)

٢. **شکاندنی سیما دابەشکاریەکان:** گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ، کە پێشی دەوترێت لەخۆگرتنی واتای تێپەڕ لە تێنەپەڕدا. وەك نموونەکانی (١٤٣)، یان کارێك واتای کارێکی تر ببەخشیٚ، وەك نموونەکانی (١٤٤):

**١٤٣.أ. منداڵەکە لە دایك بوو.**

**ب. دایکەکە منداڵی بوو.**

**١٤٤.أ. چێژت لە کتێبەکە وەرگرت؟**

**ب. کتێبەکەت خوێندەوە؟**

٣. **شکاندنی کۆتوبەندی هەڵاوێردکردن:** وەك گواستنەوەو گۆڕینی ناوێکی کۆنکرێتی بە ناوێکی ئەبستراکت، یان ناوێك بە سیفەتەکانیەوە لە جیاتی ناوێکی تر بەکاربێت، نموونەکانی (١٤٥، ١٤٦) ئەوە ڕووندەکەنەوە:

**١٤٥. أ. پزیشکەکە نەخۆشەکەی چارەسەرکرد.**

**ب. پزیشکەکە کێشەکەی چارەسەر کرد.**

**١٤٦. أ. تووشم بوو بە تووشی پیاوێکی فێڵبازەوە.**

**ب. تووشم بوو بە تووشی ڕێویەکەوە.**

(ماتیوٚس) باس لە چۆنیەتی لێکدانەوەی ئەو دەربڕاوانە دەکات کە شکاندنی کۆتی هەڵاوێردکردن تێیاندا ڕوویداوە، لە نموونەی وەك(مرۆڤ گورگە)دا: وای دەبینێت کە (گورگ) ڕێك ناکەوێت و ناگونجیٚ لەگەڵ (مرۆڤ)دا، چونکە مرۆڤ لە کێڵگەی واتایی (بەشەر/ئادەمیزاد)ە و گورگ لە کێڵگەی (ئاژەڵ/حەیوان)و، لەبەر ئەوەپێویستە فیچەری خودیی/ ناوەکیی تر زیادبکریٚ بۆ گورگ کە لەگەڵ مرۆڤدا ڕێك بکەوێت ، ئەو نیشانەیەش (+درِندە)یە بۆ نموونە. زیادکردنی ئەو سیمایە بۆ گورگ وا لە دەربڕاوەکە دەکات کە گونجاوبیٚ. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە لێدانەوەیەکی هەڵگوازراومان بۆ وشەی (گورگ) کردووە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە لێکدانەوەی هەڵگوازراو پێویستی بە پەراوێزێك هەیە بۆ هەندیٚ نیشانە و جیکاریەك هەیە بۆ هەندیٚ سیمای تر کە دەوروبەر /کۆنتێکستەکە داوای دەکات، لەبەر ئەوەیە کە ڕستەی (ئاشنا چێژی لە کتێبەکە وەرگرت.) بە (ئاشنا کتێبەکەی خوێندەوە.) لێك دەدرێتەوە.[١]

(١) جۆن لایینز : (١٩٨٧ : ١٧٣ – ١٧٤)

هەروەها دەڵێ: ڕەچاوکردنی کۆتی هەڵاوێرد لە ڕستەو فرێزدا ڕێخۆشکەرە بۆ خوێندنەوەیەکی ڕاست و بنەڕەتی، بەڵام شکاندنی دەبێتەهۆی ئەوەی کە دانەیەکی فەرهەنگی واتای دانەیەکی تر لەخۆبگرێت وتیایدا بتوێتەوە، کە لەگەڵیدا ڕێکدەکەوێت، ئەمەش بەرەو خوێندنەوەو لێکدانەوەیەکی هەڵگوازراومان دەبات.[1] سەیری (١٤٧)و (١٤٨) بکە:

**١٤٧. گوڵاڵە سوورەکان لەو دەشتە لەگەڵ مناڵەکاندا سەمایان دەکرد.**

کاری ( **سەمایاندەکرد**) پێویستە بدرێتە پاڵ فرێزێکی ناوی کە خاوەنی فیچەری واتایی (+ مرۆڤ) بێ،یان بەلایەنی کەمەمەوە(+ گیاندار)بێ کەچی دراوەتە پاڵ ناوێك کە نیشانەی واتایی (+ ڕوەکیی) هەیە، لەبەر ئەوە گولاڵە سوورە واتای نیشانەی (+ مرۆڤ) هەڵدەگرێت، واتاکەی دەبێتە:

**١٤٨. سەماکەرەکان لەو دەشتە لەگەڵ مناڵەکاندا سەمایان دەکرد.**

جاکیندۆف گریمانەی وایە کە دەربڕاوی واتایی ناوێزە، میتافۆڕە، ئەگەر بێتوو لە یاسا ـ لادانەکە لە چوارچێوە تۆڕی تێگەیشتن و وێناکاری دابێت، کە دەوەستێتە سەر شێوازو مۆدێلی کەلتووریی زمانێکی دیاریکراو، ئەم تۆڕە لەسەر زنجیرەیەك هەمبەریی/بەرامبەریی(contrastive) کاردەکات، وەك هەمبەری نێوان کۆنکرێت/ئەبستراکت[2]. لە نموونەکانی (١٤٩، ١٥٠، ١٥١، ١٥٢) دا ، پشت بەستن بەو جووتەـ هەمبەریانە دیاریکردنی سیما واتاییە ناوەکیەکان پیشاندەدات بۆ هەریەك لە ڕۆڵی بابەتانەی وەك ناوی بەرجەستە/ واتایی.

**١٤٩.أ. ئاراس ژوورەکەی پاککردەوە لە پیسیی.**

**ب. ئاراس ڕەوشتی پاککردەوە لە پیسیی.**

**١٥٠.أ. مامۆستاکەم کتێبێکی گرنگی دامێ.**

**ب. مامۆستاکەم بیرۆکەیەکی گرنگی دامێ.**

**١٥١. أ. پارەکەی بە فیڕۆ دا.**

**ب. کاتەکەی بە فیڕۆ دا.**

**١٥٢.أ. سایە خوریەکەی شییکردەوە.**

**ب. سایە تیۆرەکەی شییکردەوە.**

---

(١) جۆن لایینز : (١٩٨٧ : ١٧٣ – ١٧٤)

(٢) صلاح الدين صالح الحسنين: (٢٠٠٥ : ١٤٠)

جاکیندۆف گریمانەی پێش ـ فەرهەنگیی ڕوونکردۆتەوە، بۆ هەر کردارێك دوو دەروازەی سەربەخۆی تایبەت کردووە[1]. بۆ نموونە بۆ کردری (چارەسەریکرد) دەروازەکان لە خشتەی(٤) دا ڕووندەکرێتەوە:

**چارەسەریکرد: لە ڕستەی (١٤٥) دا**

| دەروازەی ١ | دەروازەی ٢ |
|---|---|
| **چارەسەریکرد**<br>**+کردار**<br>**+ ـ + ف.ن١ +ف.ن٢**<br>**+ جێبەجێکار + باس**<br>**+ کۆنکرێت**<br>**+ بکەر +بەرکار**<br>**+ سیما دەنگییەکان** | **چارەسەریکرد**<br>**+کردار**<br>**+ ـ + ف.ن١ +ف.ن٢**<br>**+ جێبەجێکار + باس**<br>**ـ کۆنکرێت**<br>**+ بکەر +بەرکار**<br>**+ سیما دەنگییەکان** |

**خشتەی ژمارە (٤)**

ئەوەی کە ئەو دوو دەروازەیە پێکەوە گرێدەدات بریتیی یە لە یاساکانی پڕکردنەوەی واتایی ( Semantically filling rules )، باس لە دەروازەی یەکەمدا سیمای {+بەرجەستە/کۆنکرێت} لەخۆدەگرێت، بەڵام لە دەروازەی دووەمدا هەڵگری فیچەری {ـ بەرجەستە}یە.

ئەم گۆڕین و گواستنەوەیە (Transition) لە نیشانە واتاییەکاندا وەها لێکدەدرێتەوە کە میتافەڕە، بەو واتایەی کە بەرهەمهێنانی سیمانتیکیی بەرفراوانترین واتا دەگرێتەوە بەهۆی گۆڕین و گواستنەوەی نیشانەیەکی واتایی بە نیشانەیەکی تر، وەك ئەوەی سەرەوە.

جاکیندۆف ڕێگایەکی تری بەرهەمهێنانی مێتافەڕی زیادکرد، کە بریتیی بوو لە ناردن و گواستنەوە/ الاحالة (Referral)، وەك ناردن و گواستنەوەی فیچەری (بەرهەمهێنراو/product)/دیارخراو بۆ فیچەری (بەرهەمهێنەر/Producer )/دیارخەر.[2] نموونەکانی (١٥٣ و ١٥٤) ئەوە ڕووندەکەنەوە.

**١٥٣. أ. دیوانەکەی نالیم خوێندۆتەوە.**

**ب. نالیم خوێندۆتەوە.**

**١٥٤. أ. مامۆستا وتارەکەی چۆمسکی بۆ شییکردینەوە.**

**ب. مامۆستا چۆمسکی بۆ شییکردینەوە.**

---

(١) صلاح الدين صالح الحسنين: (٢٠٠٥ : ١٤٠)

(٢) حسام البهنساوي : (٢٠٠٣ : ٣٠)

له جۆرەكانی تری ئەم ناردن و گواستنەوانە، ناردن وگواستنەوەی نیشانەی واتایی (ناوەند/جێگا/ place) بۆ سیمای واتایی (ناوەرۆك/ تێدابوو/ content)، بە پێچەوانەشەوە، وەك نموونەكانی (١٥٥، ١٥٧,١٥٦) :

**١٥٥.أ. پەرداخە شیرەكەی ئاوەژووكردەوە.**

**ب. شیرەكەی ئاوەژووكردەوە.**

**١٥٦.أ. بە خوێندكارانی پۆلەكەم گووت، كە چاوەڕێی مامۆستا بكەن.**

**ب. بە پۆلەكەم گووت، كە چاوەڕێی مامۆستا بكەن.**

**١٥٧.أ. خەڵكی شارەكە پێشوازیان لە سەرۆك كرد.**

**ب. شارەكە پێشوازی لە سەرۆك كرد.**

یەكێكی تر لە ڕێگاكانی بەرهەمهێنانی مێتافەڕ لای جاكیندۆف بریتیی یە لەوەی كارێك/ كردارێك واتای كردارێكی تر بگرێتە خۆ، ئەمە بە گشتاندنی تەواوی/تێكرای كێڵگەكان/فیلدەكان( Cross fields generalized) ناسراوە. ئەم كارە پشكی هەیە لە گۆڕین وگواستنەوەی واتای كردارێك بۆ كردارێكی تر. دواجار دەبێتە هۆی فراوانبوونی واتای كردار، جاكیندۆف وای دەبینێ كە دەتوانرێت كردارە جێكەوتە شوێنیەكان دابەش بكرێت ـ ئەو كردارانەی كە خۆی لێكۆڵینەوەی لەبارەوە كردوون ـ بۆ دوو كێڵگەی بنەڕەتی(basic field)كە بریتین لە فیلدی (جووڵە) و (جێكەوتە/جێگیربوو)، هەریەك لەو فیلدانەشی كردووە بە چەند لقە كێڵگەی ترەوە، كێڵگەی (جووڵە)ی كردووە بە دوو لقە كێڵگە: ئەوانیش كێڵگەی(جوڵەی فیزیكیی/بەرجەستە/سروشتیی)، وەك: (گەشتی كرد، گەڕا، ڕۆیشت.....) و كێڵگەی(جووڵەی نافیزیكیی/نا سروشتیی/ئەبستراكتیی)، كە مەبەست پێی گۆڕین و گواستنەوەیە،كێڵگەی (گۆڕین و گواستنەوە)ی بۆ دوو لقە فیلدی تر دابەشكردووە ئەوانیش: ١)گواستنەوەی خاوەندارییەتی: وەك: (بەخشی، كڕی، فرۆشتی....)، ٢) گۆڕان: وەك (دەبێت ، بوو ......).

**هەروەها** فیلدی (جێكەوتە/جێگیربوو)ی دابەشكردووە بۆ دوو لقەـ كێڵگە، كە بریتین لە،١) كێڵگەی كردارە جێكەوتە فیزیاییەكان: وەك: (مایەوە، دانیشت، نیشتەوە،.........) و ٢) كێڵگەی كردارەكانی (شت ـ هەڵگرتن/Retention) یان خاوەنداریی/possession، وەك: (بردی، هەڵیگرت،........).[1]

كرداری(مایەوە) هەڵگری واتا و نیشانەی جێكەوتەی فیزیاییە، لە ڕستەی (١٥٨)دا، كاتێ بگوازرێتەوە بۆ فیلدی خاوەندارێتیی وەك لە ڕستەی (١٥٩)دا دیارە، واتای جیگیربوونی تەواو دەگەیەنێت:

**١٥٨. ئاسۆ لەماڵەوە مایەوە.**

**١٥٩. پارەكە لای ئاسۆ مایەوە.**

---

(١) صلاح الدين صالح الحسنين: (٢٠٠٥ : ١٤٢)

(لیچ Leech): پێی وایە کە مێتافەڕ بریتیی یە لە گواستەوەو گۆڕانی واتای وشەیەك بۆ گەیاندنی واتای وشەیەکی تر، دەڵێت: دووجۆر واتا گواستنەوە هەیە: خواستن (loaning/Borrow) و خوازە(Metaphor)، خواستن بە واتای بەکارهێنانی وشەیەك لە جیاتی وشەیەکی تر دێت، کە پەیوەندیەکی چەمکیی/ بیریی لە نێوانیاندا هەیە لەسەر بنچینەی ڕێکەوتنی کلتوریی قسە پێکەرانی زمانێکی دیاریکراو، پەیوەندیەکە پەیوەندییەکی لێکچوونیی یان نزیکیی یە.[1] بۆ وێنە، ئەگەر بگوترێت:

**١٦٠. ئاسۆ شێرە.** هەمبەر بەوە بگوترێت **١٦١. ئاسۆ ڕێوی یە.**

بەکارهێنانی وشەی (**شێرە**) بە واتای (ئازاو بە غیرەتە) دێت، وشەی (**ڕێوی یە**) بە واتای(ترسنۆکو بێ غیرەتە) دێت، لە مۆدی کلتووریی و ڕێکەوتنی نێوان قسەپێکەرانی زمانی کوردیدا، پەیوەندییەکی لێکچوون هەیە لە نێوان شێر و ئازایەتییدا، و لە نێوان ڕێوی و ترسنۆکییدا.

هەرچی خوازەیە واتا وشەیەك ئاماژە بە وشەیەکی تر بدات، پەیوەندی نێوانیان یەکێك لەمانەی خوارەوەیە:

١. شوێن ئاماژە بە شوێنگر بدات: لە نموونەی (١٦٢)دا (**پەرلەمان**) ئاماژەیە بۆ (**ئەندام**)ەکانی، مەبەست پێی ئەندامانی پەرلەمانە:

**١٦٢. پەرلەمان پرۆژەکەی ڕەتکردەوە.**

٢. دانراو/بەرهەم ئاماژە بە بەرهەمهێن/دانەر بدات: لە (١٦٣)دا (**گۆران**) ئاماژەیە بۆ یەکێك لە بەرهەمەکانی یان (**دیوانەکەی**):

**١٦٣. گۆرانم خوێندۆتەوە.**

٣.کەسایەتیەك ئاماژە بە سەردەمێك بدات: بەمەرجێك ئەو سەردەمەبێ کە کەسایەتیەکەی تێدا ژیاوە، لەنموونەی (١٦٤)، (**شێخ مەحموود**) ئاماژەیە بۆ سەردەمێك کە شێخ مەحموودی تێدا ژیاوە، کە مەبەست پێی ساڵانی فەرمانڕەوایی ناوبراوە.

**١٦٤. لە شێخ مەحموودەوە تا ئەمڕۆ سلێمانی ستەمی قبووڵ نەکردووە.**

٤. ناوەند ئاماژە بە ناواخنەکەی بکات :لە (١٦٥) دا (**پەرداخ**) واتای ناواخنەکەی دەگەیەنێت کە (**خواردنەوە**)یەکە

**١٦٥. پەرداخێکم خواردەوە.**

---

(١) حسام البهنساوي : (٢٠٠٣ : ٣٠ – ٣١)

# بەشی سێ یەم:

# پاری دووەم/

## بەشێک

## لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ئەم تیۆرە بوونەتەوە

## ٣/ ٢ . دیاترین ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی ئەم تیۆرە کراون:

ئەو ڕەخنانەی لەم ڕێبازە سیمانتیکییە گیران، و ئەوانەش کە ڕووبەڕووی ڕێبازی سیمانتیکی لێکدانەوە کرانەوە، بە گشتیی لە ئەنجامی ئەو شەڕە زمانەوانیەوە بوو، کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە نێوان ئەم دوو تیۆرەدا سەریهەڵدا و تا سەرەتای هەشتاکان بەردەوام بوو، بەشێك لە زمانەوانان بڕوایان وایە کە بە شکستخواردنی سیمانتیکی بەرهەمهێنان کۆتایی هات، لەوبارەیەوە (پاڵمەر١٩٨١) دەنوسێت:

**((گفتووگۆکانی نێوان ئەم دوو جۆرە سیمانتیکە لە ئێستادا نیمچە مردوو دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی هەردوو لایان وازیان لە بابەتەکانیان هێنا، لەگەڵ ئەوەشدا چۆمسکی بەردوامە و سورە لەسەر ئەوەی کە سینتاکس بابەتێکی سەربەخۆیە، پشت نابەستێ بە سیمانتیك. بەڵام سیمانتیکی بەرهەمهێنان شکستی خوارد لە هێنانە ناوەوەی سیمانتیك وەك بناغەی ڕێزمان. پێدەچێ ئەو بیروبۆچوونانەی کە لەبارەی ڕێزمانی شێوازبەندانەوە(Formal grammar) هاتنە ئاراوە زەنگی ئاگادارگرنەوەی ئەو شکستەیان لێدابێت.))**[١]

ڕەخنەکان زۆرتر ڕووبەڕووی مۆدێلەکەی مککاولی و لاکۆف و پۆستاڵ و هاوبیرەکانیان کرانەوە، زیاتر لە مۆدێلەکانی تری سەر بەم ڕێبازە، چونکە ئەوان هەوڵیان دەدا بەتەواوی تیۆرو ڕێبازەکانی تر ڕەتبکەنەوە، بە تایبەت تیۆرەکەی چۆمسکی بە گومانی ئەوەی گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر تیۆرە زمانیەکاندا دەهێنن، هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لە نێوان ڕێبازەکەی خۆیان و ئەوانی تردا بەدی نەدەکرد، هەوڵ دەدەین بەشێك لەو ڕەخنانە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

١. زۆر هەڵەیە پێمان وابێ کە تیۆرو ڕێبازێك سەری هەڵدا ئەوەی پێشخۆی دەسڕێتەوە، واتا ناکرێ لەو باوەڕەدا بین، کە سیمانتیکی بەرهەمهێنان لە باری نەبوونی تیۆرەکانی تردا دەبێتە واقیع و ئەوانی تر وەلادەنێت، لە هەمووشی هەڵە تر ئەوەیە کە پێمان وابێ تیۆری ڕاست و دروست ئەوەیە کە ئێستا لە ئارادابێ، لەبەرئەوە.[٢] ((ڕێبازی سیمانتیکی بەرهەمهێنان لەسەرەتا زۆر توندبوون لەسەر بۆچوونەکانیان و لایان وابوو هەوڵەکانیان هەرەس هێنانە بە بۆچوونەکانی چۆمسکی، بەڵام دواتر زیادەڕۆییەکەیخۆیان سەبارەت بە دابڕینی ڕێزمان و واتا کەمکردنەوە، دوا ئەوەی بینیان، کەوا جیاوازی ڕۆنانی ڕێزمانی ڕستە مەرج نییە جیاوازی واتایی بە دواوەبێ))[٣]

---

(١) أف. آر. بالمر : (١٩٨٥ : ١٤٢)

(٢)J.J.Katz : (1971 : 313)

(٣) سەباح ڕەشید قادر : (٢٠٠٩ : ١٠٣)

٢.كاتز له وتارێكدا له ژێر ناوی (سیمانتیكی بەرهەمهێنان سیمانتیكیی لێكدانەوەیە) ئەوە ڕوونده‌كاتەوە كە بنەماو پررنسیپی كاركردنی هەردوو ڕێبازەكە لێكچوونێكی ئاشكرای پێوە دیارە، كۆمەڵێك خاڵی لە لێكۆڵینەوەكانی لاكۆف و ئەوانی تر هێناوە، كە بە گومانی خۆیان داهێنانی سەر بە ڕێبازی واتاسازیی بەرهەمهێنانن، ئینجا دەریدەخات كە پێشتر ئەو بۆچوونانە لە ڕێبازی سیمانتیكی لێكدانەوەدا خراونەتە ڕوو ، بۆ نموونە یەكێك لەو لێكچوونانەی كە لایكۆف بە داهێنانی خۆیانی دەزانێت ئەوەیە : تیۆرەكەیان نواندنە واتاییەكان و نیشانە فرێزیە سینتاكسییەكان بە دوو بابەتی شێوازبەندانەی هاوشێوە لە قەڵەم دەدات، پاشان كاتز بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێت كە پێشتر لە سیمانتیكی لێكدانەوەدا ئەو بۆچوونە خراوەتە ڕوو، بۆیە كاتز سەر سوڕمانی خۆی نیشاندەدات و ئەوە ڕەتدەكاتەوە كە زمانەوانانی ئەو ڕێبازە ڕەخنەی ئەوە لە تیۆری ستاندارد دەگرن، گوایە نواندنە واتاییەكان و نیشانە فرێزیەكان وەك دوو بابەتی جیاواز سەیردەكەن. هەرچی جیاوازیەكانی نێوانیانە، زۆر ڕووكەشن ، بۆ ئەو مەبەستە كاتز بەڵگەو پاساوی زانستیی و تەكنیكی ورد دەخاتە ڕوو، پاشان دەڵێت: ((سیمانتیكی بەرهەمهێنان شتێك ناڵێت كە جیاوازتربێ لەوەی تیۆری ستاندارد، لەبارەی سروشتی زمانەوە دەڵێ، تەنها تێبینیكردن تێڕوانینێكی هەمەچەشنەو جیاواز لە بارەی تیۆری ستانداردەوە لێكدەدەنەوە )).[1]

٣. بەلای (مككاولی و پۆستاڵ) نواندنە واتاییەكانی ڕستە، بریتین لەو نیشانە فرێزیانەی، كەوا هەڵگواستنی ڕستە لە ڕێزماندا/ سینتاكسدا ئامادەدەكەن. ئەو نیشانە فرێزیانە فۆرمی ئەو هێڵكاریە درەختییە وەردەگرن/ دیاریدەكەن، بە شێوەیەك لەلایەكەوە گرێكانی كۆتایی(terminal nudes)ی درەختەكە لەگەڵ "نواندنە واتاییەكان" پێكەوە دەبەسترێنەوە، گرێ ناكۆتاییەكان(nonterminal nudes)یش نیشانە ستانداردەكانی وەك" NP" و "V" و "S"و ....هتد لە خۆ دەگرن. بڕوانە نموونەكەیان لە هێڵكاری(٢٣).


لایكۆف نواندنی واتایی وەك زنجیرەیەك وەردەگرێت كە پێك دێ لە((P1)،(PR)، (TOP)، (F)، (.......)، بە جۆرێك كە(PR) بریتییە لە بەستنەوەی گریمانەكانی پێشینە(Presuppositions) و (TOP) واتە سەرباس(Topic) لە ڕستەدا، هەرچی (F)ە مەبەست لێی تیشكۆیە (Focus) و ... چەن ئیلیمێنێكی تری نواندنە واتاییەكان دەگرێتە خۆ كە لەوانەیە پێویست بن.

(P1) بریتیە لە وەستان لەسەر نیشانە فرێزییەكانی هێڵكاری (٢٣) تا هەڵگواستنەكە ڕوو بدات/ دروست بێت. بەو پێیە ئاخاوتنی تەكنیكی لەشێوەی ئەو زنجیرەیەی سەرەوە، نابنە نیشانەی فرێزیی. بەم جۆرە لایكۆف لە ڕووی تەكنیكییەوە، پێچەوانەی بیروبۆچوونەكەی خۆی قسەدەكات كە دەڵێت: ((گەورەترین و گرنگترین داهێنانی سیمانتیكیی بەرهەمهێنان ئەوەیە كە "نواندنی واتایی و نیشانە فرێزیە سینتاكسیەكان" وەك چەند "بابەتێكی شێوازبەندانە(Formal objects)" لەقەڵەم دەدات.))[2]

(١) J.J.Katz : (1971 : 313)

(٢) هەمان سەرچاوە : ٣١٨

کاتز پێی وایە: لایکۆف پێناسەیەکی تازەی بۆ "نواندنی واتایی(Semantic representation)" نەکردووە، بەڵکو پەیوەندیە تووندوتۆڵەکەی نێوان چەمکی "نواندنە واتاییەکان" و"لێکدانەوەی واتایی(semantic interpretation)" ی ڕوونترکردۆتەوە کە لە سیمانتیکی لێکدانەوەدا باسکراوە.[1]




**جۆن هۆکاری ئەوەبوو کە بیلْ زیندوو نەبێت**

**هێڵکاری ژمارە (٢٣)**

**٤.** یەکێك لە ڕەخنەکانی زمانەوانانی سیمانتیکی لێکدانەوە ئەوەیە، کە ڕێبازی سیمانتیکی بەرهەمهێنان بەهیچ جۆرێك زانیاری و ڕوونکردنەوەیان نەداوە لەبارەی تایبەتمەندیە واتاییەکان لە ڕستەدا. بەڵکو بیروبۆچوونەکانی "کاتز"یان لەبارەی بەخشینی زانیاری واتایی لە دەرئەنجامی نواندنە واتاییەکان و پێناسەکانیدا بۆ تایبەتمەندیە واتاییەکان و پەیوەندیە واتاییەکان، سەرلەنوێ وەکو خۆی فەرمەلە کردووە.[2]

**٥.** لایەنگرانی سیمانتیکی لێکدانەوە پێیان وایە ،کە لەڕوانگەی سروشتی دارشتەی سیمانتیکییەوە، لە ناوەرۆك و جەوهەریاندا هاوشێوەن، بۆچوون بیرۆکەی سیمانتیکی بەرهەمهێنان لە بنەڕەتدا لەسەر–

---

(١) J.J.Katz : (1971 : 318)

(٢) حسام البهنساوي : (٢٠٠٣ : ٢٤)

سیمانتیکی لێکدانەوە بنیاتنراوە، کە بریتیە لەوەی : خوێندنەوە واتاییەکانی ڕستە، دروستەی شێوازبەندن و دەوڵەمەندی درەختی هێڵکاریەکە لە ڕووی واتاوە لەخۆدەگرن، هەروەها ئەو خوێندنەوانە بوارو مەودایەکی زۆر فراوانیان هەیە، تایبەتمەندی و پەیوەندیە سیمانتیکییەکان(semantic relation)ی تێدا پێ دیاریدەکرێت. هەردوو تیۆرەکە بریتین لە پرۆسەی پۆلێنکردنی دروستە شێوازبەندەکانی هەریەکە لەو "ڕەمزو سیمبۆل" انەی کە دەگەڕێنرێنەوە بۆ هەڵگرتنی نیشانە سیمانتیکییە جیاکەرەوە ڕاست و دروستەکان، و دوریاندەخاتەوە لەو دانە سیمانتیکیانەی کە لەگەڵیدا ناگونجێن، بەڵام ئەگەر بێتو ئەوە بسەلمێنرێت کە ئەو ڕەمز و سیمبۆلانە("ف.ن"، "ك. "، "ڕ" ....)،هەڵگری زانیاریی سیمانتیکین– وەك سیمانتیکی بەرهەمهێنان بانگەشەی بۆ دەکات–، ئەو کاتە پێویست دەکات کە سیمبۆڵی سینتاکسی نوێ بئاخنرێتە ناو نیشانە فرێزیە سینتاکسییەکانەوە.(١)

٦. بەڵگەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان لە بۆ جیاکردنەوەی لە تیۆری ستاندارد، لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانیاندا، بە بۆچوونی "کاتز" بەڵگەی بێ بنەمان. بۆ نموونە یەکێك لەو بەڵگانەیان ئەوەیە کە:

تیۆری ستاندارد نواندنی واتایی دەبەستێتەوە بە داڕشتەی دروستەی ڕووکەشی ڕستەکان لەڕێگەی ناوەندێك (intermediary)ەوە بۆ بەکارهێنانی زانیاریەکانی دروستەی قووڵی ڕستەکان و ئامرازەکانی یاسای پرۆژەسازدان، بەڵام سیمانتیکی بەرهەمهێنان پەیوەندیەکانی نێوان (دەنگ – واتا) بەبێ بەکارهێنانی ئەو ناوەندە دەخاتە ڕوو.

ئەوەی کە سیمانتیکی بەرهەمهێنان هیچ ناوەندێك بەکارناهێنێت ، بەڵگەیەکی ناڕاستە. هۆکاری ئەو بۆچوونە نادروستە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتە ناپەیەندارو ناپێویستانەی کە لە سنوری گواستنەوە لێکسیکیی و نا لێکسیکیەکاندا هەن.

"کاتز" پێی وایە کە پرۆسەی گواستنەوەی فەرهەنگی، بە شێوەیەك لە شێوەکان لە هەموو تیۆرێکدا جیاوازی هەیە، ئەم نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەو دوو تیۆرە جیاواز سەیر بکرێن.(٢)

لە هەردوو تیۆرەکەدا یاساکانی تێکردە فەرهەنگیەکان بریتین لە : هاوشانیی و وەکیەکی هەریەکە لە خوێندنەوە فەرهەنگییەکان و دانە فەرهەنگییەکان، تەنها ئەوەندە هەیە کە ئاراستەی کارکردنی یاساکە لە دوو تیۆرەکەدا پێچەوانەی یەکترن: بڕوانە هێڵکاری (٢٤ )، کە یاسای تێکردەی فەرهەنگین بۆ کرداری (*chase*)ی ئینگلیزیی:

*Chase,* [+ V, +______ NP,...] ⟷ {($_{I}$)}

هێڵکاری (٢٥) **(یاسای تێکردەی لێکسیکی)**

---

(١) J.J.Katz : (1971 : 313)

(٢) سەرچاوەی پێشوو: ٣٢٠ و دواتر

لەهەردوو تیۆرەکەدا یاساکە هەمان فۆڕمی هەیە ، مەگەر ئەوەی لە یەکێك لە تیۆرەکاندا بە ئاراستەیەکیان بەکار بهێنرێت و لەوی تریان بە ئاراستەی پێچەوانە. بەڵام یاساکە هەمان واقیعی زمانەوانی دەردەبڕێت.[(١)]

٧. یەکێك لەو ڕەخنانەی کە بەردەوام ئاراستەی سیمانتیکی بەرهەمهێنان کراوە ئەوەیە، کە زمانەوانانی سەر بەم تیۆرە بەشێکی گەورەی کەیسەکەی خۆیان لەسەر دژایەتی کردنی تیۆری ستاندارد و ستانداردی فراوانکراو، هەروەها لەسەر گریمانەکەی لایکۆف بنیاتناوە. بە جۆرێك هەموو دژایەتیەکیان بۆسەر ئەو تیۆرەیە کە دەڵێت ئاستێکی قووڵی سینتاکسیی لە ئارادا هەیە، ئەمەش تا ئێستا لەسەر ئاستێکی بەرفراوان پشتگیریی کراوە بەهۆ بەڵگەو سەلماندنە بەهێزەکانی، لەبەر ئەوە بەشێکی زۆر لە زمانەوانان بڕوایان وایە کە گریمانەی ڕێبازەکەیان لە بنەڕەتدا هەڵەیە.[(٢)]

٨. (پالمەر ١٩٩٥) چەند ڕەخنەیەك بۆچوونەکانی سیمانتیکی بەرهەمهێنان دەگرێت و دەڵێت: ئەگەر سەیری دروستەی سیمانتیکیی بکەین، دەبینین لاری لە هەبوونی دروستەی قووڵی تایبەت بە سینتاکس نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، دروستە واتاییەکە بەرەو لێکدانەوەی سیمانتیکی دروستەی قووڵمان دەبات. ئەمەش ئەو هێڵەیە کە هەردوو ڕێزمانی بەرهەمهێنان و ڕێزمانی دۆخی فیلمۆر بەیەك دەگەیەنێت، ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێزمانی بارو حاڵەتی فیلمۆر وەك تیۆرێکی سیمانتیکی ناسراوە، ئەوەندە بەسە بۆ وەڵامدانەوەیان، چونکە تیۆرەکەی فیلمۆر لەگەڵ هەموو جیاوازیەکانیدا لەگەڵ ڕێزمانی چۆمسکی، بیرۆکەی وابەستەبونی دروستەی قووڵ بە سینتاکس تێیدا هەروەك خۆی ماوەتەوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندیەکانی دۆخ، کار بە پێوەرە تایبەتیەکانی سینتاکس دەکەن، نەك سیمانتیکی ڕستە.

هەروەها زۆر جار هەندێ لە ڕێگەچارەکانی دروستەی قووڵ فەرامۆش دەکەین، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك (١٦٦ ی مککاولی ١٩٦٨)دا بەستنەوە(conjoining) بە چارەسەرێکی ڕازیکەر نازانرێت، لەو ڕستانەی زمانی ئینگلیزیدا، کە وشەی (respective/ تایبەت بە خۆیان) یان تێدایە. ئەمە بوار و بەرفراوانی دروستەی قووڵ تەسکدەکاتەوە، بەڵام ئینکاری لە بوونی دروستەی قووڵ ناکات.

ئەگەرچی چۆمسکی گۆڕانی بەسەر مۆدێلەکەدا هێنا بە جۆرێك، کە لە دروستەی ڕووکەشدا ئەوجۆرە ڕستانە لێکبدرێنەوە ، کە بە قرتاندن جێگۆرکێی فرێزە ئاوەڵکاریەکان واتاکانیان گۆڕانی بەسەردا دێت.[(٣)] بڕوانە (٢ / ١ . ٥ . ٢) ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

**166. John and Bill love their respective wifes.**

واتە : جۆن و بێڵ ژنەکانی خۆیان خۆش دەوێت.

(١) J.J.Katz : (1971 : 320)

(٢) أف. آر. بالمر : (١٩٨٥ : ١٤١ – ١٤٢ )

(٣) أف. آر. بالمر : (١٩٩٥ : ٢٣٢)

# كورتە و ئەنجام

# کورتەو ئەنجام

ئەم نامەیە بە گشتی ناساندنی هەردوو تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوەو بەرهەمهێنانە، بە شێوەیەکی بەرفراوان هەوڵی ناسین و ناساندنی هەردوو تیۆرەکەمانداوە، هەوڵمانداوە بە پێی گونجان و نەگونجانی بیرۆکە و میکانیزمی تیۆرەکە لە گەڵ زمانی کوردییدا بە نموونەی ڕستەی کوردی بخەینە ڕوو. ئەو ئەنجامانەش کە لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکە پێیگەیشتین، لەم چەند خاڵەدا دەیخەینە ڕوو:

١. لە ئەنجامی ئەو هەمورکردنانەی کە بەسەر تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوەدا هاتووە، سێ جۆر سیمانتیکی لێکدانەوە بە دیدەکەین ، کە هەریەکەیان چەمك و بۆچوونی جیاوازی خۆیان هەیە. تێبینی دەکەین لەو نموونانەی کە بۆ پاسادان هێنراونەتەوە لە لێکۆڵینەوەکەدا، جۆری یەکەمی سیمانتیکی لێکدانەوە لەگەڵ بەشێکی کەرەسەو ڕستەکانی زمانی کردیدا دەگونجێن و لە لێکدانەوەی واتای هەندێ ڕستەشدا لەبەر ئەوەی دروستەی ڕووکەشیان جیاوازە لە دروستەی قووڵیان، بۆیە وەها دەردەکەوێت کە گونجاو نەبێت.

٢. جۆری دووەمی سیمانتیکی لێکدانەوە باشترین جۆری لێکدانەوەی واتاییە بۆ ڕستەی کوردی ئەوەش بە بەڵگەی ڕستە پاساودراوەتەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە ئەم جۆرەی تیۆرەکە دروستەیەکی نێوانگیری لە نێوان هەردوو دروستەی قووڵ و ڕووکەشدا دیاریدەکات کە لە توانایدایە گۆڕان بەسەر واتای ڕستەدا بهێنێت. تیۆرەکە لە هەوڵی شیکردنەوەی ئەو دیاردە جیاوازانە دایە کە لە کاتی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە گۆڕان بەسەر واتای ڕستەدا دەهێنن.

٣. جۆری سێیەمی تیۆری سیمانتیکی لێکدانەوە گونجاو نیە بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستەی کوردی، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە دروستەی قووڵی ڕستەدا یاساکانی تێکردەی لێکسیکی هەن کە جێکەوتەکانی قاڵبی ڕستە پڕدەکەنەوە، هەروەها یاساکانی جێگۆڕکێی دانە فەرهەنگیەکانیش دەبنەهۆی ئەوەی کە ڕستە ئاستی ڕووکەشی جیاوازبێت لە ئاستە قووڵەکەی، لە زمانی کوردیدا جێگۆڕکێکان شوێنەوار بەجێناهێلن تا بەهۆیەوە لێکدانەوەی سیمانتیکی گەنجاوی بۆ ئەنجام بدرێت، بۆیە ئەم جۆرەیان لە واتاسازیی لێکدانەوە لەگەڵ ڕستەی کوردیدا ناگونجێت.

٤. پۆلێنکردنی کردار لە سیمانتیکی بەرهەمهێناندا ، یاساکانی سەراپایی و جیهانین، بۆیە لەگەڵ کردارەکانی زمانی کوردییدا دێنەوە، بە پێی ئەو پۆلێنە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێ لە شیکردنەوەی سیمانتیکی ڕستەدا . دەکرێت ئەمە لە کارەکانی داهاتوودا بکرێت بە بابەت لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی گەورەتردا بە فراوانی لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت.

# لیستی سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


- پەروین عوسمان مستەفا عەللاف . (٢٠٠٩) . **واتاو وەرگێڕان (لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە)** . دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی/ چاپخانەی ڕۆژهەلاّت . چاپی یەکەم . هەولێر
- حاتەم ولیا محمد . (٢٠٠٩) . **پەیوەندیە ڕۆنلنیەکانی نواندنە سینتاکسییەکان** . دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی/ چاپخانەی خانی . چاپی یەکەم . دهۆك
- سەباح ڕەشید قادر .(٢٠٠٩) . **هەندێك لایەنی ڕێزمانی دەسەلاّت و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا** . ئەکادیمیای کوردی بۆ چاپ و بلاّوکردنەوە/چاپخانەی حاجی هاشم . هەولێر.
- شێرزاد سەبری عەلی . (٢٠١١) . **واتا دناڤبەرا سیمانتیك و پراگماتیکێدا** . چاپا ئێکێ ئاڤاهیێ سپیرێز ژبۆ چاپ و بەلاڤکرنێ/ چاپخانا خانی . دهۆك.
- عبدالجبار مصطفی معروف . (٢٠١٠) . **دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا** . مەڵبەندی کوردۆلۆجی.سلێمانی
- عەبدولواحید موشیر دزەیی . ( ٢٠٠٩ ) . **واتاسازی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە)** . چاپخانەی خانی . چاپی یەکەم . هەولێر.
- عەبدولواحید موشیر دزەیی . ( ٢٠١٠ ) . **واتاسازی وشە و ڕستە** . چاپخانەی ڕۆژهەلاّت . هەولێر
- فاروق عومەر سدیق . (٢٠١١) . **لەدایکبوونی وشە** . چاپی یەکەم . چاپخانەی شڤان . سلێمانی .
- کاروان عومەر قادر. (٢٠٠٨) . **ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا** . مەڵبەندی کوردۆلۆجی / چاپخانەی تیشك . چاپی یەکەم . سلێمانی
- کلۆد جێرمان، ڕیمۆن لۆبلان . (٢٠٠٦) . **واتاسازیی** . و. د.یوسف شریف سعید . دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریانی . چاپی یەکەم . هەولێر
- کۆرش سەفەوی .(٢٠٠٦). **چەند لایەنێکی واتاسازی** . و. دلێر صادق کانەبی . چاپی یەکەم . دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی/ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە . هەولێر
- محەمەدی مەحوی . ( ٢٠٠١ ) . **ڕستەسازیی کوردیی** . زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی
- محەمەدی مەحوی . ( ٢٠٠١ ) . **زمان و زانستی زمان سەرەتایەك بۆ زانستی زمان** . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی
- محەمەدی مەحوی . ( ٢٠٠٦ ) . **ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەرۆك – وابەستە** . چاپخانەی زانکۆی سلێمانی . سلێمانی
- محەمەدی مەحوی . (٢٠٠٩) . **زانستی هێما، هێما، واتا و واتالێکدانەوە** . چاپخانەی زانکۆی سلێمانی . بەرگی یەکەم . چاپی یەکەم . سلێمانی.

- محەمەدی مەحوی . (٢٠٠٩) . **زانستی هێما، هێما، واتا و واتالێکدانەوە** . چاپخانەی زانکۆی سلێمانی . بەرگی دووەم . چاپی یەکەم . سلێمانی.
- محەمەد مەعروف فتاح .( ١٩٩٠ ) . **زمانەوانی** . زانکۆی سەلاّحەدین. هەولێر .
- محەمەد مەعروف فتاح . (٢٠١٠) . **لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان** . چاپخانەی ڕۆژهەلاّت . هەولێر .
- هـ. د. ویدۆوسن . (٢٠٠٨) . **سەرەتایەك بۆ زمانەوانی** . و. هۆشەنگ فاروق .چاپخانەی خانی . چاپی یەکەم . دهۆك.
- وریا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٩) . **ئاسۆیەکی تری زمانەوانی** . دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس . هەولێر.
- یوسف شریف سعید . (٢٠٠٩) . **دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕسەسازیی کوردی** . ئەکادیمیای کوردی بۆ چاپ و بلاّوکردنەوە/چاپخانەی حاجی هاشم . هەولێر.


## نامەی ئەکادیمی بلاّونەکراوە :


- ئاڤێستا کەمال محمود . (٢٠١٢) . **پرۆسە سایکولوجیەکان لە زمانی کوردیدا** . نامەی دکتۆرا . فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان / سکولّی زمان . زانکۆی سلێمانی.
- بەکر عومەر عەلی . ( ٢٠٠٠) . **میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە** . نامەی دکتورا . کۆلێژی زمان . زانکۆی سلێمانی .
- دیار علی کمال کریم . (٢٠٠٢) . **ڕێزمانی کوردی : ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان گوێزانەوە** . نامەی ماستەر .کۆلێژی پەروەردە . زانکۆی سەلاحەدین.
- شیروان حسێن حمد . (٢٠١٠) . **تێروانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا** . نامەی ماستەر . کۆلێژی زمان . زانکۆی سلێمانی.
- شیلان عومەر حسەین .( ٢٠١١ ) . **پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا** . نامەی دکتورا . کۆلێژی زمان . زانکۆی سلێمانی.
- فەرهاد توفیق حسن .( ٢٠١٠). **پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا** . نامەی ماستەر . کولێژی زمان . زانکۆی سلێمانی.
- کاروان عومەر قادر .(٢٠١٠) . **فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا** . نامەی دکتورا . کولیژی زمان . زانکۆی سلێمانی.
- هەمزە حسین حمە .( ٢٠١١) . **واتای تەمومژی لە زمانی کوردیدا** . نامەی ماستەر . زانکۆی کۆیە .
- هۆگر مەحموود فەرەج . ( ٢٠٠٠) **پراگماتیك و واتای نیشانەکان** . نامەی دکتورا . کۆلێزی زمان . زانکۆی سلێمانی .

# موحازەراتی خوێندنی باڵا:


- فاروق عمر صديق . (٢٠١١ –٢٠١٢). **موحازەراتی خوێندنی باڵا / ماستەر** . كولێژى زمان . زانكۆى سلێمانى.


# سەرچاوەكان بە زمانى عەرەبى:


- أحمد مختار عمر . (١٩٩٨) . **علم الدلاله** . عالم الكتب للنشر و الطباعة . الطبعة الخامسة . القاهرة
- أف. آر. بالمير . (١٩٩٥) . **علم الدلالة (اطار جديد)** . ت. صبري ابراهيم سيد . دار المعريفة الجامعية . اسكندرية.
- أف. آر. بالمير . (١٩٨٥) . **علم الدلالة** . ت. مجيد الماشطة . مطبعة العمال المركزية. جامعة المستنصرية. بغداد.
- جورج مونان . (١٩٨١) . **تأريخ علم اللغة منذ نشأتها حتى القرن العشرين** . ت. بدرالدين قاسم . طبعة جامعة حلب . حلب.
- جون لايينز. (١٩٨٧) **. اللغة و المعنى و السياق**. ت. عباس صادق الوهاب . دار الشؤون الثقافية العامة "افاق العربية" . طبعة الاولى . بغداد .
- جون لايينز . (١٩٨٥) . **نظرية جومسكي اللغوية** . ت. حلمي خليل . طبعة الاولى . دار المعاريف الجامعية للطباعة و النشر . اسكندرية.
- حسام البهنساوي . (٢٠٠٣) . **التوليد الدلالي** . الطبعة الاولى . مكتبة زهراء الشرق للنشر و الطباعة . القاهرة.
- صلاح الدين صالح حسنين . (٢٠٠٥) . **الدلالة و النحو** . مكتبة الاداب للطباعة و النشر والتوزيع. طبعة الاولى . القاهرة .
- عادل فاخور . (١٩٩٤) . **علم الدلالة عند العرب (دراسة مقارنة مع السيمياء الحديثة)** . دار الطليعة للطباعة و النشر . بيروت .
- عبالقادر ابو شريفة، حسين لافي ، داود غطاشة . (١٩٨٩) . **علم الدلالة و المعجم العربي** . دار الفكر للنشر و التوزيع . عمان .
- عبدالمجيد جحفة . (٢٠٠٠). **مدخل الى دلالة الحديثة** . دار توبقال للنشر . طبعة الاولى . مغرب .
- فائز الداية . (١٩٩٦) . **علم الدلالة العربي (النظرية والتطبيق)** . طبعة الثانية . دار الفكر للنشر و الطباعة . دمشق.

- فردينان دي سوسور .(١٩٨٥). **علم اللغة العام** . ت. يوئيل يوسف عزيز . دار الافاق العربية . بغداد.
- مازن الوعر. (٢٠٠١) . **دراسات نحوية ودلالية وفلسفية في ضوء اللسانيات المعاصرة** . دار المتنبي للطباعة والنشر . طبعة الاولى . دمشق .
- مازن الوعر. (١٩٨٧) . **نحو نظرية لسانية عربية حديثة لتحليل التراكيب الاساسية في اللغة العربية** . دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر . طبعة الاولى . دمشق.
- محمد حماسة عبداللطيف . (٢٠٠٠) . **النحو و الدلالة (مدخل لدراسة معنى النحوي– الدلالي)** . دار الشروق للنشر . طبعة الاولى . القاهرة.
- محمد محمد يونس علي . (٢٠٠٧) . **المعني و ضلال المعني (انظمة الدلالة في العربية)** . طبعة الثانية . دار المدار الاسلامي . طرابلس
- محمد منذر عياش . (١٩٨٣) . **القواعد التوليدية والنحو العربي** . دار الانبار للطباعه والنشر . طبعة الاولى . الانبار .
- محمود حسن جاسم . (٢٠٠٩) **المعنى وبناء القواعد النحوية** . مجلة جامعة دمشق . مجلد الاول + الثاني . ص٦٧–١٠٧.
- محمود السعران . (١٩٦٢) . **علم اللغة – مقدمة للقارىء العربي** . دار النهضة العربية للطباعة و النشر . بيروت .
- محمود فهمي الحجازي . (بدون التأريخ) . **مدخل الى علم اللغة** . دار قباء للطباعة والنشر و التوزيع . طبعة الثانية(مزيدة و منقحة) . القاهرة .
- منقور عبدالجليل . (٢٠٠١) . **علم الدلالة (أصوله و مباحثه في التراث العربي)** . مطبعة اتحاد كتاب العرب . دمشق .
- ميشال زكريا . (١٩٨٥) . **مباحث في النظرية الألسنية و تعليم الغة** . مؤسسة الجامعية للدراسات و النشر . طبعة الثانية . بيروت
- ميشال زكريا . (١٩٨٦) . **الالسنية التوليدية والتحويلية و قواعد اللغة العربية (جملة بسيطة)** . طبعة الثانية . المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع . بيروت
- نعمان بو قرة . (٢٠٠٣) . **مدارس لسانية المعاصرة** . مكتبة الاداب للنشر و التوزيع . طبعة الاولى . قاهرة .
- يسري صاوي . (٢٠٠٦) . **الدلالة التركيبية بين النحاة العرب و التوليدين التحويلين** . مجلة: وحدة المتطلبات الجامعية العامة . مجلد الثاني.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی :


- Akmajian, Adrian, Richard Demers, Ann Farmer, and Robert Harnish (1995) . **Linguistics: an introduction to language and communication**, 4th edition. Cambridge: MIT Press.
- Allan, Keith (1986) . **Linguistic Meaning, Volume One** . New York: Routledge & Kegan Paul.
- Barbara H. Partee : (2011) . **Formal semantics(ORIGINS, ISSUES, EARLY IMPACT)** . The Baltic International Yearbook of Cognition, Logic and Communication. Volume 6 . pages 1-52
- Bos E. P. (1997). **Speaking about signs. Fourteenth-century views on supposition materialis** . Amsterdam.
- Cappelen, H. and E. Lepore. (2005). **Insensitive Semantics**. Oxford . Blackwell.
- Chomsky. N. (2002) . **Syntactic Structures** . Mouton de Gruyter Second Edition With an Introduction by David W. Lightfoot . Berlin , New York .
- Chomsky. N. (1965). **Aspects of the Theory of Syntax**. Cambridge: MIT Press.
- George lakoff . (1969) . **on generative semantics** . Cambridge university press . London .
- Gottlob Frege. (2009) . **on sense and reference (excerpt)** . Darragh Byrne and Max Kölbel . Arguing about Language . London: Routledge, pp. 49–55.
- Isidora Stojanovic. (2009) . **Semantic Content** . Version 1. Paris . France Institute Jean – Nicod.
- Katz, Jerrold J. & Fodor, Jerry A. (1963). **The structure of a semantic theory**. Linguistic Society of America . Language, Vol. 39, No. 2 (pp. 170– 210). Cambridge.
- Katz, Jerrold J. & Postal, Paul M. (1964). **An integrated theory of linguistic descriptions**. Cambridge, MA: MIT Press.
- Katz, J. J. (2004) . **Sense, reference, and philosophy**. Linguistic Inquiry. Vol. 2, No. 3, pp. 313-331. Cambridge. MIT Press.
- Katz, J. J. (1971) . **Generative semantics Is Interpretive semantics**. New York . Oxford University Press.
- Marantz, A.P. (1980) . **on the nature of grammatical relation** . thesis of doctor of philosophy . massachusetts institute of technology.

- Meier-Oeser S. (2003). "**Medieval Semiotics**", The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Winter2003 Edition). Stanford
- McCawley, James D. (Ed.). (1976). **Syntax and semantics 7**: Notes from the linguistic underground. New York: Academic Press.
- Peter Pagin . (2008) **. Compositionality** . Stockholm . Stockholm University press .
- Reinhard Muskens .( 2009). **The Logic of Sense and Reference** . Tilburg Center for Logic and Philosophy of Science (TiLPS) . ESSLLI.
- Wolfgang carl . (1994) .**Frege's theory of sense and reference (its origins and scope)** . Cambridge . Cambridge university press.


## سەرچاوە / پێگە و ماڵپەڕی ئینتەرنێتی:


- http://plato.stanford.edu/entries/compositionality/
- http://plato.stanford.edu/entries/logic-intensional/

# ملخص الرسالة


هذه الرسالة تخص دراسة نظريتين لعلم الدلالات الحديثة  في النحو التوليدي التحويلي، والتي اظهرا بأسم الدلالة التفسيرية و الآخر بأسم الدلالة التوليدية وو حاولنا تطبيقهما في اللغة الكردية، و يحتوي الدراسة، ثلاثة فصول اضافة الي المقدمة و الاستنتاجات الحاصلة اثناء هذا البحث، وكل فصل من الفصول يتضمن قسمين كالتالي:

في القسم الاول من الفصل الاول، الذي تحت عنوان (**التأملات العامة في علم الدلالة في ضوء نظريات علم الدلالات الحديثة**)  يتم فيها البحث المعنى و ابعاده المعقدة و تعدد معنى المعنى ، ثم دراسة دلالة الكلمة و دلالة الجملة، ثم يتم البحث عن العلاقة بين الدلالة و النحو، وبعدها  نقدم الاليات التي تعتمد علم الدلالة  عليه في تفسير دلالة الجملة، وفي ختام هذا القسم نشرح  وظائف علم الدلالة. و القسم الثاني من هذا الفصل بعنوان ( **الخلفيات الفلسفية و المنطقية وراء نظريات العلم الدلالة الشكلية** )، الذي بحثنا فيه ، البحث عن المعنى عند الفلاسفة اليونان و الهند و في العصور الوسطى، ثم يتم البحث عن المنطق في قرن التاسع عشر، ونقدم نموذجين في منطق الدلالة و الرياضيات وهما (جورج بول ودي مورغان) من ناحية و (فريجة) من ناحية اخرى. وبعد ذلك نشرح نشأة و تطور علم الدلالة و تـأثيراتها في علم الدلالة الحديثة.

وفي القسم الاول من الفصل الثاني و الذي تحت عنوان (**علم الدلالة التفسيرية**)، نقدم فيها ملخص عن ظهور هذه النظرية، وبعد ذلك نقدم الفكرة الاساسية للنظرية و اهدافها، ثم نقدم المبادئ النظرية و من بينها "مبدأ المنطق التكوينية"، ثم يتم البحث عن قواعد تحديد و تفسير الدلالية للجملة، و بعدها نقدم المراحل التي تجتاز بها الدلالة التفسيرية. وفي قسم الثاني من هذا الفصل قدمنا (**الانتقادات التي واجهها الدلالة التفسيرية** ).

والفصل الثالث من هذه الرسالة يتضمن قسمين، القسم الاول تحت عنوان ( **الدلالة التوليدية** )، يتم فيها البحث عن المفهوم التوليد الدلالي، وبعد ذلك قدمنا ملخص عن ظهور الدلالة التوليدية، ثم نقدم الفكرة الاساسية للنظرية و اهدافها، و من بعد ذلك نشرح مكونات وآليات المعالجة في هذة النظرية، ثم نطرح المبادئ النظرية التي اسس عليه النظرية التوليدية، ثم تتم البحث عن تصنيف الافعال في هذه النظرية، ثم نقدم ادق و اهم انواع تصنيف الفعل في النظرية، ثم نأتي ببعض النماذج في الدلالة التوليدية، و من الضروري ان نشرح الشذوذ الدلالي في كلتا النظريتين. و في القسم الثاني نقدم ( **الانتقادات التي تواجهها الدلالة التوليدية**).

# ABSTRACT

This thesis which is entitled " Interpretative Semantics and Generative Semantics in Kurdish language " it is interested in studying the theory of semantics in generative transformational grammar, and their applications in Kurdish language, and the study contains three chapters in addition to the introduction and conclusions occurring during this search, each chapter includes two sections explained below:

In the first section of the first chapter, which is titled (general meditations in semantics under the light of modern theories of semantics) are the search meaning and complex dimensions of meaning, and polysemy of sense, and then study the semantics of the word and sentence semantics, and then, are searched about the relationship between semantics and grammar, and late provide the mechanisms that depend upon semantics to interpret the semantics the sentence, at the end of this section explain the functions of semantics. And section two of this chapter entitled (philosophical and logical backgrounds behind theories (formal semantics), which offers them, the search for meaning among philosophers Greek and India and in the Middle Ages, and is search for logic in the nineteenth century, and offer two models in the logic semantics and mathematics and namely (George Boole and De Morgan) on the one hand and (Frege), on the other hand. then explain the genesis and evolution of semantics and impact of modern semantics.

The first section of second chapter, which under the title of (interpretive semantics) and offer them a summary of the appearance of this theory, and then offer the basic idea of the theory and its goals, and then offer principle of this theory and including logic (Compositionality), and is search for selection rules for semantic interpretations of the phrase and sentence, and later offer the stages that the interpretive semantics Experienced. In section two of this chapter we introduced (the criticism that faced interpretive semantics).

The third chapter of this thesis contains two section, the first section under the title (generative semantics), is where the search for concept of semantic generation, and then we made a sincere appearing generative semantics, and then offer the basic idea of the theory and its goals, and from then explain the components and mechanisms of treatment this theory, then ask the theoretical essentials upon which the foundations of the theory of generative semantics, is then search for classification of the verbs in this theory, and then offer the most accurate and most important types of classification of verbs in this theory, and then we come to some models in generative semantics, and it is necessary to explain anomalies in semantic in both theories. And in section two offered (which is facing criticism generative semantics).